# ڕۆژنامە

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 560 سێشەممە 15/ 12/ 2009 نرخ 750 دینار No.560 Tue 15/ 12/ 2009


٢

UN: **پێشێلکاریی مەترسیدار لە گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون**

٩



قادر عەزیز: **پێش ٢٥ی تەمموز هیچ لایەنێک لە کوردستان ئۆپۆزسیۆن نەبووە**

# پڕۆژەکەی تاڵەبانی شکستیهێنا



**ڕۆژنامە**

ساڵێک بەسەر دەرچوونی پڕۆژەکەی جەلال تاڵەبانی کە تایبەتبوو بەئەنجامدانی چاکسازیی‌و جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت تێپەڕی، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەوەی لەواقیعی سیاسیی‌و ئیداریی هەرێمی کوردستاندا دەخوێندرێتەوە، ئەو پڕۆژەیە نەک نەیتوانیوە سنوورێک بۆ تێکەڵیی ئەو دوو دەسەڵاتە دابنێت، بەڵکو وەک پەرلەمانتارێکی کوردستان دەڵێت: «دەستێوەردانی حیزبیی لە کاروباری حکومەت زیادکردووە».

ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٨ جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشمانیی کوردستان، پڕۆژەی چاکسازیی‌و ڕێکخستنەوەی کاروباری حکومەت‌و حیزبی لەکۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیدا خستەڕوو، هەمان ڕۆژیش پڕۆژەکە پەسەندکراو بڵاوکرایەوە.

د.جەعفەر عەلی ئەندامی فراکسیۆنی گۆران لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕۆژنامە) وتی: «پڕۆژەکەی تاڵەبانی بۆ جیاکردنەوەی حیزب لەحکومەت حاڵەتێکی دڵخۆشکەر بوو، بەڵام ئەوەی لەدوای پڕۆژەکەوە بینراو وەکو هەموو ئەو لێدوانانەی کە چەند ساڵێکە لەهەرێمدا باس لەجیاکردنەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە دەکەن، تەواو پێچەوانە بوو».

وتیشی: «خەڵکی هەرێمی کوردستان چیتر بڕوا بەو دروشم‌و پڕۆژانە ناکەن، چونکە لەواقیعدا ئەو دوو هێزە نیەتی جیاکردنەوەی ئەو دوو دەسەڵاتەیان نییە، هەربۆیە ئەو پڕۆژەیە نەک جێبەجێنەکرا، بەڵکو دەستێوەردانی حیزبیشی لەناوەندە حکومییەکان زیادکردووە».


**لە ل٣دا ڕاپۆرتێک لەوبارەیەوە بڵاوکراوەتەوە**


## د. ڕەفیق سابیر: هیچ شتێک هێندەی گەندەڵی مەترسی بۆ سەر کوردستان دروستنەکردووە

**ڕۆژنامە**

د.ڕەفیق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، باس لە زۆریی گەندەڵیی‌و پێویستیی دامەزراندنی دەستەیەکی نەزاهەی سەربەخۆ دەکات بۆ لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران‌و دەڵێت «هیچ شتێک هێندەی گەندەڵیی هەڕەشەی بۆ سەر کوردستان دروستنەکردووە‌و گەندەڵیی چارەنووسی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی خستووەتە مەترسییەوە».

د. ڕەفیق، لە دیدارێکی ڕۆژنامەدا کە لە لاپەڕە ١٤دا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بە گرنگیی یەکخستنەوەی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی دەکات‌و ڕوونیدەکاتەوە کە بەپێی ئەو یاسایەی ساڵی ڕابردوو بڕیاری لەسەر دراوە، دیوانی چاودێرییەکان دەبێت یەکبخرێنەوە‌و سەرۆکێکی گشتیی دابنرێت بۆ دیوانی چاودێریی لە هەرێمی کوردستاندا «نەک سلێمانی بەجیاو هەولێرو شوێنەکانی دیکە بەجیا کارەکانی خۆیان بکەن».

وتیشی: «پێمانوایە ئەگەر ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی نەخرێنە بەردەمی هەموو ئەندام پەرلەمانەکان، گرنگە بخرێتە بەردەم لیژنەی نەزاهە‌و لیژنە پەیوەندیدارەکان‌و پێویستە ئاگاداری ئەو ڕاپۆرتانە بین».

## ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانیی: یاسای هەڵبژاردنەکان لە زیانی کوردە

**ڕۆژنامە**

پشتیوان ئەحمەد ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوایە؛ هەمواری یاسای هەڵبژاردن زۆر کرچوکاڵە‌و لە بەرژەوەندیی عەرەب‌و زیانی کوردە، هەروەک ڕەخنە لە هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد دەگرێت، کە هەڕەشەی هەڵوێستوەرگرتنیان کردووە‌و دواتریش لێی پاشگەزبوونەتەوە، ئەمەش بەوە پێناسە دەکات، کە «ئێستا سەرکردایەتی کورد لەسەر زەوییەکی قایم نەوەستاون».

لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدا، کە دەقەکەی لە لاپەڕە (٨)دا بڵاوکراوەتەوە پشتیوان ئەحمەد ئاماژە بەوە دەدات، کە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی کۆشکی سپی باسی لە هەردوو مادەی (١٤٠)و (١٤٢)ی دەستوور کردووە، کە گرەنتییەکان سفر دەکاتەوە‌و دەشڵێت: «لە ڕووی سیاسییەوە شیعە‌و سوننە لە کورد سەرکەوتووتر بوون لە ئیدارەکردنی دانوستانەکانی دۆسیەی یاسای هەڵبژاردن، ئێمە زیاتر بە کێشەی کەرکوک کاسکراین».

## یەکێتی دەستوەردەداتە کاری تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە

١٦




ژمـارە (560) سێشەممە 2009/12/15
hewal.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

# بۆچی پرۆژەکەی تاڵەبانی شکستیهێنا؟

**رۆژنامە**

ساڵێک بەسەر دەرچوونی پرۆژەکەی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی، کە تایبەت بوو بە چاکسازیی‌و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی حیزب‌و حکومەت، تێدەپەڕێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوەی لە واقیعی سیاسیی‌و ئیداریی هەرێمی کوردستاندا دەخوێندرێتەوە، ئەو پرۆژەیە نەک نەیتوانیوە سنوورێک بۆ تێکەڵیی ئەو دوو دەسەڵاتە دابنێت، بەڵکو وەک پەرلەمانتارێکی کوردستان دەڵێت: «دەستێوەردانی حیزبیی لە کاروباری حکومەت زیادیکردووە».

رۆژی (٢٠٠٨/١٢/١٨) جـەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی‌و سەرۆک کۆماری عێراق پرۆژەی چاکسازیی‌و رێکخستنەوەی کاروباری حکومەت‌و حیزبی لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیدا خستەڕوو، هەمان رۆژیش پرۆژەکە پەسەندکرا، کە لە بەشێکی پـرۆژەدا هاتووە: «بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت‌و حوکمی قانوون پیادە بکات‌و وەک یەک هاوڵاتییان لە بەرامبەر قانوون‌و لایەنە جیاجیاکانی ژیان‌و عەدالەت‌و یەکسانیی دابین بکات، بۆ ئەوەی بە چاکی کارو ئەرک‌و پێویستییەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات، پێویستە لەسەر حیزبەکان:

یەکەم: نە خۆیان‌و نە ئەندام‌و کادیرانی رێکخراوەکانیان راستەوخۆ دەست لە کاروباری حکومەت وەربدەن.

دووەم: دەبێت جیاوازیی نێوان حکومەت‌و حیزب زۆر ئاشکراو روون بێت، واتا حیزبەکان لە رێگەی پەرلەمان‌و نوێنەرانی خۆیان لە وەزارەتەکاندا بەشداریی دەکەن لە حوکمڕانی، نەک لە رێگەی دەستوەردانی ئەندام‌و کادیرو رێکخراوەکانیان لە کـاروبـاری حکومەت‌و دامودەزگاکانی». ئەمەش لەسەر رێکخستنەکانی یەکێتی دووپاتکراوەتەوە، هاوکاتیش هەر لە پـرۆژەکـەدا باس لە نەبوونی رێکخستنی حیزبیی لە زانکۆو پەیمانگەکان‌و رێگرتن لە دەستوەردانی کاروباری بەشەکان‌و هەروەها رێزگرتن لە سەربەخۆیی دادگاکان‌و سەروەریی یاسا کراوەتەوە.

دەرچوونی پرۆژەکە دەنگدانەوەیەکی ئیجابی لە ناوەندە سیاسیی، ئەکادیمی‌و رۆژنامەوانییەکان لێکەوتەوە، زۆربەی چاودێرانیش پێیانوابوو، بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە، هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەگوازرێتەوە، لەو چوارچێوەیەشدا (رۆژنامە وەکو) یەکێک لە ئامرازە ئیعلامییەکانی کۆمپانیای وشە کۆدەنگییەکی بەرفراوانی لەدەوری پرۆژەکە دروسـتـکـردو چەندین بابەتی جـیـاوازی رۆژنامەوانی لەسەر رووماڵکرد، بەڵام ئێستا کە سێ رۆژ کەمتر لە ساڵێک بەسەر دەرچوونی پرۆژەکە تێدەپەڕێت بە بڕوای چاودێران نەک ناوەڕۆکی پرۆژەکە جێبەجێنەکراوە، بەڵکو کاریگەریی ئەوتۆشی لەسەر کەمبوونەوەی هەژموونی حیزبەکان بەسەر دامـــەزراوە حکومییەکاندا بەجێنەهێشتووە.

رێبین هەردی نووسەرو رۆشنبیر پێیوایە؛ پرۆژەکەی تاڵەبانی وەک دروشم جوانە، بەڵام دواتر کە لە واقیعدا ورد دەکرێتەوە، دوو خاڵ دەبێتە رێگر لە بەردەمی‌و وتی: «تا دوو خاڵی گرنگ لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە جێبەجێنەکرێت، باسکردن لە پرۆسەی جیاکردنەوەی حیزب‌و حکومەت باسێکی بێ بەرنامەو سەرنەگرتووە، خاڵی یەکەم: هێزی چەکدار لە دەستی حیزب نەمێنێت‌و بخرێتە چوارچێوەی دەوڵـەت‌و حکومەتەوە.

دووەمیش: سەرچاوەی دارایی وڵات نابێت لەژێر دەسەڵاتی حیزبدا بێت، کە ئێستا لە دۆخێکداین حیزب پارە بە حکومەت دەدات، نەک حکومەت بە حیزب، بۆیە تا ئەو دوو دەسەڵاتە لە حیزب نەسەندرێتەوەو تەسلیمی حکومەت نەکرێت، هەر قسەکردنێک لەسەر ئەو پرۆسەیە بۆ دروشمە».

لەبەرامبەریشدا، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش ئاماژە بەوە دەکات؛ ئەگەر بە وردیی لە پرۆژەکەی مام جەلال بکۆڵرێتەوە، ئەوا هەستدەکرێت ئەو پرۆژەیە زۆر کاریگەر بووەو ئەو کاریگەرییەش رۆژانە لە ژیانی ئیداریی‌و سیاسیی هەرێمدا رەنگیداوەتەوە.

سـەعـدی ئەحمەد پـیـرە، بـە رۆژنـامــەی راگەیاند: «لەدوای ئەو پرۆژەیەوە ئەگەر دەزگا حیزبییەکان داواکارییەک یان پێشنیازێکیان بۆ حکومەت هەبێت دەینێرن بۆ مەکتەبی سیاسیی‌و دواتـر لە مەکتەبی سیاسییەوە بۆ سەرۆک‌و جێگری ئەنجومەنی وەزیران دەنێردرێت. واتە ئێستا راستەوخۆ حیزب دەستناخاتە کاروباری زانکۆو کەرتی پـەروەردەو بوارەکانی دیکەی وەزارەتەکان، بەڵام ئەگەر یەکێک لە لێپرسراوە ئیدارییەکان خـۆی قبووڵبکات، کە حیزب تەداخول لە کاروبارەکانیدا بکات، ئەوە حاڵەتێکی جیاوازە».

لەگەڵئەوەی سەعدی پیرە پێیوایە؛ ئەو بۆ چارەسەرکردنی ئەو تێکەڵییەی لە دەسەڵاتی حیزب‌و حکومەتدا دروستبووە، پێویستمان بە کاتەو پرۆژەکەش بە رۆژێـک‌و چەند رۆژێک دوایی نایەت، لە هەمانکاتیشدا دەڵێت: «ئێستا بەڕێوەبەری ناحیە وەک بەڕێوەبەری ناحیە هەڵسوکەوت دەکات‌و قایمقام‌و پارێزگاریش بەهەمانشێوە، هاوکاتیش هیچ دەزگایەکی حیزبیی بۆی نییە دەستبخاتە کاروباری دەزگا ئیدارییەکانەوە، چونکە مەکتەبی سیاسیی بە وردیی چاودێریی پرۆژەکە دەکات».

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە پێچەوانەی قسەکانی سەعدی پیرە بـڕوای وایـە؛ لـەدوای دەرچوونی پرۆژەکەی تاڵەبانی دەستوەردانی حیزب لە کاروباری حکومەت زیاتر بـووەو بۆ ئەو مەبەستەش چەندین نموونەو بەڵگە لەسەر سروشتی ئەو پەیوەندیی‌و تەداخولاتە دەهێنێتەوە.

د.جەعفەر عەلی ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ پرۆژەکەی تاڵەبانی بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت حاڵەتێکی دڵخۆشکەر بوو، بەڵام ئەوەی لەدوای پرۆژەکەوە بینراو وەکو هەموو ئەو لێدوانانەی کە چەند ساڵێکە لە هەرێمدا باس لە جیاکردنەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە دەکەن، تەواو پێچەوانە بوو و وتیشی: «خەڵکی هەرێمی کوردستان چیتر بڕوا بەو دروشم‌و پرۆژانە ناکەن، چونکە لە واقیعدا ئەو دوو هێزە نیەتی جیاکردنەوەی ئەو دوو دەسەڵاتەیان نییەو ئیش لەسەر کەلتوورو رۆشنبیرییەک دەکەن، کە جۆرە ئینسانێکیان دروستکردووە خۆیان لەسەرووی کەسی ئیداریی‌و حکومیدا دەبیننەوە، هەربۆیە ئەو پرۆژەیە نەک جێبەجێنەکرا، بەڵکو دەستێوەردانی حیزبیش لە ناوەندە حکومییەکان زیادیکرد».

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکات؛ کە لەدوای دەرچوونی پرۆژەکەوە دەستخستنە کاروباری حکومەت بەردەوامیی هەیەو دەڵێت: «ماوەیەکە فۆڕمی حیزبیی لەلایەن کۆمیتەکانی یەکێتییەوە لە سنووری پارێزگای سلێمانی بەسەر ناوەندەکانی خوێندندا دابەشدەکرێت‌و داوا لە مامۆستایان دەکرێت لایەنی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن، کە لە فۆڕمەکەدا ناوی یەکێتی، پارتی، گۆڕان‌و یەکگرتوو.. بێلایەنی تێدایەو لەکۆتایی فۆڕمەکە نووسراوە ئەندامی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانە، یـان نـا!؟ یـان لـە بـەڕێوەبـەرێـتـی گشتیی پـەروەردەی گەرمیان نووسراو دادەبەزێنێت بەسەر خوێندنگەکاندا ئاماژە بەنووسراوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیی ناوەندی گەرمیان دەکات‌و هاوپێچ ناوی ستافی نوێی کۆمەڵەی خویندکارانی تێدایە، بۆ ئەوەی هاوکاریی بکرێن لە ناوەندەکانی خوێندن».

بە بڕوای جەعفەر عەلی لە بنەڕەتدا نیەتی جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت بوونی نییە، هەروەک هۆشیارییەکیش نییە لەناو سەرکردایەتی حیزبەکان‌و سەرکردایەتی سیاسیی کورد کار بۆ ئەو بابەتە بکات، چونکە ئەوان جیاکردنەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە بە زیانی خۆیان دەزانن‌و دەیانەوێت لە یەک کاتدا حیزب هەژموونی بەسەر کۆی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی‌و ئیداریی لە کوردستاندا هەبێت.

# سازش بەرامبەر بە «رێز»

**ئاودێر شێخ عومەر**



نوێنەرەکانی کـورد لە بەغدا، کە یـاسـای هەڵبژاردنیان پەسەندکرد پاساوی ئەوەیان هێنایەوە، کە گرەنتیان لە ئەمریکاو هەندێک لایەنی دیکە وەرگرتووە کە بەرژەوەندییەکانی کورد بپارێزن.

دیارترین ئەو گرەنتیانەی باسیانکرد دەرکـردنـی بەیاننامەیەکی کۆشکی سپی بوو، کە گوایە لەوێدا گرەنتییەکان ئیعلان دەکرێن. بەیاننامەکە دەرکراو هیچ گرەنتییەکی تێدا نەبوو بۆ کورد، کەچی وەها ئیدیعایانکردو دەیکەن، کە گرەنتی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)یان وەرگرتووە، لەکاتێکدا بەیاننامەکەی کۆشکی سپی تەنیا باس لە رێزگرتنی ئەمریکا دەکات لە دەستووری عێراق.

بەیاننامەکە بە دەق دەڵێت: «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێزی لە دەستووری پەسەندکراوی عێراق گرتووە بە مادەی (١٤٠)ەوە، کە باس لە کەرکوک‌و ناوچەکانی دیکە دەکات، لەگەڵ مادەی (١٤٢)، کە باس لە هەمواركردنی دەستوور دەکات». ئەمەش رستەیەکی مەتاتییەو تەنیا دووپاتکردنەوەی رێزی ئەمریکایە لە دەستوور بە گشتیی‌و بۆ دڵنەوایی سەرکردە سازشکارەکان ئاماژەی بە مادەی (١٤٠) کردووە، کە وەک هەموو مادە دەستوورییەکانی دیکە «رێزیان لێدەگیرێت»، نەک ئەمریکا خۆی پابەندی جێبەجێکردنی کردبێت، بۆ دڵنەوایی نەیارانی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)یش راستەوخۆ بە دوای ئەو مادەیەی پەیوەستە بە ناوچە جێناکۆکەکان بەهەمانشێوە باسی مادەی (١٤٢)ی کردووە، کە تایبەتە بە هەمواركردنی دەستووری عێراق.

ئەوەی سەرکردەکانی کورد لە بەغدا بە «شۆڤێنی»و «مەترسی بۆ سەر ئەزموونی کوردستان» ناویان دەبەن، هەموویان کۆکن لەسەر بەسەرچوونی مادەی (١٤٠)و پێیانوایە مادەیەکی بەسەرچووەو لە وادەی خۆیدا جێبەجێنەکراوە، کەواتە بەیاننامەکەی کۆشکی سپی ئەگەر بە گرەنتی هەژمار بکرێت، گرەنتی جێبەجێنەکردنی (١٤٠)یشی بە ناڕاستەوخۆ داوەتە لایەنە غەیرە کوردییەکان.

ئەوانەی لە بەغدا نەیانتوانی لە کۆبوونەوەیەکی کابینەکەی جەعفەریدا بۆ تەنیا جارێکیش مەسەلەی (١٤٠) ببەنە سەرمێزی گفتوگۆ، لە سەردەمی مالیکیشدا مادەکە لە سایەی ئەواندا لە قۆناغی خولانەوە لە بازنەدا مایەوە، لە خۆیان ناپرسن ئەم هەموو دواخستنەی ئەو مادە دەستوورییەو گەیاندنی بەوەی ناچاربن سازش لەسەر مەترسیدارترین یاسا بکەن لە بەرامبەر بەڵێنی هاوکاریکردن لە جێبەجێکردنی جگە لە شکستی ئەوان لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، چ تەعبیرێکی دیکە هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە!!

ئەوانەی لە بەغدا یاساکەیان بۆ بەرژەوەندیی «شۆڤێنیی‌و مەترسییەکانی سەر کوردستان» تێپەڕاند، دەتوانن جگە لە رێزی ئەمریکا لە دەستوور، چ وشەیەکی گرەنتی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بەیاننامەکەو لێدوانی بەرپرسە ئەمریکاییەکان بخوێننەوە؟

بەیاننامەکە دەریخست شکست‌و سازشی کورد بەرامبەر بە «رێز»ی ئەمریکا بووە لە دەستووری عێراق‌و هیچی تر.

# مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان دەست لە کاری پارێزەران‌و مافپەروەران وەردەدات

**شارا عەبدولڕەحمان**

مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی، سەرپەرشتیار بۆ (٣) رێکخراوی سەربەخۆ دادەنێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەو رێکخراوانە خۆیان سەرۆکیان هەیەو ئاماژە بەوە دەکەن، کە دانانی سەرپەرشتیار بۆیان دەستێوەردانە لە کاروباری یاساو کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن حیزبەوە.

بە فەرمانی کارگێڕی ژمــارە (٨٢٢) لە رۆژی (٢٠٠٩/٢/٦)، کە لە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتییەوە دەرچووە لەسەر بڕیاری لێرسراوی مەکتەب، (فەهمی بورهان) بە سەرپەرشتی رێکخراوەکانی (یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان، کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز، سەندیکای پارێزەرانی کوردستان) دانراوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو رێکخراوانە سەر بە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان نین‌و لە ماوەی رابردوودا سەربەخۆیانە کاریانکردووە.

بورهان رەشید گوڵە، سەرۆکی لقی پارێزگای سلێمانی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لەو بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: لە پەیڕەوی رێکخراوەکەماندا هاتووە کە دەستەبەری سیستمی دیموکراتی بکەین نەک حیزبایەتی، هاوکات هیچ پەیوەندییەکمان بە رێکخراوە دیموکراتییەکانەوە نییە، دانانی سەرپەرشتیار بۆمان دەستێوەردانە لە کاروباری یاساو کۆمەڵگەی مەدەنی.

سەبارەت بە رێگەچارەش سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەران ئاماژەی بەوەکرد، کـە ئـەو نـووسـراوەی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان رەتدەکەنەوەو پابەند نابن پێوەی.

# بێبەرنامەیی کارەبا سەری لە خەڵک شێواندووە

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

بڕیاربوو لەم مانگەدا (١٨) سەعات کـارەبـای نیشتمانیی بە هاوڵاتییان بدرێت، بـەڵام لەئێستادا تەنیا (١٢) سەعات کارەبا بە هاوڵاتییان دەدرێت، بەرپرسانی وەزارەتـــی کـارەبـاش هۆکاری کەمبوونەوەکە دەگەڕێننەوە بۆ لەکارکەوتنی چەند یەکەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا.

وەزارەتـــی کـارەبـای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمدا ئاشکرایکرد، لەم مانگەدا بڕی (١٦– ١٨) سەعات کارەبای نیشتمانیی دەدرێـت بە هاوڵاتییان، ئەویش بە پشتبەستن بە زیاتر لە (٨٥٠) مێگاوات کارەبای بەرهەمهێنراو. لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی چەند رۆژێکە پێدانی کارەبا لە شاری سلێمانی کەمکراوەتەوە، بەشێوەیەک هەندێکجار لە (٥) سەعات تێناپەڕێت.

یاسین حـەسـەن، بـەڕێـوەبـەری کۆنترۆڵی کـارەبـای سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەئێستادا بە تێکڕایی (١٢)کاتژمێر کارەبای نیشتمانیی دەدرێت بە هاوڵاتییانی پارێزگای سلێمانی، بەڵام بەپێی کەشوهەواو زیادبەکارهێنانی کارەباو کێشەی فیدەرەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێـت، لەئێستادا تۆڕەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا تووشی چەند کێشەیەک بوونەتەوە، بەڵام هەوڵدەدرێت بەزووترین کات چارەسەربکرێن.



بـڕی بەرهەمهێنانی کـارەبـای نیشتمانیی لە هەرێمی کوردستان دەگاتە زیاتر لە (٨٥٠) مێگاوات، کە بەمشێوەیەیە، (٤٥٠) مێگاوات لە وێستگەی غازی هەولێر، (٣٧٥) مێگاوات لە وێستگەی غازی چەمچەماڵ، (٥٠) مێگاوات لە هەردوو بەنداوی دوکان‌و دەربەندیخان، لەگەڵ (٦٠) مێگاوات کە لە بەغداوە دەدرێتە هەرێم.

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی سلێمانی ئەوە دەخاتەڕوو، لەئێستا وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا رووبـەڕووی چەند گرفتێک بوونەتەوەو ئەوەش بەرهەمهێنانی کارەبای کەمکردووەتەوە.

هەروەک وتی: «هۆکاری سەرەکیی کـەمـبـوونـەوەی پـێـدانـی کـارەبـاو جێبەجێنەکردنی ئەو بەرنامەیەی کە دانـرابـوو، بریتییە لە کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی کارەبا، ئەویش بەهۆی گرفتی تەکنیکییەوە، لە (٨)ی ئەم مانگەوە یەکەیەکی وێستگەی هەولێر کارناکات، یەکەیەکی چەمچەماڵیش کێشەی تێدایەو بەتەواویی کارناکات، هەروەها لەئێستادا هیچ یەکەیەکی وێستگەکانی دوکان کارناکەن‌و لەژێر سیانەدان.

# لە تازەترین ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق: «چەندین پێشێلکاریی مەترسیدار لە گرتووخانەکانی هەرێمدا تۆمارکراون»

**هەستیار قادر**

لە نوێترین ڕاپۆرتیدا سەبارەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە عێراقدا نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق (یۆنامی) ئاماژە بەوە دەکات؛ کە بارودۆخی زیندانیانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆو ئاسایشی هەرێمی کوردستان، یۆنامی نیگەرانکردووەو باس لەوەش دەکات، کە لە میانەی بەسەرکردنەوەی دەستیگرکراوەکانی هەرسێ شاری سلێمانیو هەولێرو دهۆکدا تۆماری چەندین دەستدرێژیی مەترسیداریان کردووە، کە کراونەتە سەر دەستگیرکراوەکان، لەوانە بەکارهێنانی تەزووی کارەباو دانپێدانانی بەزۆرو لێدانو فەراهەمنەکردنی چاودێریی تەندروستیو هەندێک لە دەستگیرکراوەکانیش لەترسی تۆڵەسەندنەوە لێیان نەیانوێراوە زانیاری سەبارەت بەو دەستدرێژییانە ئاشکرابکەن.

لەو ڕاپۆرتەی یۆنامیدا، کە دوێنێ بڵاوکراوەتەوەو لە بەرواری (١)ی کانوونی دووەمەوە تا (٣٠) حوزەیرانی (٢٠٠٩) دەگرێتەوە، هاتووە: کە شاندی نەتەوەیەکگرتووەکان چاوی کەوتووە بە خێزانی کۆمەڵێک دەستگیرکراو، کە ئاماژە بەوە دەکەن؛ کە کەسوکاریان لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە دەستگیرکراونو دواتر دیارنەماونو هەندێکیش بانگەشەی ئەوە دەکەن هەندێک لەوانەی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمەوە، بەتایبەت بەپێی یاسای دژەتیرۆر دەستگیردەکرێنو دەستبەجێ ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان دەبنەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەیدا یۆنامی داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، کە گرەنتی جێبەجێکردنی یاسای ڕۆژنامەوانی بکات لە ڕێگەی دابەشکردنی بەسەر سەرجەم دادگاو دامەزراوە پەیوەندیدارەکاندا بەمەبەستی جێبەجێکردنی.




# سلێمانی بۆ دەتەپە خۆپیشاندان دەکات

**ڕۆژنامە**

چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆپیشاندانێکی ناڕەزایی دژ بە بڕیاری داخستنی دەتەپە لە سلێمانی ڕێکدەخات.

بڕیارە کاتژمێری ٢ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی هێمنانە بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی بڕیاری داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە تورکیا سازبدرێت.

بەپێی وتەی ئەندامێکی لیژنەی ئامادەسازیی کۆنگرە، خۆپیشاندانەکە بۆ پشتیوانیکردنی چالاکیکردنی کوردەکانی باکوورە، چونکە خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی زۆریان بۆ کرانەوەی حکومەتی تورکیا هەبوو، بۆیە بڕیارەکەی دادگا بە گەڕانەوەی سەرکوتکاری دژ بە کوردەکان دەزاننو ڕاشیگەیاند، کە خۆپیشاندانەکە لەلایەن بەرەی جەماوەری کوردستانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ڕێکدەخرێتو لە بەردەم باخی گشتیی سلێمانی بۆ بەردەرکی سەرا دەبێت.

# لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان وەک یەک تیم کاردەکەن

**شارا عەبدولڕەحمان**

هەردوو فراکسیۆنی یەکگرتوو و کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکەنەوە کە ببنە یەک فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنو ئاماژە بەوەدەکەن؛ لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕاندا وەک یەک تیم کار بۆ چالاککردنی پەرلەمان دەکەن.

لەماوەی ڕابردوودا باسلەوەکرا کە هەردوو فراکسیۆنی یەکگرتوو و کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی دروستکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز دەبنە یەک فراکسیۆن، بەڵام پەرلەمانتارانی ئەو دوو فراکسیۆنە جگەلەوەی ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکەنەوە، باس لەوە دەکەن کە زۆریی ژمارەی فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکان باشترە وەک لە دروستبوونی یەک فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن.

عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تائێستا نە باس لەوەکراوە کە لەگەڵ کۆمەڵ ببینە یەک فراکسیۆن، نە بە گونجاویشی دەزانین کە ئەوە بکەین، ڕاستە هەردووکمان لایەنی ئیسلامیین، بەڵام بە بڕوای ئێمە بوونی زۆریی ژمارەی فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکان لە پەرلەماندا ڕەنگە بەهێزتربێت لەوەی یەک فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن دروستبکەینو لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕاندا ببینە دوو فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن».

هاوکات بیلال سلێمان، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد؛ لەگەڵ یەکگرتوو نابنە یەک فراکسیۆنو هیچ دانیشتنێکیان بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامنەداوە. وتیشی: «لەگەڵ فراکسیۆنەکانی گۆڕانو یەکگرتوو هەرسێکمان ڕێککەوتووین لەسەر ئەوەی کە وەک یەک تیمی بەهێزی ئۆپۆزسیۆن کاربکەین بۆ چالاککردنی پەرلەمان».

# سەرۆک کۆمار بەبێ هۆ (یەک ملیۆن) دۆلار دەداتە باڵیۆزخانەی عێراق لە واشنتۆن

**ڕۆمان بانەیی**

جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دۆلار بەبێ هۆکاری یاسایی ڕەوانەی باڵیۆزخانەی عێراق لە واشنتۆن دەکاتو هۆکاری سەرفکردنی ئەو بڕە پارەیەش ڕووننناکاتەوە.

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەک، کە بە ژمارە (ر.ج ١٣٠١/٨/١) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٩/٧) لەلایەن نووسینگەی سەرۆک کۆمارەوە دەرچووەو ئیمزای بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک کۆمار بە وەکالەتی لەسەرە، سەرۆک کۆمار بڕی یەک ملیۆن دۆلاری ئەمریکی داوەتە وەزارەتی دەرەوەی عێراق بۆئەوەی بیداتە باڵیۆزخانەی عێراق لە واشنتۆن.

لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، کە باڵیۆزخانەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار، کە چەکەکەی بە ناوەوەیە، بڕە پارەکە سەرفبکەن، بەڵام هیچ ئاماژەیەک بەوە نەکراوە کە پارەکە بەمەبەستی چی ڕەوانەکراوەو بۆ چ مەبەستێکیش خەرجدەکرێت.

چەکەکە بە ژمارە (٦٨٨٤٣٨٦٦) لەلایەن نووسینگەی سەرۆک کۆمارەوە، ڕەوانەی وەزارەتی دەرەوە کراوەو داواش لە نووسینگەی وەزیری دەرەوە کراوە لە گەیشتنی چەکەکە نووسینگەی سەرۆک کۆمار دڵنیابکاتەوە.



# پەرلەمانتارانی کوردستان ڕەخنەکانیان لەسەر نوێنەرانی کورد لە بەغدا دەخەنەڕوو

**بەرهەم خالید**

بڕیارە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئەمڕۆیدا گفتوگۆ لەسەر ئاکامی سەردانەکەی وەفدی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەغداو یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکاتو چاوەڕوانیش دەکرێت بەشێک لە پەرلەمانتاران تێبینیو ڕەخنەکانیان لەسەر یاساکە بخەنەڕوو.

د.زانا ڕەئوف، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دانیشتنەکە تەرخاندەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی سەردانی وەفدەکەی پەرلەمانو ڕۆڵی پەرلەمانو خودی یاساکە، دەربارەی تێبینییەکانی فراکسیۆنی گۆڕانیش لەسەر یاساکەو پشکی هەرێم لە ژمارەی کورسییەکان د.زانا ڕەئوف ڕایگەیاند: ئەوان جگە لەو تێبینیانەی پێشتر ڕاگەیەندراوە، تێبینی زۆریان لەسەر یاساکە هەیەو لە دانیشتنی ئەمڕۆدا هەر پەرلەمانتارێک خوێندنەوەو ڕەخنەکانی لەسەر یاساکە دەخاتەڕوو، وتیشی: «هەڵسەنگاندنو خوێندنەوەم بۆ یاساکەو ڕۆڵی پەرلەمانو نوێنەرانی کورد لە بەغدا هەیە».



# وەزیری داد دەکرێتە سەرۆکی داواکاری گشتیش

شارا عەبدولڕەحمان


ڕەئوف ڕەشید، وەزیری داد

## فاروق جەمیل: ئەم کارە نایاساییەو تێکەڵاویی زۆر لەنێوان دەسەڵاتی دادوەریو حکومەتدا دروستدەکات

بڕیارە وەزیری دادی حکومەتی هەرێم بکرێتە سەرۆکی داواکاری گشتیی، بەوپێیەش یاساناسانو شارەزایانی ئەو بوارە، پێیانوایە؛ ئەمە تێکەڵکردنی هەردوو دەسەڵاتی دادوەرییو جێبەجێکردنەو هەوڵێکە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو داوایانەی کە دژی کەسانی بەرپرسی حکومییو حیزبیی بەرزدەکرێنەوە.

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە باس لەوەکرا، کە بڕیارە بەمزووانە وەزیری دادی حکومەتی هەرێم (حاکم ڕەئوف ڕەشید) بکرێتە سەرۆکی داواکاری گشتیی، کە لەماوەی ڕابردوودا دەزگایەکی سەربەخۆ بووە لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی داددا، ئەمەش بەو بیانووەی کە دەویسترێت داواکاری گشتیی چالاک بکرێت، بەڵام پێدەچێت دووبارە ئەو دەزگایە لە سەربەخۆبوون دووربخرێتەوەو لە ڕێگەی دانانی وەزیری داد بە سەرۆکی دەزگای داواکاری گشتیی هەرێم کە سەر بە دەسەڵاتی دادوەرییە، بخرێتە ژێر هەیمەنەی حکومەتەوە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنە.

گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە؛ دانانی وەزیری داد بە سەرۆکی داواکاری گشتیی بۆ بەهێزکردنی کارو چالاکییەکانی ئەو دەزگایە بێت، بەوپێیەی لەماوەی ڕابردوودا لەلایەن دادگاکانەوە وەک پێویست گوێی لێنەگیراوە «هەربۆیە بیر لەوەکراوەتەوە کە وەزیری داد بکرێتە سەرۆکی، تاوەکو بە چاودێرییو پاڵپشتیی وەزیر ئەو دەزگایە بوێرانەتر کارەکانی ڕاپەڕێنێت».

داواکاری گشتیی بریتییە لەو دەسەڵاتەی کە بەرژەوەندیی کۆمەڵ دەپارێزێتو لەو خەسڵەتەیدا هەموو خەرقەکان ئاشکرادەکات بە خەرقی دادگاکانو سەرجەم سوڵتەی دادوەرییەوە، بەوهۆیەشەوە بە بڕوای ئەندامەکەی پەرلەمان ئەگەر لە ڕوانگەو ژینگەیەکی یاساییەوە باس لەو مەسەلەیە بکرێت، ئەوا دانانی وەزیری داد بە سەرۆکی داواکاری گشتیی کارێکی نەخوازراوە، وتیشی: «ڕاستە لە ڕووی بەهێزکردنی داواکاری گشتییەوە ڕەنگە گرنگی خۆی هەبێتو کارێکی تەندروستە، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە کارێکی ناتەندروستەو پێدەچێت بۆ پاشەکشێپێکردنی داواکاری گشتیی بەکاربهێنرێت».

لە ڕەشنووسی دەستووردا کە تائێستا لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە دەنگی پێنەدراوەو لە بەشی دەسەڵاتەکاندا باس لە جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتی (دادوەریی‌و یاسادانانو جێبەجێکردن) کراوە، بەڵام دانانی وەزیری داد بە سەرۆکی داواکاری گشتیی، هەروەک هەموو ئەو دەستێوەردانانەی کە لەماوەی ڕابردوودا لەنێوان دەسەڵاتەکاندا ڕوویانداوە، دووبارە دەسەڵاتی دادوەرییو جێبەجێکردن تێکەڵدەکرێنەوەو هیچ سەروەرییەک بۆ دەسەڵاتی دادوەریی نامێنێتەوە، بەوهۆیەشەوە ئەگەر لە وادەی بوونی دەستوورێکی ڕاستەقینەدا کاری لەمجۆرە بکرایە کە نەقزی هەیە لەگەڵ دەستووردا، ئەوکاتە دادگای دەستووریی داوای کارپێنەکردنی بڕیاری دانانی وەزیری دادی بە سەرۆکی داواکاری گشتیی دەردەکرد.

فاروق جەمیل، وەزیری پێشووی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە یەکێکی دیکە لەو سەرپێچیانەی کە دانانی وەزیری داد بە سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێم دێتە ئاراوە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەپێی یاسا سەرۆکی داواکاری گشتیی ئەندامە لە ئەنجومەنی دادوەریدا، کە سەر بە دەسەڵاتی دادوەرییە، ئەگەر بێتو وەزیری داد ببێتە سەرۆکی داواکاری گشتیی، ئەوا دەبێت ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی دادوەریی، لەکاتێکدا وەزیر خۆی سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، ئەمەش جگەلەوەی سەرپێچیکردنی یاسایە، تێکەڵاوییەکی زۆر لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردنو دادوەریدا دروستدەکات».

وەزیری پێشووی داد باسی لەوەشکرد، سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی سەربەخۆیەو لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی دادایە، هەربۆیە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتدا وەزارەتی داد پرۆژەیاسایەکیان داوەتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ سەربەخۆکردنی تەواوەتیی داواکاری گشتیی، بەڵام پرۆژەکە نەبووەتە یاساو تائێستا داواکاری گشتیی لەچوارچێوەی وەزارەتی دادایە.

هاوکات فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیاسایەکیان پێشکەشی پەرلەمان کردووە بۆئەوەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی داددا دەربهێنرێتو بکرێتە دەزگایەکی سەربەخۆ.

لەوبارەیەوە بورهان ڕەشید گوڵە، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «داواکاری گشتیی ئەنجومەنێکە سەر بە وەزارەتی داد، کە بە بڕوای ئێمە ئەمە کارەکانی ئەو ئەنجومەنەی بەرتەسک کردووەتەوە، هەربۆیە پرۆژەیەکی تەواوکارمان خستووەتە بەردەمی پەرلەمانو تێیدا داوامانکردووە کە سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی بکرێتە دەزگایەکی سەربەخۆ، ئەمە جگەلەوەی کە بەهیچ جۆرێک ناکرێت وەزیری داد بکرێتە سەرۆکی ئەنجومەنەکە، چونکە بە تەواوەتی تێکەڵکردنی دەسەڵاتەکانە».

لەپێش ساڵی (١٩٩١)دا دەزگای داواکاری گشتیی هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان ڕاستەوخۆ بەشێک بوو لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی حکومەتی عێراق، بەڵام لەپاش ڕاپەڕینەوە بەپێی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان، کە بۆ وەزارەتی داد دەرچوو، داواکاری گشتیی کرا بە دەزگایەکی سەربەخۆ سەر بە وەزارەتی داد، کە ئیشوکارەکانی بەپێی یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی (١٩٧٩)ی داواکاری گشتیی عیراق بەڕێوەدەبرد، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە یاسای تایبەتمان بۆ کارەکانی داواکاری گشتیی نەبوو، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٧)دا پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٢٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی دەرکرد بۆ هەموارکردنەوەی یاساکەی ساڵی (١٩٧٩)ی عێراق، کە بەگوێرەی ئەو هەموارکردنەوەیەی پەرلەمان، وەزیری داد یەک دەسەڵاتی بەسەر داواکاری گشتییەوە هەیە، ئەویش دەستنیشانکردنی شوێنی کارکردنی ئەندامانی داواکاری گشتییە، ئەویش دوای دەرچوونی مەرسومێک لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەبێت، بەوپێیەش نە بەپێی یاساکەی ساڵی (١٩٧٩)ی عێراقو نە بە هەموارکردنەوەکەی ساڵی (٢٠٠٧)ی پەرلەمانی کوردستانو نە بە دەستووری عێراقیی وەزیری داد هیچ ڕۆڵێکی نییە بەسەر داواکاری گشتییەوەو بەپێی یاسا وەزیری داد ناتوانێت ببێت بە سەرۆکی داواکاری گشتیی، چونکە بەپێی هەموارەکەی ساڵی (٢٠٠٧)ی پەرلەمان، داواکاری گشتیی دامەزراوەیەکی سەربەخۆیەو سەرۆکەکەی پۆستێکی سەربەخۆی هەیە کە سەر بە دەسەڵاتی دادوەرییە، نەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

بەوهۆیەشەوە بە بڕوای هیلال ئیبراهیم، پارێزەرو ڕۆژنامەنووس، دانانی وەزیری داد بە سەرۆکی داواکاری گشتیی، وەک دانانی فلتەرێکە بۆ بینینو ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو نووسراوانەی کە بۆ لێپێچینەوەو سزادانی بەرپرسو کەسانی ئیدارییو سیاسیی بەرزدەکرێنەوە، بەوپێیەی سەرجەم ئەو نووسراوانە دەبێت سەرۆکی داواکاری گشتیی ڕەزامەندیی لەسەر دەرببڕێتو داوایان لەسەر بەرزبکاتەوە.

هەروەک بۆ ڕۆژنامە وتیشی: «داواکاری گشتیی هەرێم لە ڕابردوودا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە بۆ پاراستنی مافی گشتیی، بەڵام ئەگەر ویسترابێت کە ڕۆڵی بۆ بگەڕێنرێتەوە، ئەوا دووبارە لەو ڕێگەیەوە هەوڵی لاوازکردنی دەدرێتەوە».

ئەو پارێزەرە جگەلەوەی پێی باش نەبوو کە وەزیری داد بکرێتە سەرۆکی داواکاری گشتیی، هاوکات ئاماژەی بەوەشکرد؛ پێویستە لەمەودوا داواکاری گشتیی لێپرسینەوە لە کەسانی بەرپرسەوە دەستپێبکات بۆ خوارەوە، هەروەک وتی: «پێویستە داواکاری گشتیی هەرێم داوای لێپێچینەوە لە سەرۆکی کابینەی پێشووی حکومەت بکات بۆ ئەو هەموو کەموکوڕییەی کە لە حکومەتەکەیدا هەبوو، هاوکات دەبێت داوای لێپێچینەوە لە سەرۆکی هەرێم بکات بۆ ئەو هەموو پەیوەندییانەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی ئەنجامیدەداتو نازانرێت چەند پەیوەندیی بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە هەیە».

**گۆران ئازاد: پێدەچێت ئەم کارە بۆ پاشەکشە پێکردنی داواکاری گشتی بەکاربهێنرێت**

**پارێزەر هیلال ئیبراهیم: بەم کارە دووبارە هەوڵی لاوازکردنی دەزگای داواکاری گشتی دەدرێتەوە**

**بورهان ڕەشید گوڵە: داوادەکەین داواکاری گشتی بکرێتە دەزگایەکی سەربەخۆ**

# گۆڕان سلێمانی تەسلیم بە یەکێتی دەکات


هیوا جەمال

ئێستا پارێزگاری سلێمانی کە نەیارەکانی لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان حسابی دەکەن (ئەگەرچی خۆی بە ڕەسمیی ئەوەی پشتڕاست نەکردووەتەوە، وەک چۆن خۆشی لێی بێبەریی نەکردووە) وەک مافێکی شەخسی خۆی داوای خانەنشینکردنی کردووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن گۆڕان ئاوا بێدەنگیی لێکردووەوە؟

بێدەنگییەک دوای ئەو هەموو دڵسۆزییەی خەڵکی شارەکە لەبەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕاندا نواندیان، (کە ئەوکات لە لیستی گۆڕاندا بەرجەستەبوو)، کە لە ڕاستیدا دڵسۆزییەکی بێوێنەبوو بەرامبەر بە نیشتمانو بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیی بوو بەرامبەر بە خاک، گۆڕان دەیەوێت بەئاسانیی پارێزگای سلێمانی تەسلیم بە یەکێتی بکات، ئەوانەی کە دەنگیان بە گۆڕان داوە دەپرسن: شاری سلێمانی کە بە شاری گۆڕان ناسراوەو سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ ئەو بزووتنەوەیە تۆمارکرد، گوناهمان چییە دەماندەنە دەست قەدەری کەمینەیەک حکومەمان بکات؟ گۆڕانخوازەکان دەپرسن: ئەو حیزبەی بە سوێندو تەڵاقو بەڵێننامە پڕکردنەوە، ژمارەیەکی کەم خەڵکی بە دەورەوە ماوە، ئێستا چۆن ئیدارەی ئەو شارەی دەدەیتەوە دەست کە تیایدا دۆڕاوە، دەبێت چی بەسەر خەڵکەکەی بێنێت؟ بەشێکی زۆر لەوانەی کە کاریان بۆ گۆڕان کردووە، لەپارێزگای سلێمانیدا کەسانی ناسراوو خەڵکانی دیارن، گۆڕانخوازەکان دەپرسن: ئێستا پارێزگایەک تەسلیم بە حیزبێک دەکەیت، کە کەس نازانێت چۆن بەڕێوەی دەباتو چۆن تۆڵە لە خەڵکەکەی دەسەنێتەوە، بۆچی گۆڕان پشت لەو کەسانە دەکات؟

نەیارەکانی گۆڕان پێیانخۆش بێت یان نا پارێزگای سلێمانی بووە بە شارو قەڵای گۆڕانخوازن، دەکرێت تووشی شۆک بێت لەبەرامبەر بزووتنەوەیەکدا کە خەڵکی شارەکە بە گیانوماڵەوە پشیتوانیی کردووەو سەریخست.

لەدوای (٧/٢٥)ی ڕابردوو یەکێتی وەک حیزبێک لە سلێمانیدا دۆڕاو شارەکەی لەدەستدا، گۆڕان شاری سلێمانی بردەوە، بەڵام ئەوەی بەلای گۆڕانخوازەکانەوە سەیرە کە یەکێتی خۆی بە خاوەنی شارەکە دەزانێتو مامەڵەی پێوەدەکات، بەڵام گۆڕان هەر لە دوورەوە سەیری دەکاتو هێشتا وابزانم سەرخۆشیی سەرکەوتن بەرینەداوە، تا بزانێت چی بۆ سلێمانی بکات، ئەگەر وانییە، بۆچی پارێزگارەکەی خانەنشینکراوە، بەڵام ڕۆژانە یەکێتی ئەمو ئەو دادەنێتو لایدەباتو خەڵک کاندید دەکات بۆ پارێزگاری سلێمانی، کەچی گۆڕان دوورەپەرێزەو وەک ئەوەی پەیوەندیی بەوەوە نەبێت. گۆڕانخوازان بۆیە دەنگیان بە لیستی گۆڕان دا کە لەدەست ستەمو بێدادیی یەکێتیو پارتی ڕزگاریان بێت، ئێستا کە بە مسۆگەریی یەکێتی لەم شارەدا دۆڕاوە، بۆچی قەدەری خەڵک دەدەنەوە دەستی؟

دەبێت ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەڵوێستیان لەوبارەیەوە ڕابگەیەنن، کە ئیدی باوی ئەوە نەما (لانیکەم لە سلێمانیدا) کە حیزبێکی دۆڕاو لە شارەکەدا سەرەڕای ئەوەی بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقامەکان لادەبات، پارێزگارێک بۆ پارێزگاکە دابنێت کە زۆرینەی خەڵکی شارەکە نەک پارێزگارەکە، بەڵکو حیزبەکەشیان ڕەتکردووەتەوە.

دەبێت ئەنجومەنی پارێزگا کە نزیکەی پێنج ساڵیان وەک ئەندامانی ئەنجومەن تەواوکردووە، بێهەڵوێست نەبنو بەرپرسیارێتیی ئەخلاقییان بەرامبەر ئەوانەی دەنگیان بۆ داونو بەرپرسیارێتیی مێژووییشیان بەرامبەر بە پارێزگاکە ڕابگەیەنن.

دەبێت گۆڕان بۆ هەمیشە بیر لە بەرژەوەندیی هەموو شارەکان بەتایبەت سلێمانی، کە ئێستا پێویستی پێیەتی بکاتەوە، بەرژەوەندیی شارەکەو خەڵکی سلێمانی لەوەدا نییە کەسێکیان بۆ بکرێتە بەرپرسی ئیداریی کە دەنگیان بۆنەداوە.

دەبێت چیدی خەڵک قبووڵی نەکات کەسانێکی بۆ بکرێتە بەرپرسی شارەکەی کە دەنگی بۆ نەدابێت، یان ڕەتیکردبێتەوە، هەروەک نابێت لە پارێزگاریشی قبووڵبکەن کە بێگەڕانەوە بۆ ئەو خەڵکەی دەنگیان بۆداوە، هەرکاتێک ویستی خۆی خانەنشین بکات، یان دەستلەکاربکێشێتەوەو هەرکاتێکیش ویستی بەردەوام بێت.

# سکرتێری یەکێتیو سەرۆکی حیزبی دەعوە، داوای درێژکردنەوەی وادەی ناوی کاندیدەکان دەکەن

بەهادین یوسف

**(٢٨٦) قەوارەی سیاسییو (١٢) هاوپەیمانێتی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تۆمارکراون، کە بڕیارە ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) بەڕێوەبچێتو سبەیش دوا وادەیە بۆ وەرگرتنی ناوی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەو هاوکات هەریەک لە جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیو نوری مالیکی سەرۆکی حیزبی دعوە داوایان لە کۆمسیۆنی باڵا کردووە وادەی وەرگرتنی ناوی پاڵێوراوان درێژبکرێتەوەو بواری زیاتر بدرێتە کیانە سیاسییەکان.**

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە لێدوانێکی تایبەتدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پێشتر (٢٩٦) قەوارەی سیاسیی ناویان تۆمار کردبوو، ژمارەیەکیان لێ کشاوەتەوە، ئێستا (٢٨٦) قەوارەی سیاسییو لەنێویاندا (١٢) هاوپەیمانێتی بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەنو قەوارەکانی دیکەش بە لیستی جیاواز بەشداریی دەکەن.

## هاوپەیمانییەکان

لە کۆی ئەو (٢٨٦) قەوارە سیاسییەی، کە متمانەیان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وەرگرتووە، (١٦٧) کیانیان لە چوارچێوەی (١٢) هاوپەیمانێتیدا یەکیانگرتووەتەوە، کە گرنگترینیان (ئیئتیلافی وەحدەی عێراق (٣٨) قەوارە، کە گەورەترین هاوپەیمانییە، ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا (٣٦) قەوارە، ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی (٣٢) قەوارە، لیستی عێراقییە (٢٠) قەوارە، لیستی هاوپەیمانی (١٣) قەوارە، بەرەی تەوافوق (٤) قەوارەو هاوپەیمانیی هێزە عێراقییەکان (٤) قەوارە، هاوپەیمانیی یەکێتیی نیشتمانیی (٨) قەوارەو هەریەکە لە ئیئتیلافی کارو ئیئتیلافی عەشتارو یەکێتی گەلو ئیئتیلافی ئیرادەو تەغیر هەریەکەو لە (٣) قەوارە پێکهاتوون»و (١١٩) قەوارەی سیاسیش بێ ئەنجامدانی هیچ هاوپەیمانییەک بەتەنیا بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەن.

## پاڵێوراوان:

بەپێی هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکان هەرلیستەو بۆی هەیە لە سنووری بازنەیەکی هەڵبژاردندا (پارێزگایەک) دوو ئەوەندەی ژمارەی کورسییەکان ناوی پاڵێوراو پێشکەشی کۆمسیۆن بکاتو بەشداریی کێبڕکێکانی پێبکات، بەم پێیەش بۆ بردنەوەی (٣١٠) کورسی هەموو پارێزگاکانو (١٥) کورسی قەرەبوو، کە دەکاتە (٣٢٥) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو لە هەر پارێزگایەکدا، هەر لیستەو دەتوانێت دوو ئەوەندەی ژمارەی کورسییەکان پاڵێوراو پێشکەش بکات، بۆ نموونە بۆ پارێزگای سلێمانی هەرلیستەو دەتوانێت (٣٢) پاڵێوراوی هەبێت بۆ (١٧) کورسی پارێزگاکە.

دەربارەی زۆریی ژمارەی پاڵێوراوانو چۆنێتی جێکردنەوەی ئەو ناوانە لەسەر وەرەقەی دەنگدان، کە هەڵبژاردنەکە بە سیستمی لیستی نیمچەکراوە بەڕێوەدەچێت، حەیدەری وتی: «زۆریی ژمارەی ناو کێشەمان بۆ دروست ناکات لەسەر وەرەقەی دەنگدان، چونکە لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا زیاتر لە (٥٠٠) قەوارە بەشداربوون، ئێستا ڕێژەکە کەمبووەتەوە بۆ (٢٨٦) قەوارە».

بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەوە دانانی کورسی مەسیحییەکان بۆ یەک بازنەی هەڵبژاردنو گۆڕانکاریی لە ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا، دووجار ماوەی وەرگرتنی ناوی پاڵێوراوەکان درێژکرایەوە، لە ڕۆژی شەممە (١٢/١٢)ەوە دووبارە تەرخانکرایەوە بۆ وەرگرتنی ناوی پاڵێوراوانو تا سبەی چوارشەممە (١٢/١٦) بەردەوام دەبێت، لەکاتێکدا بەپێی زانیاری سەرچاوەیەکی ئاگادار دوای کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبی دەعوەو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە بەغدا، جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیو نوری مالیکی سەرۆکی حیزبی دەعوە داوای درێژکردنەوەی ئەو وادەیەیان کردووە.


فەرەج حەیدەری

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە کۆبوونەوەی کۆمسیۆن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، ڕای وابوو فرسەتی زیاتر بدرێت بە کیانەکان بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوەکانیانو ئێمەش دراسەی دەکەین، ئەگەر بوار هەبێت ڕەنگە ئەو وادەیە بۆ چەند ڕۆژێک درێژبکرێتەوە لە حاڵەتێکدا ئەگەر قەوارەکان فریای پێشکەشکردنی ناوەکان نەکەوتن، بەڵام تائێستا مەبدەئیەن کۆمسیۆن بڕیاری لەسەر نەداوە».

## دەنگدانی دەرەوە یەکلایی نەکراوەتەوە

بەپێی هەمواری یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) پەسەندکرا، دەنگدەرانی دەرەوە دەتوانن دەنگ بە پاڵێوراو و لیستی پارێزگاکانی خۆیان بدەنو هەروەک کۆمسیۆن سندوقی دەنگدان دەباتە ئەو وڵاتانەی، کە (٢٠) هەزار دەنگدەر زیاتری تێدابێت، بەوتەی سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ژمارەیەک وڵات ڕازی بوون لەسەر دەنگدانی ئاوارە عێراقییەکانو وەڵامیانداوەتەوە، هەندێک وڵاتیش تائێستا وەڵامیان نەداوەتەوەو پرۆتۆکۆڵیان ئیمزا نەکردووە، وتیشی: «تائێستا ئالیەتێکی ڕوون نییە بۆ دەنگدانی دەرەوەی وڵاتو بۆ ئەو مەبەستەش ئەنجومەنی نوێنەرانمان ئاگادارکردووەتەوە لەو کێشانەی دێتە بەردەم دەنگدەرانی دەرەوە، بۆ ئەوەی ئالیەتێک بدۆزنەوەو پسوڵەی دەنگدانیان بۆ دروست بکەین».

## بانگەشەی هەڵبژاردن:

سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەوەشی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد؛ دوای پەسەندکردنی پاڵێوراوی قەوارە سیاسییەکان، کۆمسیۆن ڕێو شوێنو بڕیاری پێویست دەردەکات بۆ چۆنێتی بەڕێوەچوونی پروپاگەندەو بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، بەڵام تائێستا کاتەکەی دیارینەکراوە.

حەیدەری وتیشی: «لەبەرئەوەی تائێستا قانوونی حیزبەکان لە عێراقدا نییە، قانوونی موعارەزەش نییە، کۆمسیۆنی باڵاش ناتوانێت بە تەنیا ئیستیعابی ئەوە بکات، بەڵام هەوڵدەدەین ئیجرائاتەکان توندتربکەینەوە، بەراورد لەگەڵ ڕابردوو بەتایبەتی لە دانانی دروشمەکانی هەڵبژاردنو بەکارنەهێنانی فەرمانگەکانی حکومەتو ڕێوشوێنەکانی دیکە».

## ژمارەدان بە قەوارەکان


قاسم عەبودی، وتەبێژی ڕەسمیی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند: بڕیارە ڕۆژی (١٢/٢٣) کۆمسیۆنی باڵا تیروپشک بکات بۆ پێدانی ژمارە بۆ قەوارە سیاسییەکان لەسەر کارتی دەنگدان.

هاوکات دوای کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی کۆماری عێراقدا، بڕیاردرا ڕۆژی (٣/٦) بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دابنرێت، بەڵام دواتر سەرۆکایەتی کۆمار بڕیاریدا ڕۆژەکە بگۆڕێتو بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (١٠٩)، کە لە (٢٠٠٩/١٢/١٣) دەرچووە بڕیاردرا بە دیاریکردنی ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

## بودجەی هەڵبژاردنەکە:

هاوکات حەمدییە حوسەینی سەرۆکی بازنەی هەڵبژاردنەکان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند: وەزارەتی دارایی عێراق ڕەزامەندیی نیشانداوە لەسەر تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بە چەند پێشینەیەکو وتیشی: «بودجەی پێشنیازکراو (٢٨٠) ملیۆن دۆلارە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکەو دابینکردنی پێداویستییە هونەرییو لۆجستییەکانو ئەنجامدانی گرێبەست بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەڵبژاردن».

# ئەو پیاوەی تاڵەبانی پێیوت: «کوردت هەستانەوە» یەکێتی ئۆتۆمبێلەکەی لێوەردەگرێتەوە


جەمال محەمەد

ڕۆژنامە

مامۆستا جەمال حاجی محەمەد، کە زیاتر لە سی ساڵ خزمەتی یەکێتیی کردووەو لە ڕابردوودا تاڵەبانی بە «ڕزگارکەری کورد» ناوی دەبرد، ئەمڕۆ حیزبەکەی تاڵەبانی ئۆتۆمبێلەکەی لێوەردەگرێتەوە.

بەپێی نووسراوی (٤٩٥) مەکتەبی ئیدارەو دارایی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/١٢) ئاراستەی جەمال حاجی محەمەد کراوە، داوای گەڕاندنەوەی ئۆتۆمبێلەکەی دەکات.

هەروەک تێیدا هاتووە: «لەبەر بەرژەوەندیی گشتییو بارودۆخی ئەمنی هەرێمی کوردستان، تکایە بفەرموون بە گەڕاندنەوەی ئۆتۆمۆبێلی ژمارە (٣٠٩٩٣) لە ماوەی دە ڕۆژدا».

جەمال حاجی محەمەد، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (باڵی ڕیفۆرم) بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نامەیەکی لەو شێوەیەم بۆ بنێرێت، بەڕاسی ئەو نامەیە جێی سەرسووڕمانە، من ماوەی (٣٢) ساڵە لە یەکێتیدا بێ وەستان خەباتم کردووەو دەیان قوربانیم داوە، بەپێی هەموو پێوەرێک هەر کەسێک (٣٢) ساڵ خزمەتی حیزبێک بکات، کۆمەڵێک هەقی بەسەر ئەو حیزبەوە هەیە، جگە لەوەش مام جەلال لە دەیان شەڕو داستاندا وەسفی منی کردووە، بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٩١) دەڵێت: مامۆستا جەمال (کوردی هەستانەوە)، بەڵام بەداخەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەبێ گوێدانە خەباتو قوربانیی من لە ئێستادا داوای ئۆتۆمبێلەکەم لێدەکەنەوە.

«ڕاستە ئێستا من لەگەڵ یەکێتیدا نەماوم، بەڵام سەنگەری خەڵکی لێقەوماوو دڵسۆزم گرتووە».

وتیشی: «یەکێتی لە ئێستادا خۆشەویستیو وەفای بۆ خەڵکە دڵسۆزو خەباتکارەکەی نەماوە، بە بڕوای من ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی ئێستا بارودۆخی ئەو حیزبە بەرەو خراپتر دەبات».

جەمال محەمەد، لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە لە ڕیزەکانی ڕێکخستندا کاریکردووە، لە ساڵی (١٩٨٠)دا بووەتە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیو ئەندامی فەرماندەی گشتیی، دوو براو چەند کەسێکی بنەماڵەکەی شەهیدی یەکێتیین، لە شەڕی ناوخۆدا بریندارکراوە، بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە ماوەی چەند مانگێکە ڕیزەکانی یەکێتی بەجێهێشتووە.

ژمارە (560) سێشەممە 2009/12/15
hewal. rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

# دواجار هەرێمیش لەسەر (دەتەپە) هاتە دەنگ

**بەرهەم خالید**

بڕیاری داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لەلایەن دادگای دەستووریی ئەو وڵاتەوە کاردانەوەی جۆراوجۆری لە ناوەندە جیهانییەکاندا لێکەوتەوە، وتەبێژی حکومەتی هەرێمیش دەڵێت نابێت دەستوەردەنە کاروباری دراوسێکانو بەشێک لە پەرلەمانتارانی کوردستانیش نیگەرانن لەو بڕیارەو بە پێویستی دەزانن، لایەنە رەسمیەکانی هەرێم هەڵوێستیان هەبێت، دوێنێش سەرۆکایەتی هەرێم نیگەرانی خۆی لە بڕیارەکە راگەیاند.

رۆژی (١١)ی ئەم مانگە، سەرۆکی دادگای باڵای دەستووریی تورکیا، هاشم کیلیچ بڕیاری قەدەغەکردنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی ناسراو بە (دەتەپە)ی راگەیاندو وتی: «ئەو پارتە بە تۆمەتی ئەوەی، سەرچاوەی ئەو چالاکییانەیە کە زیان بە سەربەخۆییو یەکپارچەیی تورکیا دەگەیەنن، داخراوە».

دوای بڕیارەکەش هەریەکە لە یەکێتیی ئەورووپاو کۆشکی سپی بە شێوازی جیا هەڵوێستی خۆیان راگەیاند.

د.کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێم لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند، ئەگەرچی هیچ بۆچوونێکی ئەنجومەنی وەزیران رانەگەیەنراوە، بەڵام حکومەتی هەرێم هێڵێکی گشتیی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە چارەسەری کێشەی کورد لە هەر پارچەیەکی تری کوردستان لە رێگەی ئاشتیو گفتوگۆوە بێت، چونکە ئەوە دەبێتە سەقامگیربوونی ئاشتی لە تەواوی ناوچەکەو وتیشی: «پەیوەندیمان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای دەستوەرنەدانە لە کاروباریی ناوخۆییو رێزگرتنە لەیەکتر، لە هەمانکاتیشدا پێمان باشە رێگای ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بگیرێتە بەر».

دوێنێش دوای ٤ رۆژ لە بڕیارەکە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا نیگەرانی خۆی لە بارەی بڕیاری قەدەغەکردنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (دەتەپە) دەربڕیو لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە :» سەرۆکایەتی خۆشحا□ بوو بەرامبەر کرانەوە دیموکراتییەکەی حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدان بەرامبەر بە رەوتی ریفۆرمخوازیو گەشەکردنی زیاتری دیموکراسی لە تورکیا و هیوادارە کە ئەم بڕیارەی دادگای باڵای دەستووریی تورکیا نەبێتە هۆی راگرتنی ئەو پرۆسە گرنگە و خوازیاریشە هەموو لایەک شوێنی سیاسەتی ئاشتبوونەوە بکەون بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەیە».

لە کۆی (٥٥٠)کورسیی پەرلەمانی تورکیا، پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی خاوەنی (٢١)نوێنەرەو دوا بەدوای بڕیارەکەش ئەوانیش کشانەوەی خۆیان لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە راگەیاند.

فرسەت ئەحمەد، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە رەخنە لەو بڕیارەی دادگای ناوبراو دەگرێتو پێیوایە، پاڵنەری سیاسی لە پشت ئەو بڕیارەوەیەو ئەوەش زیان بە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیاو کرانەوەی ئەو وڵاتە دەدات کە بەم دواییە بۆ چارەسەری کێشەی کورد رایگەیاندبوو، چونکە ئەو پارتە لایەنێکی گرنگی پرۆسەی ئاشتی بوو لە تورکیاو کاری سیاسی لە چوارچێوەی دەستووری تورکیادا ئەنجامدەداو نوێنەری لە پەرلەمان هەیە.

هەروەها د.جەعفەر عەلی، پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بڕیاری داخستنی دەتەپە ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە «عەسکەر» لە تورکیا دەسەڵاتی تەواوی هەیە لەو وڵاتەدا، بۆیە ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە کە دژایەتی کورد بکرێت لەلایەن عەسکەری تورکیاوەو بێدەنگی سەرۆکایەتیو حکومەتی هەرێمو پەرلەمانیش بە کەموکورتی دەبینێت لە ئاست ئەو هەنگاوەو وتیشی: «رەنگە کێشە بۆ پەیوەندیی هەرێمو تورکیا دروست بکات، بەڵام پێویستە ئەو لایەنانە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەڵوێستیان هەبێت لە بەرامبەر ئەو هەنگاوە مەترسیدارە، لە کاتێکدا یەکێتیی ئەورووپا ئیدانەی بڕیارەکەی کردووە، بەڵام لە کوردستان کە هاوخوێنو هاوخەباتو هاوزمانین، دەنگێک نابیستین بۆ ئیدانەکردن».

دەتەپە لە (٩)ی تشرینی دووەمی ساڵی(٢٠٠٥)دا دامەزراوەو لە هەڵبژاردنی رابردووی تورکیادا توانی (٢١)کورسیی پەرلەمانی تورکیا بەدەستبهێنێتو (٩٨)پۆستی شارەوانیش مسۆگەر بکات.



# رۆژنامەنووسانو نووسەران دژی داخستنی دەتەپەن

**رۆژنامە**

ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانو نووسەرانی هەرێمی کوردستانو گروپی رۆژنامەنووسانی بێ سنوری کوردستانو پەیمانگای کوردستان بۆپرسە سیاسییەکان، لەسێ بەیاننامەی جیاوازدا ئیدانەی داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دەتەپە) دەکەنو داوا لەهەموو مافپەروەرانو پەرلەمانو یەکێتی ئەورووپاو وڵاتانی جیهان دەکەن فشاربخەنەسەر تورکیا بۆ گرتنەبەری کرانەوەی دیموکراسی لەتورکیا بۆ ئەوەی مافی گەلی کوردو کۆتاکانی دیکەی ئەو وڵاتە دەستەبەربکرێت داواش دەکە ریفۆرمە سیاسییەکان خێرا بکرێنو دەستووری تورکیا بگۆڕدرێتو قانونی کاری سیاسیی لەو وڵاتە بە شێوەیەکی دیموکراسی دابنرێت، بەجۆرێک داخستنی پارتی سیاسیی بەربەستی بخرێتە بەرو بواری بەشداریی سیاسیی لە تورکیا فراوانتر بکرێت.

لەبەیاننامەکەی پەیمانگای کوردستاندا بۆ پرسە سیاسییەکان هاتووە «لە کاتێکدا هەوڵەکان بۆ ئاشتکردنەوەی گەلانی تورکیا لەگەڵ دەوڵەت لە ئارادابوون، دادگای تورکیا بڕیاریدا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP ی خاوەن (٢١)ئەندامی پەرلەمان لە تورکیا دابخرێت. هەرچەندە دادگای دەستووریی بە گوێرەی مادەی (٦٩) لە دەستووری تورکیا ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە، بەڵام کاتی دەرچوونی بڕیارەکە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە بڕیارێکی سیاسیی بێتو مەبەست لێی جارێکی دیکە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیی بێت لە تورکیا، بێگومان ئەو مەرامە خزمەتی پرۆسەی دیموکراسییو ریفۆرمەکان ناکات لە تورکیاو خەونی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا دووردەخاتەوە».

هاوکات لە بەیاننامەیەکی تردا کە ئیمزای ٣٠ رۆژنامەنووسو نوسەری هەرێمی کوردستانی لەسەرە ئیدانەی داخستنی دەتەپە دەکەنو پشتگیریی بۆ خەباتی رەوای باکوری کوردستان رادەگەیەننو داواش لەهەموو نووسەرو رۆژنامەنووسو نیشتمانپەروەران دەکەن کە دژی ئەم بڕیارە بوەستنەوەو مەحکومی بکەن.



# پاش دەتەپە؟!



**ئاسۆ عەبدوللەتیف**

هەم دادگای باڵاو هەم جەنراڵو سوپاکەیو پارتی دادوگەشەپێدانو حیزبەکانی دیکەی تورکیا، ناخوازن هیچ هێزو رەوتێکی کوردی بە موخاتب وەربگرن بۆ چارەسەری کێشەی کورد. بە موخاتب وەرنەگرتنی هیچ حیزبو گروپێکی کوردی، هەم خۆپیشاندانو توندوتیژییو کوشتو کوشتاری وەک ئێستای شارەکانی باکووری لێدەکەوێتەوە، هەم خەباتی چەکداریش درێژە پێدەدات، خوێنبەربوونی تورکیاش درێژدەکاتەوەو بوونە ئەندامی یەکێتی ئەورووپاش دەکاتە مەحاڵ، تورکیا لە رووی فیزیکییەوە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی «دەتەپە»ی داخست، بەڵام لە رووی ئیرادەو واقیعەوە گەورەتری کردو نازناوەکەی پڕماناتر کرد بۆ رای گشتیی، ئەم گورزە کە بۆ کوردو دەتەپە خەباتەو چاوەڕوانکراویش بوو، بەڵام بۆ خودی دیموکراسییەتو بەرژەوەندییە سیاسیو ستراتیژییەکانی تورکیاو ئابوورییەکەی مایەی زیانەو گورزێکی نالۆژیکییەو شەرعییەت بە پەکەکە دەدات بۆ خەباتی چەکداریی توندتر، تاکە حیزبی مەدەنیو بێچەکی کورد لە ناو تورکیا دەتەپە بوو، رێبەرەکەشیان ئەحمەد تورک بوو کە لە بەردەستی خۆیانو لە پەرلەمان بوو، کە دەتوانرا دیالۆگی لەگەڵ بکرێت جیاواز لە پەکەکە، کە چەکدارنو لە شاخنو رێبەرەکەشیان کە سەرۆک ئاپۆیە لە زیندانی ئیمراڵییەو تورکیا شەرمەزارەو ناخوازێ دیالۆگی لەگەڵ بکات، ئەوەی کە بەباشی دەتوانرا بە موخاتب وەربگیرێت دەتەپە بوو، بەڵام تورکیا عەقڵانییەتی بەکارنەهێناو ئەو دەرفەتو کاریتە سیاسییەی کە هەبوو لەنێوان خۆیو کوردا پساندی، رەنگە بەم کارە قەبارەی چەکدارانی پەکەکەش زۆر بەرفراوانتربێتو رۆحییەتی شۆڕشگێڕیشیان باشتر تاوبستێنێ دژی ئەو پاکتاوە سیاسییە، خەشمو رقی تاکی کوردیش بێگومان زیاتر دەبێتو ئارامیی شارە کوردییەکانیش بەرەو خراپیی دەڕۆن، دیارە پەیوەندییەکی سیاسی ئەوتۆ نییە لەنێوان حیزبە کوردییەکانی باکوورو باشووری کوردستانداو هێشتا بە رەسمیی حیزبێکی دەسەڵاتداری کوردی باشوور مواجەهەی رەسمیی دەتەپەیان نەکردووە لە تورکیا، بەڵام ئەحمەد تورک، سەرۆکی دەتەپە بۆ دووەمجار لە (٢٠٠٩/٩/١٥) ئازایانە سەردانی باشووری کوردستانی کردەوە تاوەکو میانەو گەرموگوڕیی پەیوەندیی لەنێوان دوو پارچەی دابەشکراوی کوردستاندا برەوپێبدات بەرەو مژارکردنی پرسی چارەسەریانەی دۆزی کورد، بەڵام بەهەند وەرنەگیرا، هەموومان دەزانین پەیوەندییەکی ساردوسری سیاسی لەسەر ئاستی حیزبیی هەیە، ئەمە خەوشەو خەوشەکەش سیاسەتی تۆتالیتاریزمی دەوڵەتیانەی تورکو عێراق دایانڕشتووەو نەدەبوو کوردو دەسەڵاتدارانی باشوور ئەوەندە چاویان کەلا بکەن لەئاست ئەو ساردیانەو ئەو کێشەو پەرەسەندنە قووڵانەی باکوور، بەتایبەتی پرسی داخستنی دەتەپە، ئەوەش روونە کە لە ئاستی جەماوەریو میللیدا ئێمە خاوەنی یەک کێشەو دۆزی نیشتیمانینو دەتەپەش نازناوێکە بۆ کێشەیەکی گەورە، کە مەحاڵە بشاردرێتەوەو هەر دەبێت سبەی موخاتبو نوێنەرو چارەسەرکەری کێشەی کوردی باکوور بێت، وەک چۆن کوردو دەسەڵاتدارانی باشوور نایانەوێت لە بەغدا کەس بەناویانەوە گفتوگۆو مشتومڕ بکات، ئاواش دەتەپەو پەکەکە دەخوازن لە ئەستەمبوڵو ئەنقەرەو ماردینو ئامەد خۆیان بڕیاردەری چارەنووسی خۆیان بن، نەک ئاکەپە، دەتەپەش دیارە نازناوە بۆ دۆزی میللەتێکو راستە داخستنەکەی زیانێکی گەورەیە، بەڵام کۆتایی کورد نییە وەک چۆن داخستنی «پەچەدەکە، پارتی چارەسەر» لە کوردستانی باشوور لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە کۆتایی پەکەکە نەبوو!

# نوێنەرانی کورد لە بەغدا ناگەڕێنەوە بۆ مەرجەعی یاسایی و دەستووریی

پشتیوان سەعدوڵڵا



**تائێستا بۆ هیچ مەسەلەیەکی چارەنووسساز نوێنەرانی کورد لە بەغدا نەگەڕاونەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمان نەیتوانیوە بانگهێشتی نوێنەرانی کورد لە بەغدا بکات، هاوکات چەند پەرلەمانتارێک هۆکارەکەی بۆ کەمتەرخەمی هەردوولا دەگەڕێننەوە**

بە مەبەستی بەشداریکردنی پەرلەمانی کوردستان لە بڕیاردان لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چەند رۆژێک لەمەوبەر وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی بەغدای کرد، بەڵام بە وتەی ئەندامانی وەفدەکە، نوێنەرانی کورد لە بەغدا پێش پەسەندکردنی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن، بێئەوەی پرس بە وەفدەکە بکەن، دەنگیان بە یاساکە داوە، بەوهۆیەشەوە وەفدی پەرلەمانی کوردستان دوای پەسەندکردنی یاساکە نیگەرانی خۆیان لەو هەنگاوەی نوێنەرانی کورد دەربڕی.

د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، کە سەرۆکایەتی وەفدەکەی دەکرد، رایگەیاند: لەناو هۆڵی پەرلەماندا فێڵیانلێکردین، بێ تەنسیقییەک لەنێوان هەرێمی کوردستان و نوێنەرانمان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەیە، بێ تەنسقییەک لەنێوان هەرێمی کوردستان و وەزیرە بەڕێزەکانی بەغدادا هەیە، پێویستە ئەو میکانیزمە رێکبخەین و پێکەوە بڕیار بدەین.

بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)، کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان و لە دیاریکردنی پەیوەندی دەستووریی لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەوپێیەش پەرلەمانی کوردستان مافی بانگهێشتکردن و لێپرسینەوەی نوێنەرانی کوردی لە بەغدا هەیە.

هەروەک تێیدا هاتووە: «ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق تاکە مەرجەعی سیاسیی و دەستوورییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق و لە دیاریکردنی پەیوەندی دەستووریی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵ داو دەبێت نوێنەرانی گەلی کوردستان (کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی)یدا (ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێستا)، لە کاتی خستنەڕووی هەر حوکم و مادەیەک، کە پەیوەندی راستەوخۆ یان ناڕاستەخۆی بە بەرژەوەندی گەلی کوردستانەوە هەبێت، بگەڕێنەوە سەر پرس و رای پەرلەمانی کوردستان.

سەرەڕای بوونی ئەو بڕیارە، تائێستا کاری پێنەکراوە و چەند پەرلەمانتارێکیش هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ زاڵبوونی هەیمەنەی حیزب بەسەر پەرلەمانەوە.

> «لە رابردوودا مەکتەب سیاسییەکانیان خۆیان بە عەلەمداری پرسە نەتەوەییەکان زانیوە و هۆکاربوون بۆ ئەوەی پەرلەمان ئەو رۆڵە نەبینێت»

بورهان رەشید، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان و لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: تائێستا کار بەو بڕیارەی ساڵی (٢٠٠٥) نەکراوە و هۆکارەکەشی بۆ کەمتەرخەمیی پەرلەمان دەگەڕێتەوە، پەرلەمانی کوردستان لە رابردوودا هەیمەنەی حیزب زاڵبووە بەسەریدا، لە ئێستاشدا لیستی کوردستانی لە پەرلەماندا زۆرینەن و ئەو لیستەش بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسیی جێبەجێ دەکەن.

هاوکات عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: پێویستە لە مەسەلە هەستیارەکاندا پرس و راوێژ بە پەرلەمانی کوردستان بکرێت، پەرلەمانی کوردستانیش بۆی هەیە بەدواداچوون بکات بۆ ئەو مەسەلانەی، کە پەیوەندییان بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، بە داخەوە لە خولی پێشوودا پەرلەمان ئەو کارەی نەکردووە و بڕیاری ژمارە (١)ی (٢٠٠٥)ی جێبەجێنەکردووە، بەڵام لەم خولەدا بوونی ئۆپۆزسیۆن جووڵەی خستووەتە ناو پەرلەمانەوە و تارادەیەک پەرلەمان ئەو رۆڵە دەبینێت.

عومەر عەبدولعەزیز بە پێویستی دەزانێت نوێنەرانی کورد لە بەغداو حیزبە دەسەڵاتدارەکان رێز لەو بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان بگرن و لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، «بەڵام حیزبە دەسەڵاتدارەکان هۆکاربوون بۆ ئەوەی پەرلەمان ئەو رۆڵە نەبینێت و مەکتەب سیاسییەکانیان خۆیان بە عەلەمداری پرسە نەتەوەییەکان زانیوە».

ئەوەشی راگەیاند: دەبێت هەمووان بگەنە ئەو قەناعەتەی پەرلەمانی ئێستا جیاوازترە لە پێش خۆی، بۆیە دەبێت ئەو بڕیارەی کە پەرلەمانی کوردستان دەکاتە تاکە مەرجەع جێبەجێ بکرێت.

وتیشی: ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆن دەستبەرداری ئەو مافەی پەرلەمان نابین و هەوڵدەدەین بۆ ئەو مەبەستەو ناهێڵین ئەو حاڵەتەی خولەکانی پێشووی پەرلەمان دووبارەببێتەوە.

لە چەند رۆژی رابردوودا پەرلەمانتارانی هەردوو فراکسیۆنی گۆڕان و کۆمەڵ دەستیانکرد بە ئیمزا کۆکردنەوەی بە مەبەستی بانگهێشتکردنی مەسعود بارزانی و سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و نوێنەرانی کورد لە بەغدا، هەرچەند داواکارییەکە جێبەجێ نەکرا، بەڵام وابڕیارە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی نائاسایی بۆ ئەم مەسەلەیە ساز بکات.

بورهان رەشید، وتیشی: «ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان پێشنیازمانکردووە نوێنەرانی کورد لە بەغدا بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش داوای کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمانمان کردووە».

ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەگەڵ ئەوەی پێیباشە لە مەسەلە هەستیارەکاندا پرس بە پەرلەمانی کوردستان بکرێت، ئەوەش دەخاتەڕوو، کە تائێستا پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە داوای لێنەکردوون.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات، پێویستە لەو کێشانەی، کە پەیوەندییان بە چارەنووسی کوردستانەوە هەیە، نوێنەرانی کورد پرس و راوێژ لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان بکەن، بەڵام تائێستا ئەو کارە نەکراوە، تائێستا پەرلەمانی کوردستان داوای لە ئێمە نەکردووە، بۆ هیچ مەسەلەیەک.

## بەڵێنی زارەکی، مێژوو بە کورد دووبارە دەکاتەوە

# «بەڵێنەکانی کۆشکی سپی گەرەنتی نین»

هەستیار قادر

بە رای پسپۆڕێکی مێژوویی، پشتبەستنی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە بەڵێنی زارەکی، هەڵەی مێژووییەو باوەڕپێکردنیشی جۆرێکە لە ساویلکەیی، هاوکات ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانیش دەڵێت «دەبوایە کورد دانی بەوەدا بنایە کە لەیاسای هەڵبژاردندا زیانی لێکەوتووە، نەک بڵێت شتێکی باشم کردووە».

### سازش بەرامبەر بەڵێن

لە سەروبەندی قایلبوونی سەرکردایەتی سیاسیی کوردا بە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و کەمکردنەوەی رێژەی کورسییەکانی پەرلەمانی داهاتووی عێراق لە نزیکەی (١٦,٦٪)ەوە بۆ (١٢,٧٪)، دەنگۆی بەڵێنی زارەکی حکومەتی ئەمریکا بە کورد، هاتە ئاراوە، سەبارەت بە جێبەجێکردنی چەند بەڵێنێک لەبەرامبەر سازشکردنی سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان و ئەو دەنگۆیانەش لە کۆبوونەوەکانی نێوان نوێنەرانی کورد لە بەغدا لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکاو پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی هەریەک لە باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکاو جۆ بایدنی جێگری لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمدا هاتە ئاراوە، سەرچاوەکانی هەواڵیش ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو بەڵێنانە زۆربەی لە بازنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)دا سوڕاونەتەوە.

لەوبارەیەشەوە د.مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان پێیوایە، ئەمریکا هیچ بەڵێنێکی بە کورد نەداوە، پێشتریش بەڵێنی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی داوەو جێبەجێ نەکراوەو جێبەجێکردنی ئەو مادەیەش لە دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدایە، نەک ئەمریکا.

د.مەحمود عوسمان دانی بەوەدا نا، کە کورد لە ژێر گوشاری زۆری ئەمریکاو لایەنەکانی دیکەدا بووە سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنەکان، بەڵام وتی «نەدەبوو کورد بیوتایە کارێکی باشم کردووە، باشتر وابوو دانی بەوەدا بنایە کە لەژێر گوشاری ئەو لایەنانەدا، بە شتێک قایل بووە کە هەموو بەرژەوەندییەکانی تیانییەو بوونی ئەم گوشارانەش پاساوی ئەو سازشانە نین کە کراون».

### 2+١٤٠

یەکێک لەو بەڵێنانەی ئەمریکا کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد پشتی پێدەبەستێت بۆ پاساوهێنانەوە بۆ سازشەکانی لەسەر یاسای هەڵبژاردن، بەیاننامەی راگەیاندنی کۆشکی سپی بوو کە تیایدا باس لە پابەندبوونی ئەمریکا دەکات بە دەستووری عێراقەوە بە مادەکانی (١٤٠ و ١٤٢)ەوە کە کورد نەیتوانی لەماوەی چەند ساڵی رابردووی بەهێزی خۆیدا لەبەغدا مادەی ١٤٠ جێبەجێی بکات، بەڵام کێشەی ئەم بەیاننامەیە لەوەدایە کە یەکەم: لە بەشی راگەیاندنی کۆشکی سپییەوە دەرچووە نەک باڵیۆزخانەی ئەمریکاو دووەمیش شانبەشانی رێزگرتنی لە مادەی (١٤٠) هەمان رێزیشی لە مادەی (١٤٢)ی دەستوور گرتووە کە کورد بە گرێیەکی دیکەی ناو دەستووری دادەنێت و دەشێت لەهەر ئان و ساتێکدا لەدژی کورد بەکاربهێنرێت، کە تایبەتە بە هەموارکردنی دەستوورەوەو لە ماوەی (٤)ساڵی رابردوودا، عەرەبە سوننەکان و بەشێک لە شیعەکان کاریان بۆ جێبەجێکردنی کردووە، کە تێیدا هەوڵدەدرێت دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و جۆری سیستمی حوکمڕانی و لەسەروو هەموشیانەوە تیشکخستنەسەر مادەی (١٤٠) بە گۆشەی ئێکسپایەربوونی لەلایەن سوننەکانەوە.

### مۆتەکەی بەڵێنی زارەکی

بەڵێندانەوە بە کورد لەلایەن ئەمریکا یان بەغداوە، پرسیاری لەسەر ئەگەری جێبەجێکردنی دروستدەکات و بە رای کامەران بابانزادە، پسپۆڕی بواری مێژووی کورد، قایلبوونی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەو جۆرە بەڵێنانە، ساویلکەییەو دەڵێت «ماوەی نێوان ساڵی ١٩٧٥ و ٢٠٠٣ ماوەیەکی زۆرەو کوردیش زۆرجار زاکیرەی لاوازەو ئەو قۆناغەی لەبیردەچێتەوە کە بە پەیمانی زارەکی فێڵی لێکراوەو لە دوای ساڵی (١٩٩١)یشەوە هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێریی ئەمریکادا بووە، بەڵام هیچ بەڵێنێکی نووسراوو رەسمیی نەبووە لەنێوان هەردوولاداو پشتبەستن بە بەڵێنی زارەکیش دووبارەبوونەوەی هەڵەی مێژووییە».

ئەو پسپۆڕە مێژووییە نموونەیەکی دیکەی ئەو دۆخەی هێنایەوەو وتی: «لە دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول لە نێوان ساڵانی (١٩٦٢-١٩٧٥) شەقامی کوردی و بەشێکی زۆری چاودێران پێیانوابوو، شای ئێران و ئەمریکا بەڵێنیان بە کورداوە بۆ سەرخستنی شۆڕشەکەی، بەڵام دوای رێکەوتنی جەزائیری ساڵی (١٩٧٥)، دەرکەوت کە هیچ بەڵێنێکی نووسراو لەو نێوەندەدا نەبووە».

### پەرلەمانی کوردستان چی پێدەکرێت؟

ئەگەرچی لە کاتی تاووتوێکردنی یاسای هەڵبژاردندا، شاندێکی پەرلەمانی کوردستان لە بەغدا بوون بەمەبەستی ئاگاداربوون لە رەوشەکە، بەڵام یاساکە بەو شێوەیە دەرچوو کە رێژەی کورسییەکانی کورد کەم بکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە پێشتر لە (١١/١٥)داو بەر لە ڤیتۆکردنی یاساکە لەلایەن تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆمارەوە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی سازداو سەرجەم لیستەکان هاوڕابوون لەسەر رێگەنەدان بە کەمکردنەوەی کورسییەکانی کورد،

بە رای زانا رۆستایی، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، پێشترو بەر لە ڤیتۆکردنی یاساکە، پەرلەمانی کوردستان بە کاری خۆی هەڵساوەو دانیشتنی سازداوە، بەڵام بە وتەی ناوبراو کێشەکە لەوەدایە کە پەرلەمانی کوردستان خۆی بڕیار نادات و بڕیاری بۆ دەدرێت و دەبێتە جێبەجێکار.

رۆستایی ئاماژەی بەوەشدا کە پەرلەمانی کوردستان دانوستاندن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان ناکات و ئەوەی ئەو دانوستاندنە دەکات سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتە، لەسەرئەوان پێویستە لەو گفتوگۆیانەدا دەستکەوت بەدەستبهێنن، وتیشی: «بۆشایی و دابڕانێکی زەقیش لە نێوان لیستی هاوپەیمانیی کوردستان و پەرلەمانی کوردستاندا هەیە لەسەر مەسەلە سیاسییەکان کە دەبێت تیایدا پەرلەمانی کوردستان مەرجەع بێت، بەڵام هیچ بنەمایەک دانەنراوە بۆ چۆنێتیی بە مەرجەعبوونی پەرلەمانی کوردستان».

## قادر عەزیز: حکومەت دوای یەک مانگ لە بەڵێنەکانی پاشگەزبووەوە

# پێش ٧/٢٥ هیچ لایەنێک ئۆپۆزسیۆن نەبووە

سازدانی: دلێر عەبدولخالق

**لە دیدارێکی رۆژنامەدا، قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە بارەی چارەنووسی حیزبەکەی بۆ بەشداریکردنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم ئاماژە بەوە دەکات؛ سەرەتا سەرۆک و جێگری راسپێردراوی حکومەت بەتکا داوایان لێکردوون کە بەشداریی کابینەکە بکەن، بەڵام دوای مانگێک هەڵوێستەکەیان گۆڕاوەو لە بەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەوە، بۆ ئەمەش هەڵوێستی یەکێک لە دوو حیزبەکە بە سلبی وەسفدەکات.**

**لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا، قادر عەزیز باس لە گۆڕانی نەخشەی سیاسیی هەرێم دوای هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز دەکات و دەڵێت: «پێویستە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دروستبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هاوکاتیش هەردوو بەرەکە بەدوای خاڵە هاوبەشەکاندا بگەڕێن، زیاتر لە خاڵە ناکۆکەکان».**

**رۆژنامە: بەشداریکردنی ئێوە وەک حیزبی زەحمەتکێشان (ئایندە) لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم گەیشتە کوێ؟**

* ئێوە ئاگادارن، دوای هەڵبژاردنەکان سەرۆک و جێگری راسپێردراوی کابینەکە، چەند جارێک سەردانی ئێمەیان کردو جاری یەکەم لەگەڵ من و سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دانیشتن و نەک هەر داوایان لێکردین، کە بەشداریی حکومەت بکەین، بەڵکو تکاشیان لێکردین لەبەر هەستیاری قۆناغەکە بەشداربین، بە منیشیان راگەیاند وەک حیزبی زەحمەتکێشان لەگەڵم کۆدەبنەوەو ئەوەی بەرامبەر ئێمە کراوە ناهەقیی و دژی دیموکراسیی بووە.

دوای ئەوە بڕیاری بەشداریکردنمان لە حکومەتدا، بەڵام بەو مەرجەی یەکەم: بەشداریکردنەکەمان فیعلی بێت، دووەمیش کابینەکە تەنیا بەرنامەی لیستی کوردستانی جێبەجێ نەکات، بەڵکو ئیش لەسەر کارنامەی لیستەکەنی دیکەیش بکات، چونکە هەموومان بەڵێنمان بە خەڵک داوە. دواتریش چەندین کۆبوونەوە کرا، بەڵام دوای مانگێک هەڵوێستەکەیان گۆڕاو لەو بەڵێنانە پاشگەزبوونەوە، کە بە ئێمەیان دابوو، هەتا ئەو پێوەرانەی ئەوان باسیاندەکرد بۆ بەشداریکردنی لایەنەکان ئەوەش لەبەرچاو نەگیرا، بەڵکو پێوەری ئەوان ئەوەبوو ئەو لایەنانەی رەخنەیان هەبووەو لە لیستی جیاوازبوون دەیانەوێت لە رێی ئەو کابینەوە پەراوێزیان بخەن، لە بەرامبەریشدا ئەو لایەنانەی، کە لێیان رازین و نزیکن لەو دوو حیزبە، نەک بەشدارییان پێکردن، بەڵکو سێ بەرامبەری خۆیان مافیان پێدان.

دواتر پێیانوتین، یەکێک لە دەزگاکانی ژینگەو مافی مرۆڤتان پێدەدەین ئێمەش لەبەر هەلومەرجی ناوخۆی خۆمان بەوەش رازیبووین، کە لەوانەیە لەم رۆژانەدا یەکلایی ببێتەوە.

**رۆژنامە: لەبارەی ئەوەی سەرەتا کابینەکە زۆر پەرۆشبوو بۆ بەشداریی ئێوە دواتر بەرە بەرە پەشیمانبوونەوە، بۆچوونێک هەیە دەوترێت: «یەکێک لە دوو حیزبەکە نایەوێت بەشداری بکەن».**

* بەڵی ئەو حاڵەتە هەیە، هەڵوێستی هەردوو حیزب وەک یەک نییە، بەڵام پێمانوایە؛ دوای هەڵبژاردنەکەو ئەو گۆڕانکارییانەی لە هەرێمدا بووە، پێویستە دەسەڵات رێز لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن، ئیرادەی خەڵک و جیاوازییەکان بگرێت، چونکە ناکرێت لەبەر ئەوەی پێشتر رەخنەم گرتووە، یان لیستی جیاوازم هەبووە، ئەمڕۆ تۆڵەم لێبکرێتەوەو باجی هەڵوێست و رەخنەکانمان بدەم.

**رۆژنامە: ئایا هەڵوێستی کابینەی شەشەم، بەرامبەر بە ئێوەو مانەوەی ئەو پرسە (بەشدارپێنەکردنتان) تائێستا تا چەند گوزارشتە لە هەڵوێستی د.بەرهەم ساڵح کە سەرۆکایەتی کابینەکە دەکات؟**

* بۆ مێژوو، رەئی د.بەرهەم لەسەر ئێمە زۆر ئیجابی بوو، کەسێکە باوەڕی بە دیموکراسیی هەیەو ئەوەی بەرامبەر حیزبەکەی ئێمە کرا، ئەوەی لێی نارازیبوو و پێشتریش بەو شێوە قسەی کردبوو، ئەگەریش ئەو شتێکی جێبەجێ نەکردبێت، ئەوا بۆی نەکراو بۆی نەچووەتە سەر، نەک خۆی نەیویستبێت.

**رۆژنامە: ئێوە خاوەنی کورسییەکی پەرلەمانن، واتە بەشداری سیاسیین بێ بەشداریی ئیداریی، بەو حاڵەوە ئێستا ئۆپۆزسیۆنن، یان دەسەڵات؟**

* پێش هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز هیچ لایەنێک لە کوردستان ئۆپۆزسیۆن نەبوو، راستە لیستی جیاوازمان هەبووە، بەڵام بە فەرمیی ئۆپۆزسیۆن نەبووین، ئێستاش ئەگەر بەشداریی لە حکومەت بکەین، ئەوا ئۆپۆزسیۆن نابین و پابەند دەبین بە بەرنامەی حکومەتەکەوە، ئەگەریش بەشداری نەکەین بێگومان بە ئۆپۆزسیۆنی لەدەرەوەی ئەو حکومەت و دەسەڵاتە دەمێنینەوە.

**رۆژنامە: لەبارەی کێشە ناوخۆییەکانی حیزبی زەحمەتکێشان، پەیوەندیتان لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیی چۆنە، ئایا تائێستا هیچ موبادەرەیەک هەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و نزیکبوونەوەتان؟**

* ماوەیەک لەمەوپێش مام جەلال موبادەرەیەکی زۆر جدیی کرد، منیش پشتیوانیم لەو هەڵوێستە کرد، بەڵام دیاربوو برادەرانی ئەولا رازینەبوون بە یەکگرتنەوەکە.

ئێستاش لێرەو لەوێ هەوڵ هەیەو پەیوەندییەکانیش تاڕادەیەکی باش ئاسایی بوونەتەوەو چەند جارێک یەکترمان بینیوە، لێرەوە هەوڵدەدەین هەر نەبێت پەیوەندییەکان ئاسایی بێتەوە، چونکە گرژییەکان هەردوولامان زەرەرمەند دەکات. راستە زروفی ئەو برادەرانە باشەو بودجەیان هەیە، بەڵام حیزبێکی گەورەترو کاریگەرترمان هەبێت باشترە لەوەی، کە ئێستا ئەوان هەیانە، بەوپێیەی بۆ حیزبێکی سیاسیی تەنیا بودجە بەس نییە. بودجە دەبێ لە خزمەتی مەسەلە سیاسییەکانی تر بێت، نەک بە پێچەوانەوە، دیارە ئەمڕۆ کەس لە برسا نامرێت، بەڵام بودجە بڕین بە مەبەستی سزادان و لاوازکردنی رۆڵی سیاسییە.

**رۆژنامە: راستە دەوترێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سێ حیزب (بزووتنەوە، سۆسیالیست و زەحمەتکێشان) لە هەوڵی ئەوەدابوون جۆرێک لە زەمانەتی سیاسیتان هەبێت لەو لیستەدا؟**

* زەمانەت بۆ کورسی پەرلەمان نییە، چونکە شێوەی هەڵبژاردنەکە، کە دەنگ بە نوێنەرەکان دەدرێت، هەر حیزبە دەنگ بۆ نوێنەری خۆی کۆدەکاتەوەو دەکەوێتە سەر کەسایەتی نوێنەرەکان، بۆیە لەم هەڵبژاردنەدا زەمانەت بۆ کەس نییە، تاکە زەمانەت ئەو دەنگەیە کە خۆت و نوێنەرەکەت بە دەستی دەهێنن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا کورسی تەعویزی و هەندێ دەنگی دیکەی لیستەکە هەیە، ئەگەر وەکو مەسەلەی کابینەکە غەدرمان لێنەکەن، هەرچەندە ئەو جیاکارییە هەر دەبێت و لە هەموو ئاستەکاندا رەنگی داوەتەوە.

**رۆژنامە: ئومێدتان لە بەرامبەر ئەو هەڵبژاردنەدا چۆنە؟ راستە هۆکاری بەشداریکردنتان لەو لیستە پەیوەندی بە باشکردنی هەڵوێستی دوو حیزبەکەوە هەیە بەرامبەرتان، بەتایبەت لە پێدانەوەی بودجەی حیزبەکەتان و چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکان؟**

* بەو هۆیەی هەڵبژاردنی عێراق یەک بازنە نییە، ئەنجامەکان بۆ ئێمە مسۆگەرنین، بەڵام ئومێدمان هەیە لە بازنەیەکیش بێت بەهۆی کەسایەتی و رابردووی پاکی کاندیدەکانمان چانسی ئەوەمان هەبێت، کە دەنگی باش بهێنین. هۆکاری بەشداریی ئێمە لە لیستی هاوپەیمانی دوای ئەوە هات، چوار لایەنەکەی لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری رێکنەکەوتین لەسەر ئەوەی بە لیستێک بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکەین، چونکە ئەگەر ئەو بڕیارە هەبوایە رەنگە ئێمەو سۆسیالیست بەشداریی حکومەتی هەرێمیشمان نەکردایە، دوای ئەوە یان دەبوو بە تەنیا دابەزین، یان چەند لیستێکی تر، بۆیە ئێمە پێمانباشبوو پەرش و بڵاو نەبین و بتوانین بە هەموومان لیستی هاوپەیمانی کوردستان زیندوو بکەینەوە.

**رۆژنامە: لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، زۆر باس لە گۆڕانی نەخشەی سیاسیی هەرێم و کاریگەریی ئەنجامەکان دەکرێت بەتایبەت دوای دەرکەوتنی چەند لیستێکی ئۆپۆزسیۆن و کەمبوونەوەی جەماوەریبوونی دوو حیزبەکە، بۆچوونی تۆ لەو بارەیەوە چییە؟**

* بێگومان دوای هەڵبژاردنەکە گۆڕانکاریی لە تەرازووی هێز لە هەرێمدا دروستبووە، دەبێت ئەو گۆڕانکارییەش وا تەماشا بکرێت، کە سروشتییە و لە ئەنجامی هەڵبژاردنەوە بووەو بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەتایبەت ئەوەی یەکەمجارە لە کوردستان هێزی ئۆپۆزسیۆن دروستدەبێت، بوونی ئۆپۆزسیۆنیش بە مانای هەبوونی دەسەڵاتێکی تەندروست و دیموکراسییە، کەواتە بەر لە هەرشتێک ئەو گۆڕان و دەرکەوتنی هێزە بۆ دەسەڵات خۆی پێویستە، بە مەرجێک لێکتێگەیشتن هەبێت لەنێوان هەردوو بەرەکە و خاڵی هاوبەش، کە زۆرترە لە خاڵە ناکۆکەکان لەبەرچاو بگیرێت. واتە دەسەڵات هەمووشتێکی ئۆپۆزسیۆن رەتنەکاتەوەو بە چاوێکی نەیارو ناحەزانە سەیری ئۆپۆزسیۆن نەکات، بەڵکو پێی وابێت ئەو هێزە بۆ قازانجی ئەوەو دەسەڵاتی ئەو بەهێز دەکات، هاوکاتیش ئۆپۆزسیۆنیش لە چوارچێوەی یاساو پەرلەماندا بەشێوەیەکی ئیجابی کارەکانی رێکبخات، لە کارە باشەکان هاوکاریی دەسەڵات بێت و لەو کارانەشی زیان بە بەرژەوەندی خەڵک دەگەیەنێت ئۆپۆزسیۆن بێتە دەنگ و رەخنە بگرێت و پڕۆژەی هەبێت.

**رۆژنامە: بە خوێندنەوەمان بۆ دۆخی سیاسیی هەرێم دەردەکەوێت، هاوکاریکردنی لایەنە سیاسییەکان و پشکیان لە بودجەدا بە فۆرمێکی یاساییدا رێکنەخراوە، هاوکاتیش لەبری ئەوەی ئیستحقاقی هەڵبژاردن و قەبارەی حیزبەکان لەو بوارەدا لەبەرچاو بگیرێت، زیاتر بەرژەوەندییە حیزبییەکان تەحەکوم بەسەر ئەو لایەنەوە دەکەن، ئەم ناهاوسەنگییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

* نەبوونی یاسایەک بۆ رێکخستنی بودجەی حیزبەکان لە هەرێمدا هۆکاری سەرەکی ئەو حاڵەتەیە، تائێستا نازانرێت پێوەرەکان بۆ پشکی پارتەکان لە بودجەیەدا چییە، ئێستا پڕۆژە بڕیارو پڕۆژەیاسایەک بۆ ئەو بابەتە لە پەرلەماندا هەیە، ئومێد دەکەین کابینەی شەشەم، کە زۆر جەخت لە کەمکردنەوەی دەستێوەردانی حیزب لە کاروباری ناوخۆی حکومەت دەکاتەوە، پەلە بکەن لە دەرکردنی ئەو یاسایەو بە شێوەیەکی عادیلانەو بەپێی چەند پێوەرێکی راست و دروست و ئیستحقاقی هەڵبژاردن دیاری بکرێت، ئەو کاتەش هەر لایەنە مافی خۆی وەردەگرێت، نەک وەک ئەوەی ئێستا هەیە ئەوەی لێی رازین سێ ئەندازەی خۆی بودجەی پێبدەن و ئەوەشی لێی رازینین، یان بودجەیەکی کەمی دەدەنێ، یان هەر نایدەنێ؟!

ئێمە کە (٩) مانگە بە شێوەیەکی زۆر نایاسایی بودجەمان بڕاوە، لە کاتێکدا زەحمەتکێشان مۆڵەتی یاسایی هەیەو لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی خەڵکی کوردستان و لە بەرەی کوردستانی بووین، کەواتە بڕینی بودجەی ئێمە سزای سیاسییە، نەک سزای یاسایی.

کاتی ئەوەشهاتووە دەسەڵات زەمینەیەکی تەندروست بۆ ململانێیەکی دیموکراسیی، شارستانیی و بونیادنەر لەنێوان حیزبەکان برەخسێنێت، نەک بەرووحیەتی تۆڵەسەندنەوە کار بکات.

**کاتی ئەوە هاتووە دەسەڵات زەمینەیەکی تەندروست بۆ ململانێیەکی دیموکراسیی، شارستانیی و بونیادنەر لەنێوان حیزبەکان برەخسێنێت، نەک بەرووحیەتی تۆڵەسەندنەوە کار بکات**


قادر عەزیز

# کێ جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقە؟


رەزا جەبار

ئەم یەک دوو مانگەی رابردوو، عێراق بە قۆناغی ململانێی کوتلە جیاجیاکاندا تێپەڕی، هەر لایەک بۆ خۆی لەهەوڵدا بوو بە باشی ئەدائی نوێنەرایەتیی نەتەوەکەی، ئاینەکەی، مەزهەبەکەی خۆی بکات تا رێژەو قورسایی خۆی لە هەڵبژاردنی ئایندەی عێراقدا مسۆگەر بکات، بەڵام ئەوانەی لەم ململانێیەدا بە دۆڕاویی هاتنەدەرەوە، نوێنەرەکانی کورد بوون. ئەگەرچی هەتا ئێستاش ئەو نوێنەرانەی کە لە هەڵبژاردنی رابردوودا بوون بە نوێنەری کورد، ملنادەن و خۆیان بەدۆڕاو نازانن، سەرەڕای ئەوەش پیرۆزبایی گەرم لەگەڵی عێراقی مەزن دەکەن!!

کوردستان وەک بەشێک لە عێراق، لەدوای روخاندنی دەسەڵاتی بەعسەوە لە رێگەی نوێنەرەکانییەوە بەشداربووە لە دەسەڵاتی بەغداو بەپێی ئەو تەوافوقەی لەنێوان نەتەوەو ئاین و مەزهەبەکانی عێراقدا هەبووە، کورد بەرپرسیارێتیی گرنگی لەدەسەڵاتدا هەبووە، هەروەک رێژەی کاریگەری لەنێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەبووە، بەڵام نوێنەرەکانمان لە بەغدا لەململانێدا لاوازو لە نەتیجەدا دۆڕاو بوون.

نوێنەرانی کورد لە عێراق بە حوکمی کاریگەرییان لە رووی رێژەییەوە لە ئەنجومەنی نوێنەران و دووەم هێز لە رووی قەبارەوە لە ئاستی عێراقدا، توانییان لە دەسەڵاتی ناوەندا جێگەو پێگەی گرنگ وەدەستبخەن بە ناوی نوێنەری ئەم هەرێمەوە، یەکێک لەو پۆستە سیادییانە، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو بۆ کورد، لەنێو کوردیشدا ئەو کورسییە درا بە (ی.ن.ک). ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، هاتنەوەی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقە لە مانگێک پێش پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، لەو نێوەندەشدا بەناوی سەرۆکی لیستی دەسەڵات و دواتریش بووە سەرۆکی حکومەتی ئەم هەرێمە پڕ لە کێشەیە.

ئەوا بۆ شەش مانگ زیاترە ئەو پۆستە گرنگەی بەغدا کە پشکی گەلی کوردە چۆڵەو کەسێک دانەنراوە کە ئەو کورسییە لە دەردی بێکەسی رزگار بکات. پارتی و یەکێتی لەبەر خاتری بەرژەوەندیی هەریەکەیان رێکنەکەوتوون لەسەر پڕکردنەوەی ئەو کورسییەو باکیان بە نوێنەرایەتی کوردەوە نییە لەبەغدا.

لەکاتێکدا کە پێشتر بەردەوام وەسفی ئەو کورسییەی نوێنەرایەتیی کورد لە دەسەڵاتی ناوەند بۆ کورد دەکراو بە پێگەیەکی گرنگ بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کوردو لەتەنیشت کورسییە سیادییەکانی ترەوە ناوی دەهات. ئەمە جگەلەوەی زۆرجار خەڵکی کوردستانیان دەترساند لە دەسەڵاتی ناوەندو بەجۆرێک خیتابیان دەدا کە ئەگەر جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق نەبێت، کورد حاڵی شڕەو ئەگەر ئەوان لەوێنەدەر نەبن پێدەچێت کارەساتی گەورە بەرامبەر بە کورد رووبدات.

کەچی ئەو شوێنە گرنگەی کورد، شەش مانگ زیاترە چۆڵەو لەو ماوەیەشدا کارەساتی گەورە نەقەوما! ئەگەرچی لەیاسای هەڵبژاردنەکان و دواتریش لە رێککەوتنی سیاسیی دابەشکردنی کورسییەکاندا دۆڕان قەوما، بەڵام گومانم نییە، ئەگەر لەو ململانێیەشدا جێگرەکەمان لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بوونی هەبوایە، هەر ئەوە روویدەدا کە روویدا.

ئەوەی لەنێو ئەم باسەدا جێگەی پرسیارو هەڵوەستەی خەڵکە، رووبەڕووبوونەوەی پێویستی خەڵکی کوردستانە لەگەڵ هەردوو پارتی دەسەڵاتدا، بۆئەوەی پرسیار بکەن کە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق کێیە؟ گومانی تێدا نییە کە وەڵامی ئەم پرسیارە لەلایەن پرسیارلێکراوەوە بە روونی نادرێتەوە، بەڵام هەر دەپرسین، ئەگەر بەرژەوەندیی حیزبی و شەخسیتان زاڵ نەکردووە بەسەر بەرژەوەندیی کورددا، ئەدی پێمان ناڵێن بۆ ئەو کورسییە وا بێکەسە؟؟

## پشتیوان ئەحمەد پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی کوردستانی:

# هاوپەیمانی سەرکەوتوو نەبوو لە دانوستانی تایبەت بە یاسای هەڵبژاردنەکان

سازدانی: بەهادین یوسف،
هەستیار قادر

**پشتیوان ئەحمەد ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوایە؛ هەمواری یاسای هەڵبژاردن زۆر کرچوکاڵەو لە بەرژەوەندی پێکهاتەی عەرەبو زیانی کورددایەو تەنیا بۆ رازیکردنی دڵی تارق هاشمییە، کە یاساکە ڕەتنەکاتەوە، هەروەک رەخنە لە هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد دەگرێت، کە هەرەشەی هەڵوێست وەرگرتنیان کردووەو دواتریش لێی پاشگەزبوونەتەوە، ئەمەش بەوە پێناسە دەکات، کە «ئێستا سەرکردایەتی کورد لەسەر زەوییەکی قایم نەوەستاون» بەوپێیەی ئێستا ئۆپۆزسیۆنو میدیای ئازاد لە کوردستان هەیەو راستییەکان بۆ خەڵک روونە، بۆیە ئەو کەسانەی هەڕەشەی هەڵوێست وەرگرتنیان دەکرد کەمتر لە میدیاکان دەردەکەونو لێدوان دەدەن.**


پشتیوان ئەحمەد

**رۆژنامە: لە تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنی عێراقدا، کە کەمکردنەوەی کورسییەکانی کوردی لێکەوتەوە باس لە بەڵێنی زارەکی ئەمریکاو لایەنەکانی دیکە دەکرێت، سەبارەت بە مادەی (١٤٠)و چەند پرسێکی دیکە، ئایا ئەزموونی سیاسیی کورد سوودی لەو جۆرە بەڵێنانە بینیووە؟**

* من لەو کۆبوونەوەیەی پەرلەمان ئامادە نەبووم، کە دوا هەمواری یاساکەی تێدا پەسندکرا، بەڵام گەر روونی بکەینەوە ئەمەریکا بەشێوەی نووسینو رەسمیی هیچ گرەنتیو بەڵێنێکی بە کورد نەداوە، راستە دەڵێت حکومەتی ئەمریکی پشگیریی لە عێراق دەکات بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوەو جۆزێف بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمەریکاش، کە دەڵێن دۆستی کوردە لە بەرژەوەندی ئەمریکا کێشەی نییە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بێت، بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانین ناوچەکانی کەرکوکو خانەقینو شەنگار بخرێنە سەر هەرێمی کوردستانو ئەوان هیچ بەڵێنێکی وایان نەداوە، تەنیا بەیاننامەی راگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا باسی لەوە کردووە، کە رێز لە دەستوور دەگرن لە مادەی (١٤٠)و (١٤٢)ەوە، کە بوونی مادەی (١٤٢) گرەنتییەکان سفر دەکاتەوە ئەو بەڵێنانەش تازە نین، دوای ئەوە ئێمە دەخاتە هەڵوێستێکی زۆر موحریجەوە، ئێمە وەکو گوتاری سیاسیی رەسمیی کوردی زۆرجار دەڵێین؛ کێشەی عێراق کێشەیەکی ناوخۆییو عێراقییەو دەبێت عێراقییەکان خۆیان چارەسەری بکەنو دژی دەستێوەردانین لە کاروباری ناوخۆی عێراقو عەرەبی سوننەو تورکمانەکان تاوانبار دەکەین داوای دەستێوەردانی تورکیاو وڵاتانی ئیقلیمیو ناوچەکە دەکەن، ئەوەی دەیلێین بانێکەو دوو هەوا، لەسەرچی بنەمایەک بەشێوەی رەسمییو ئاشکرا داوا دەکەین ئەمریکا، دەستبخاتە ناو دەستووری عێراق بۆ یارمەتیدانی کورد لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ئەمە بۆ خۆی پرسیارەو نەیارو دۆستەکانیشمان ئەم داواکارییەیان پێناخۆشە.

**رۆژنامە: لە ماوەی رابردوودا ئەمریکا بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەسەڵاتی سیادی عێراقی لەژێردەستدابووەو ئەوکات دەیتوانی مادەی (١٤٠) جێبەجێبکاتو کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر بکات، بەڵام ئێستا بەپێی رێکەوتنی ستراتیژیی عێراق ئەمریکا دەسەڵاتیان لە عێراق نامێنێت، ئایا گرەنتی چییە حکومەتی ئەمریکا ئەو بەڵێنانەی بۆ کورد جێبە جێبکات؟**

* هەرکاتێک ئەمریکا تووشی تەنگەژەی ناوخۆیی بێت زیاتر رای گشتیی ئەمریکا گرنگی دەدات بە حیزبی دیموکراتو ئەو حیزبە حیزبی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی ئەمریکایەو ناتوانێت پەیڕەوی سیاسەتێکی دەرەوەی سەرکەوتوو بکات، هەمیشە لە مێژووی ئەمریکادا ئەوەی پەیڕەوی سیاسەتێکی دەرەکی سەرکەوتووی کردووە حیزبی کۆمارییەکانن لەبەر ئەوە دیموکراتییەکان تا بۆ یان بکرێت سیاسەتی دەرەوە دەخەنە خزمەتی سیاسەتی ناوخۆییان، ئەمان لە عێراق پاشەکشێ دەکەنو دەیانەوێت بارودۆخی عێراق بخەنە قازانجی بارودۆخی ناوخۆی ئەمەریکا، نەک بەپێچەوانەوە، هەربۆیە دەیانەوێت لە عێراق بکشێنەوە، بۆیە هەر بەڵێنێک لەم تەنگژەو بارودۆخەدا، کە ئەمەریکا بیدات جێگەی متمانە نییە.

**رۆژنامە: لە دوایین هەمواردا، کەمبوونەوەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان (١٦,٧٪ بۆ ١٢,٦٪ ) لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا تاوتوێکرا؟ بۆ دەنگی پێدرا، کە دەتانزانی کورسییەکانی کەم دەبنەوە؟**

*لە سەرەتاوە بەرامبەرەکانمان لە شیعەو سوننە، لە رووی سیاسییەوە سەرکەوتووتر بوون لە کورد لە ئیدارەکردنی دانوستانەکانی دۆسییەی یاسای هەڵبژاردن، ئێمە زیاتر کاسکراین بە کێشەی کەرکوک، ئەوان توانییان کێشەی کەرکوک وا بجوڵێنن، کە هەموو هاوپەیمانی کوردستان سەرقاڵ بێت، لە پەنای ئەوەدا ئەوان توانیان ئەوە جێبەجێبکەن، کە هەر (١٠٠) هەزار کەس نوێنەرێکی هەبێت لە پەرلەمانی عێراقو ئەوە تێپەڕیو بوو بە پیرۆزباییکردن، بەڵام دواتر کە وردبووینەوە لە دۆسییەکە بۆمان دەرکەوت، کە لەو ڕێژەیە کورد زەرەرمەند دەبێت تیایدا، ئێمە یەکەمجار پێمان داگرت لەسەر ئەوەی، کە لەسەر (١٠٠) هەزار دەنگو کورسییەک قایل نەبین بەوپێیەی ئاماری رەسمیی نییە دەبێت ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق (٢٧٥) کورسی بێت، بەڵام دواتر کە هاشمی دوو مادەی یاساکەی ڤیتۆکرد دەبوو ئێمە لە پەرلەمان ئەو دوومادەیەمان هەموار بکردایە، ئێمە هاتین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بە دانووستانکردن لەگەڵ ئیئتیلافدا رێکەوتین ئاماری (٢٠٠٥)ی کۆبۆنی خۆراک بکرێتە پێوەرو زیادەی (٢,٨٪) بۆ هەموو پارێزگاکانو کاتێک چووە سەرۆکایەتی کۆمار هاشمی قایل نەبوو قبووڵی بکات، بەڵام لە دوایین دانیشتنی پەرلەمانی عێراقدا کاتێک سەرۆک کۆمار داوای لە پەرلەمان کرد دانیشتنێکی نائاسایی بکات من بۆ خۆم دڵنیابووم لەوەی ئێمە تیایدا زەرەرمەند دەبین.

**رۆژنامە: کەرکوک وەک پارێزگایەک، کە گومان لەسەر تۆمارەکانی دەکرێتو ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە ئاماری (٢٠٠٩)و هەر (١٠٠) هەزار هاوڵاتییەک کورسییەک، هەموو داواکارییەکانی لیستەکانی دیکە لە یاساکەدا جێگیربوو لە بەرامبەردا کورد چی دەستکەوت؟**

* بەڕاشکاویی دەڵێم؛ ئێمە سەرکەوتوو نەبووین لە ئیدارەی دانووستان لەگەڵ کوتلەکانی دیکەدا، هاوپەیمانی کوردستان، لە داهاتوودا ئەو گروپانەی لە بەغدا نوێنەرایەتی کورد دەکەن، دەبێت شێوازی کارکردنمان لەگەڵ کوتلەکانی دیکە بگۆڕین.

**رۆژنامە: قسە لەسەر ئەوە دەکرێت لیستی هاوپەیمانی بەرامبەر هەموو ئەوانەی بەخشی هیچ وەرنەگرت لە دانووستانەکاندا؟**

* هەندێک هەوڵدرا، بۆ نموونە هەڵبژاردن لە کەکوک نەکرێت، ئێمە پێمانداگرت لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنەکە بکرێت، ئەمە باش بوو، ئەوان هەوڵیاندا دوو کۆتا بۆ عەرەبو تورکمان لە کەرکوک دیاریبکرێت، ئێمە رەتمانکردەوە ئەوە کارێکی باش بوو، ئێمە لەمانە سەرکەوتوو بووین، بەڵام بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان هەر کەسێکی دیکە نابێت، لە یەکەم دانیشتن بڵێت؛ تایبەتمەندیدان بە کەرکوک هێڵی سوورە، دەبێت خەڵکی دیکە لە خوارەوەی سەرۆکی هەرێم سەقفی بەرز لە داواکارییو هێڵی سوور دابنێت، تۆ کەرکوک بەهێڵی سوور دابنێیتو جێبەجێنەکرێت، ئەوە بەخراپی دەشکێتەوە، بەڕێز سەرۆک هەرێمو پەرلەمان پێداگریی ئەوەیان دەکرد تایبەتمەندیی نەدرێت بە کەرکوک، بەڵام تایبەتمەندیی پێدرا، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو هێڵە سوورانە پێش ئەوە باسبکرێتو وردەکاریی بکرێتو ئەلتەرناتیڤ باسبکرێت، ئەگەر پێداگری ئەوە بکەیت کە بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەین، پێش ئەوەی بایکۆتی بکەیت، دەبێت دراسەی بکرێت، ئەگەر داواکارییەکەت جێبەجێنەکراو، ئەم بایکۆتە زیانی چەندەو سوودی چەندە؟، دەبێت ئەمانە لێکبدرێتەوە، بەڵام ئەمانە لێکدانەوەی لەسەر نەکراوە، هەڕەشەی بایکۆتکرا بەرامبەرەکەشت تایبەتمەندیدا بە کەرکوکو تۆش بایکۆتت نەکرد، ئەوە لەسەرت دەکەوێت، دەبێت ئەمانە لێپرسراوە پایەبەرزەکان نەیڵێن، کاتێک هەڕەشەت کرد دەبێت داواکۆکی لەسەری بکەینو حسابی قازانجو زیان بکەین.

**رۆژنامە: ئێستا یاساکە پەسەند کراوە، پێتوانییە لە مەسەلەی هەڕەشەی بایکۆتەکە ئێستا تۆپی ئەو کێشەیە لە گۆڕەپانی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمو سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ نموونە ئەو هەڵانە تێپەڕیوە، ئێستا پێویست نییە پەرلەمانی کوردستانو سەرکردایەتی کوردستان هەڵوێستێکی بەرامبەر کەمکردنەوەی کورسییەکانی کورد هەبێت؟**

*ئێستا سەیر بکە، ئەو کەسانەی لێدوانیان دەدا، دوای ئیمزاکردنەکە کەمتر دەردەکەون لەبەر ئەوەی لەسەر زەوییەکی توندووتۆڵ نەوەستاون خەڵکی کوردستان بە حوکمی بوونی ئۆپۆزسیۆنو رۆژنامەی ئازادو بوونی شەفافیەت لە راستییەکان تێدەگەن، لەبەر ئەوە کەمترین لێدوان دەدەن، بڕوبیانوو دەدۆزنەوە، دەڵێن ئێمە چیبکەین، بڕوامان بە تەوافوق هەیە، ئەگەر ئێمە بایکۆتمان بکردایە ئەوە دژ بە تەوافوق دەبوو، مەسەلەن، دواتر دەکەونە هەڵوێستی پێچەوانەوە، دێن باسی مادەی (١٤٠) دەکەن، کە ئەمریکا بەڵێنی داوە جێبەجێی بکات، باسی مادەی (١٤٢) ناکەن، بۆ خۆی مادەی (١٤٠) بە تەواوی دژی بنەمای تەوافوقە، چونکە لە قۆناغی سێیەم ریفراندۆم دەکرێت، ئەویش لەسەر بنەمای زۆرینەو کەمینەیە؟ ئەمەش تەوافوق نامێنێت، یان بیانووی دیکە ئەوەیە، چی بکەین ژمارەی کورد بەپێی ئەم کۆبوونی خۆراکە کەمە، کە پێی دەڵێین نابێت ئەم هەڵبژاردنە بەپێی کۆبوونی خۆراک بکرێتو دەبێت پێداگریی بکەین لەسەر، (٢٧٥) کورسی، چونکە هەڵبژاردن لە پارێزگاکانیش کراو ئێمە لەو پارێزگایانەی، کە کوردی تێدایە، بەشدارییمان کردووەو نارەزاییمان دەرنەبڕیووە ئێستا چۆن نارەزایی دەربڕین ئەمە بیانووە، تۆ وەکو هەرێم بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەشداریی بکەیت جیایە هەڵبژاردنێک لە بەشێک لە پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم ئەمە زۆر جیاوازە ئەمانە بەراورد ناکرێن.

**رۆژنامە: پێشبینی تۆ بۆ ئەم هەڵبژاردنە چییە، لە ناوچە جێناکۆکەکان؟ بارودۆخی کورد چۆن دەبینیت لە هەڵبژاردنەکەدا؟**

* بە راشکاویی دەڵێم؛ وەزعی کورد لەو ناوچانە باش نابێت، لەبەر ئەوەی ئێمە کە رازی بووین لە دەرکردنی ئەم بڕیارە، تارق هاشمی پیرۆزبایی کرد لە دەرچوونی ئەم بڕیارە، وەکو عەرەبێک پیرۆزبایی لە خەڵکی نەجەفو کەربەلاو تکریتو رومادی کردو بەسەرکەوتنێکی گەورەی دانا.

**رۆژنامە: بەڵام باسی هەرێمی کوردستانی نەکرد؟**

* خۆی دیارە سەرکەوتنەکە بەسەر کورددایە، بەسەر هەرێمی کوردستانە، لەبەر ئەوەی لێدوانەکە روونە، ئەمە کاریگەریی خۆی دەبێتو پێویستە حساباتی تایبەت بکەین بۆ موسڵو دیالەو کەرکوک.

**رۆژنامە: هەست بە جیاوازییەکی زۆر دەکەین، تارق هاشمی بەرگرییەکی زۆری کرد لە کورسی عەرەبەکانو پیرۆزبایی لە عەرەب کرد، بەڵام جەلال تاڵەبانی کە سەرۆک کۆماری عێراقە بۆ وەک نوێنەری کورد لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هیچ قسەیەکی نەکرد، بەوپێیەی ئەو سەرۆک کۆماری عێراقەو خۆی بە نوێنەری هەموو پێکهاتەکان دەزانێت؟**

* سەرۆک کۆمار کە سوێندی یاسایی دەخوات دەبێت ئیلتزام بکات بە دەستوورەوە، بەڕای تایبەتی خۆم هەرگیز پێم باش نییە، سەرۆک کۆمار کورد بێت.

## پێم باش نییە سەرۆک کۆماری عێراق کورد بێت

**رۆژنامە: بۆچی؟**

* لەبەر ئەوەی ئەگەر کورد سەرۆک کۆمار نەبێت، دەتوانین پێداگریی زیاتر بکەین لەسەر مافەکانی خۆمان، ئێستا کە فشار دەکەن لەسەر دوو سەرکردە دەیکەن سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێم، هەرنەبێت ئەو کاتە ئەو فشارە لەسەر یەکێکیان دەبێت نەک هەردووکیان، دوای ئەوە خیتابی سیاسیی جیاجیا دەبێت، سەرۆکی هەرێم زیاتر لە چوارچێوەی هەرێمداو سەرۆک کۆمار لە چوارچێوەی هەموو عێراقدا، ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ناکۆکی دروست ببێت، لە دیدو بۆچوونەکاندا ئەمەش دەروازەیەکە، کە ئەمریکا یان هەرلایەنێکی دیکە بە ئارەزووی خۆی مناوەرە بکات.

**رۆژنامە: کاتێک تارق هاشمی یاساکەی رەتکردەوە، بۆ ئەمجارە سەرۆک کۆمار رەتینەکردەوە، ئەو کێشانەشی تێدابوو، نەیتدەتوانی رەتیبکاتەوە، بەتایبەت لە حاڵەتی کەمبوونەوەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستاندا؟**

* من باسی ئەوەمکرد، فشاری ئەمریکاو وڵاتە ئیقلیمییەکان لەسەر ئەوان بوو.

**رۆژنامە: ئەی بۆ هاشمی ناکەوێتە ژێر باری ئەو فشارەوە؟ بۆ بەردەوام فشار لەسەر کوردە خۆ عەرەبیش لۆدی لەسەرە، بەڵام قبووڵی ناکات؟**

* ئەو پرسیارێکە هەقە سەرۆک کۆمار وەڵامی بداتەوە.

**رۆژنامە: بەڵام جگەلە سەرۆک کۆمار سەرۆکی هەرێمیش لەژێر هەمان فشاردابوو؟ هۆیەکەی ئەوەیە کورد نەرمترە لە سوننەو شیعە؟**

* بۆ باسی ئەوەمکرد، نابێت سەرۆکی هەرێم هەڵوێستێک نیشانبداتو پاشگەزبێتەوە، پرسیاری لێبکرێت دەڵێت بەڵێنمان لە ئەمریکا وەرگرتووە.

**رۆژنامە: پێشتر رەخنەی ئەوە لە نوێنەرانی کورد لە بەغدا دەگیرا، لە مەسەلەی ناوچەدابڕاوەکان مساوەمە زیاتر دەکرێت لە چاو سێ پارێزگاکەی هەرێم، بەڵام لە هەمواری دوایی یاسای هەڵبژاردندا، مساوەمە لەسەر ناوچەدابڕاوەکانیش کرا، هەست ناکەیت سەرکردایەتی کورد لە رووی تیۆرییەوە دەڵێت: ئەو ناوچانە بەشێکن لە هەرێمی کوردستان؟ بەڵام لە رووی پراکتیکییەوە بە تەوزیفیکردنی سیاسەتی خۆی زۆر نەرمترە لە هەرێمی کوردستان؟ هەستناکەیت جۆرێک لە پشتگوێخستن هەیە؟**

* نەک هەر ئیهمال، بۆ نموونە با کەرکوک بهێنینەوە، ئەو سیاسەتو ململانێو ناکۆکییەی کە یەکێتیو پارتی پەیڕەوی دەکەن، زۆر زیانی تێداکردووە، خەڵکێکی زۆر نارازین ئەوە مەعلومە، کە من دەڵێم ئێمە تەسەڕوفمان لەگەڵ تورکمان باش نەبوو، بەڵگەم ئەوەیە پارتیو یەکێتی لەگەڵ یەک باش نینو ململانێی یەکتر دەکەن، دەبێت لەگەڵ تورکمان چۆن بن؟، لە خانەقین کە خۆم لەوێم، ئێمە دەبوو یەک دەنگو یەک دەست بین، لە ئەنجامی ململانێی نێوان یەکێتیو پارتیدا، دەزگاکانی ناوچەجێناکۆکەکان بوون بە دوو ئاسایشو دوو پەروەردە، ئەوە خەڵکیی تووشی نائومێدیی کردووە، ئێمە زۆر جار لەوە زەرەرمان کردووە، نە هەرێم وەک پێویست پشتگیریان دەکات بەتایبەتی خانەقینو کەرکوک باشترە، پارێزگایەکەو لە بەغدا پشکی خۆی وەردەگرێت، بەڵام کوردی دیالەو موسڵ بەشێکە لەو پارێزگایانە، لەبەر ئەوە بارودۆخی زۆر خراپترە خزمەتیان وەکو پێویست پێناگات، ئەو پارێزگایانەی حکومەتی عێراق نایکات بە بیانووی ئەوەی هاوکاریی لە حکومەتی هەرێم وەردەگرێت، حکومەتی هەرێم دەڵێت؛ لە دەرەوەی هەرێمە، ئەمانە تووشی کێشە بوون.

**رۆژنامە: باس لەوە دەکەن، کە ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی فشارەکەیان لە سەرەوە بۆهات، لە سەرەوە هات یان ئەو قەناعەتە بۆ تێپەڕبوونی یاساکە لەنێو پەرلەمانتارەکاندا درووست بوو و خۆیان گەیشتنە ئەو قەناعەتە، ئەگەر رای پەرلەمانتارانی هاوپەیمانی یەکە یەکە وەربگیرێت ئەم هەموارەی دوایی یاساکە جێی دەنگدان بوو؟ قەناعەت لە سەرەوە بوو، یان لە خوارەوە؟**

* هەرچەندە خۆم لە دوا هەمواردا لەوێ نەبووم، بەڵام بێگومان ئەمریکا کاریگەریی هەبووە لەسەر سەرکردایەتی کورد ئەوانیش کاریگەرییان لەسەر خوارەوەیان دروست کردووە.

**رۆژنامە: کەواتە ئەو ئەندامانەی لیستی هاوپەیمانی لە بەغدا ئازادیی تەواوی دەنگدانو رادەربڕنیان نییە؟**

* بێگومان نییانە، لەبەر ئەوەی ئەندامانی هەموو کوتلەکان بە هاوپەیمانی کوردستانیشەوە بە لیستی داخراو رۆیشتوون حیزب دەڵێت؛ بە دەنگی من بووی بە ئەندام، من چی دەڵێم دەبێت جێبەجێی بکەیت، تائێستاش وابووە، بەڵام کە ئێستا لیستەکە نیمچە کراوەیە جیاوازە، ئەو ئەندامانە بە دەنگی جەماوەر دەبنە ئەندامو دەنگییان زوڵاڵتر دەبێتو دەتوانن باشتر قسە بکەن، نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی داهاتووی عێراق بە ئاسانی ئاراستە ناکرێنو کاریگەریی حیزبیان لەسەر نابێت.

**رۆژنامە: دوا پرسیارمان ئەوەیە هەست بە جیاوازییەک دەکرێت بەپێی ئەو بڕیارەی بۆ یاساکە دەکرا کورسی پارێزگاکانی هەموو عێراق بەپێی ئاماری (٢٠٠٥)و زیادکردنی رێژەی (٢,٨٪)ی ساڵانە بۆ هەر پارێزگایەک، بەڵام هەموو پارێزگاکانی عێراق کورسییەکانیان بەپێی ئاماری (٢٠٠٩)یە، تەنیا سێ پارێزگاکەی هەرێم بەپێی ئاماری (٢٠٠٥)، ئەوە جیاوازی نییە؟**

* ئەو بنەمایانە نەما ئێستا بڕیارەکە ئەوەیە ژمارەی کورسییەکان دیاریکرا بەپێی ئەو دانوستانانەی کە لەنێوان کوتلەکاندا کرا، پشت بە هیچ ئامارێک نەبەستراوە، لەبەر ئەوە هەمواری یاساکە شتێکی کرچوکاڵەو بۆ ئەوەبوو تارق هاشمی رەتینەکاتەوە، ئەو بڕیارەشی بۆ یاساکە دەرچووە ئەمەش پینەو پەڕۆیە، لە بەرژەوەندی عەرەبە بە شیعەو سوننەوەو بە زیانی کورد شکایەوە.

## ناوی پێشمەرگەی نەهێناوە

# یاسای خزمەتی سەربازیش ڤیتۆ کرا

هەستیار قادر

یاسای خزمەتو خانەنشینی سەربازیی عێراقی لەلایەن تارق هاشمییەوە ڤیتۆ دەکرێتو لەگەڵ ئەوەی ناوی پێشمەرگەو کۆلێژە سەبازییەکانی هەرێمی نەهێناوە، ئەندامێکی لیژنەی ئاسایشو بەرگری پەرلەمانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات؛ کە دوای یەکلاییکردنەوەی کێشەی پێشمەرگە لەگەڵ بەغدادا دەبێت لەگەڵ ئەو یاسایەدا بگونجێنرێت.

### چیرۆکی یاساکە

هەڵوەشاندنەوەی بڕیارو یاسا سەبازییە کارپێکراوەکانی حکومەتی پێشووی بەعس گرنگی هێنانەکایەی یاسایەکی نوێی سەربازی هێنایە کایەوە، کە لە ساڵی (٢٠٠٨)دا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بەناوی یاسای خزمەتو خانەنشینی سەبازییەوە گەڵاڵە کراو لەدوای ماوەیەکی زۆر لە تاووتوێکردن لە (٢٠٠٩/١١/٧)دا لە پەرلەمان پەسەندکراو ڕەوانەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کرا، بەڵام یاساکە لەلایەن تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمارەوە ڤیۆ کراو بە (١٦) تێبینییەوە ڕەوانەی پەرلەمان کرایەوە،

بە پێی ئەم یاسایە دانانو خانەنشینکردنی ئەفسەرانی سوپای عێراق لە پلەی مولازمەوە بە پێشنیازی وەزیری بەرگرییو ڕەزامەندی سەرۆکی هێزەچەکدارەکانی عێراق دەبێت، کە لە ئێستادا سەرۆک وەزیرانە، بەڵام دانانی سەرۆک ئەرکانو یاریدەدەرەکانیو سەرۆکی فیرقەو بەرەو سەرەوە دراوەتە دەست ئەنجومەنی نوێنەرانو سەرۆکایەتی کۆمار بەمەرجێک بەپێشنیازو تەوسییەی وەزیری بەرگرییو سەکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق بێت.

### ناوی پێشمەرگە نەهێنراوە

لە تەواوی پرۆژەیاسای خزمەتو خانەنشینی سەربازیی عێراقدا ناوی هێزی پێشمەرگەو کۆلیژە سەبازییەکانی هەرێمی کوردستان نەهێنراوە بەتایبەت هەردوو کۆلێژی سەربازی قەلاچوالانو زاخۆ، کە بەم دواییە بەغدا بڕیاری داخستنی دان، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا پێشمەرگە وەک بەشێک لەمەنزومەی بەرگریی عێراق جێگیرکراوە.

لەوبارەیەوە سیروان کاکەیی ئەندامی لیژنەی ئاسایشو بەرگریی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە هێشتا کێشەی پێشمەرگە لەنێوان بەغداو هەرێمدا یەکلایی نەکراوەتەوەو هەرکاتێک یەکلایی کرایەوە دەبێت لەگەڵ ئەم پرۆژە یاسایەدا بگونجێندرێت، یان یاساکە هەمواربکرێتەوەو وتیشی: «لە بوجەی ساڵانی (٢٠٠٧و ٢٠٠٨و ٢٠٠٩)عێراقیشدا بەشە بودجەی پێشمەرگەی تیا دیاریکراوە، بەڵام هیچ کام لەوساڵانە بودجەی پێشمەرگە سەرفنەکراوەو ئەم کێشەیە یەکلایی نابێتەوە تا هەردوولایەنی بەغداو هەرێم لەسەر ئەوە ڕێکنەکەون، کە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەو چۆنیەتی پەیوەندی بە سووپای عێراقەوە چۆن دەبێت»

### هاشمیو شینی ئەفسەرە کۆنەکان

یەکێک لە گرنگترین خاڵە ناکۆکەکانی نێو ئەو (١٦) تێبینییەی، کە هاشمی لەگەڵ ڤیتۆکەیدا ڕەوانەی پەرلەمانی کردووەتەوە چوارچێوەی خانەنشینی کارمەندانی سووپای عێراقەو هاشمی داوا دەکات، کە ئەو یاسا کۆنە ئەفسەرە خانەنشینکراوەکانی سەردەمی بەعسیش بگرێتەوە، کە زۆرینەی هەرە زۆریان لە عەرەبی سوننەن.



سیروان کاکەیی ئاماژەی بەوەدا، کە ئەم داوایە زۆرترین مشتومڕی لەسەر کراوەو لایەنە پەیوەندیدارە داراییەکانیان دواندووەو دەرکەوتووە، کە ئەو هەنگاوە لە ئێستادا قورسایی دارایی لەسەر بودجەی عێراق دروست دەکاتو جەخت لەسەر ئەوەکراوەتەوە، کە پێویستە ئەفسەرە خانەنشین کراوە کۆنەکان بەپێی مووچەی پێشتریان مووچەی خانەنشینی وەربگرنو وتیشی: «ئێستا لەسەر ئەو کێشەیە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی خانەنشیندا لە گفتوگۆداین».

چەند خاڵێکی دیکەی ڤیتۆکەی هاشمیش هەن مشتومڕی لەسەرەو هەندێکیشیان لەلایەن لیژنەی ئاسایشو بەرگری پەرلەمانەوە ڕەتکراونەتەوە، لەوانە قەیرانی مەرسومی کۆماری بۆ دانانی بەرپرسە سەربازییەکانو پەیڕەوکردنی مەزهەبی شیعەو سوننە لەنێو سوپاداو بوونی ریش یان نەبوونی لەلایەن سەربازانەوە، هەورەها یەکێک لە خاڵە ناکۆکەکانی دیکەی ئەو ڤیتۆیەی هاشمی وەرگرتنی سەربازە لەسەر بنەمای دایکو باوکی عێراقی، کە لە دەستووردا یەکێکیان کراوە بە مەرج.

### سوپا لەنێوان شیعەو سوننەو کورد دا

هەرچەندە یاسای خزمەتو خانەنشینی سەربازیی بە تەوافوقی هەرسێ لایەنی سوننەو شیعەو کورد لە ئەنجومەنی نوێنەراندا پەسەندکراوە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە مەترسی شیعەو کورد لە سوپاو ویستی سوننەکان بۆ گەڕانەوە بۆ مێژووی سوننەبوونی سوپای عێراقی لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا،

وێڕای ئاماژەدان بە بوونی ئەو مەترسییانە، سیروان کاکەیی پەرلەمانتار ئاماژەی بەوەدا، کە یاسای خزمەتو خانەنشینی سەربازیی عێراقی مشتومڕێکی زۆری لە پەرماندا لەسەر کراوەو دواجار وەک لیستی هاوپەیمانی قایل بوون بەو شێوازەی ئێستای یاساکە وتیشی: «هەندێک کێشەی نێو یاساکە هەیە، کە لەکاتی جێبەجێکردندیدا دەردەکەوێت ئەو کات هەوڵدەدرێت بەشێوەیەکی یاساییو لە ڕێگەی هەموارکردنەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە»

## لەبەرژەوەندیی کێ بردییەوە؟

# هاشمی، پاریزانی سەرەکیی یاسای هەڵبژاردنەکان

بەهادین یوسف

تارق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق کە نوێنەرایەتی پێکهاتەی عەرەبی سوننە دەکات لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی کۆماردا، لە (١١/٨) تا پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە درەنگانی شەوی (١٢/٦) زۆرترین گفتوگۆی لەنێو کوتلەو لیستەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دروستکرد، لە هەمواری یەکەمی یاسای هەڵبژاردندا بۆ بەرگریی لە کورسی ئاوارەو ڕاگوێزراوەکانو لە هەمواری دووەمی یاساکەدا بەرگریی سەرسەختانەی کرد لەو کورسییانەی کە بەشێک لە پارێزگا زۆرینە عەرەبەکانو بە تایبەتی سوننەنشینەکان کە خەریک بوو لەدەستی بدەن.



### پیرۆزبایی لە عەرەب

شەوی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (١٢:٣٥) تارق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی ئیمزاکرد، دوای ئەوەی دڵنیابوو لەوەی کە ئەو کورسییانەی بەشێک لە پارێزگا سوننییەکان لەدەستیاندابوو بۆیان گەڕاوەتەوە، ئەوەی کە ئەو داوایدەکرد لە کورسیی کەمینەو دەنگدەرانی دەرەوە جێگیربووە.

بەپێی بەیاننامەیەکی نووسینکەی تارق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆمار لەگەڵ بیستنی ڕێکەوتنی کوتلەکانو دەنگدان لەسەر بڕیاری تەفسیری هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکان، ڕاستەوخۆ هاشمی بڕیاریدا ئەو ڕەتکردنەوەیەی کە ناردبوویە ئەنجومەنی نوێنەران بگەڕێنێتەوە، دواتریش بە بۆنەی پەسەندکردنی هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانەوە، هاشمی لە وتەیەکیدا ڕایگەیاند، دوایین هەمواری یاساکە دادوەرانە بووە بەرامبەر عێراقییەکانی تاراوگەو مافی پارێزگاکانی گەڕاندووەتەوەو کورسی تەرخانکراوی خۆیان لە کورسییەکانی پەرلەمان بۆ گێڕدرایەوە.

هەروەک هاشمی نیازی خۆیشی لە گەڕانەوەی ئەو کورسییانە نەشاردەوەو ڕایگەیاند: «پیرۆزبایی لە پارێزگاکانی کەربەلاو نەجەفو واستو زیقارو سەڵاحەدینو نەینەوا دەکەم بۆ بەدەستهێنانەوەی پشکی دادوەرانەی هاوسەنگی خۆیان لە کورسییەکاندا».

بە رای زۆرینەی چاودێرانی سیاسیی، پیرۆزباییکردنی هاشمی لە پارێزگا عەرەبنشینەکان بەرامبەر ئەو هەوڵەبوو کە لیستی هاوپەیمانی دەیویست لە ڕێی پشتبەستن بە تۆماری ساڵی (٢٠٠٥)ی وەزارەتی بازرگانیو زیادکردنی ڕێژەی (٢,٨٪)ی ساڵانە بۆ هەر پارێزگایەک، هاوسەنگی لەنێوان کورسی پارێزگاکاندا بکاتو قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە لە کورسی سێ پارێزگاکەی هەرێم کەوتبوو لە بەرامبەر زیادبوونی ناسروشتی پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا.

### دووکورسی لە کۆمەڵەی بەتاڵ

دوای گفتوگۆو دانوستاندنێکی دوورودرێژو چەند هەفتەیی، کوتلەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئامادە نەبوون دەستبەرداری هیچ کورسییەکی پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشوور ببن، لەبەرامبەردا لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیش داوای زیادکردنی ڕێژەی کورسی سێ پارێزگاکەی دەکرد، بۆ چارەی ئەم دۆخەش بڕیاردرا ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتووی عێراق لە (٣٢٣)کورسییەوە بکرێتە (٣٢٥)کورسی، بۆ ئەوەی ئەو دوو کورسییە زیادەیە بدرێتە پارێزگاکانی هەرێم تا لە بەرامبەردا کورسی هیچ پارێزگایەکی تر کەم نەکرێتەوە، کەواتە بەلێکدانەوەی ژمارەی کورسییەکان دەردەکەوێت کە هەرێم لە کۆمەڵەی بەتاڵ دووکورسی پێدراوە نەک کورسیی قەرەبوو، یان پشکی کورسی پارێزگاکان؟ ئەمەش پێشنیازی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە لەسەرەتاوە سەرکردایەتیی کوردو لەنێویشیاندا سەرۆکی هەرێم ڕەتیکردەوەو لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ ئاد مێلکرت، نێردەی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان، بارزانی ڕایگەیاند: نامانەوێت کەس خێرمان پێبکاتو هەرێم داوای مافی خۆی دەکات لە نوێنەرایەتیکردنی لە پەرلەمانی داهاتوودا.

### ڤیتۆی یەکەم

لە ڤیتۆکردنەوەی یەکەمی تارق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراقدا بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کورد تاکە سودمەندی یەکەم بوو، بەپێچەوانەی داواکانی هاشمییەوە کە داوایکردبوو کورسی عێراقییەکانی دەرەوە زیادبکرێت، کورسی بەشێک لە پارێزگا سوننە نشینەکان کەمیکرد، ئەمەش هاشمی ڕاکێشایەوە بەرەو ئەوەی دووبارە یاساکە ڤیتۆ بکاتەوە.

دوای دەرچوونی یاساکەش لە بەیاننامەیەکی نووسینگەی ڕۆژنامەوانیی تارق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق کە وێنەیەکی لای ڕۆژنامەیە، هاشمی زیادبوونی کورسیی دەنگدەرانی دەرەوەی لە هەمواری دووەمی یاسای هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٩)دا بەدەستکەوتێکی گەورە زانی، بەڵام نیازی خۆی نەشاردەوە بۆ دووبارە ڤیتۆکردنەوەی یاساکە، ئەوەش بەهۆی ئەو «زیانەی» بەشێک لە پارێزگاکان لێیانکەوت بەهۆی هەمواری دووەمەوە.

بە رای بەشێکی زۆری چاودێرانی سیاسیی، ئەوەی لە هەڵوێستەکانی هاشمیدا دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە یارییەکی جێگری سەرۆک کۆمارە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، ئەوەش وەک قەرەبووکردنەوەیەک بەرامبەر وازپێهێنانی لە گەورەترین حیزبی سوننی ئیسلامیی لەمانگی پێنجی ئەمساڵداو دروستکردنی لیستێکی سەربەخۆو دواتر هاوپەیمانیکردنی لەگەڵ چەند لایەنێکی سیاسیی دیکەدا.

بەوجۆرە مامەڵەکردنی هاشمی لەگەڵ یاساکەدا، بەپێچەوانەی دوو ئەندامەکەی تری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کە ڕاستەوخۆ دوای پەسەندکردنی یاساکە، ئیمزایان لەسەرکرد پرسیارو مشتومڕێکی زۆری دروستکرد، ئایا هاشمی کار لەسەر ڕاکێشانی دەنگی ئاوارەو ڕاگوێزراوەکانی دەرەوە دەکات، یان مافێکی یاساییو دەستووریی خۆی بەکاردەهێنێت لە ڤیتۆکردنەوەی یاساکەداو دەیەوێت وەک نوێنەرێکی سوننە کورسییە لەدەستچووەکان بۆ ئەو پێکهاتەیە لە پارێزگاکانو ئاوارەکانی دەرەوە بگەڕێنێتەوە.

## لە بەڵێنی نووسراوەوە بۆ زارەکی

# ئـەمـریکـا چـی بـۆ مـادەی ١٤٠ دەکـات؟

پشتیوان سەعدوڵڵا

**د. عومەر محەممەد شارەزای کێشەکانی کورد لە عێراقدا پێیوایە: «بەردەوام ئەمریکا خۆی لەمپەر بووە لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)دا، چۆن ئێستا ئەو مادەیە جێبەجێدەکات، ئەم بەڵێنەی ئێستایشی تەنیا بۆ تێپەڕاندنی کاتە»، ئەم وتانەی د.محەممەد بەرامبەر ئەو بەڵێنانە هات کەحکومەتی ئەمریکا بە سەرکردایەتی کوردی دا لەبەرامبەر پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران‌و کۆتاییهێنان بەو قەیرانە.**

هەفتەی رابردوو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی پەسەند کرد، لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لەژێر فشاری ئەمریکادا رازی بوو سازشبکات‌و دەنگ لەسەر هەموارکردنەکە بدات، کە رێژەی کورسییەکانی کورد لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا کەمدەکاتەوەو زیانی چەند کورسییەک لە کورد دەدات.

دوای دەنگدانیان بە بڕیارەکە، بەرپرسانی کورد ئەوەیان خستەڕوو، حکومەتی ئەمریکا بەڵێنی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکانی پێداون، لەبەرئەوە دەنگیان بە بڕیارەکە داوە.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رۆژی (١٢/١٠) لەپەیامێکدا رایگەیاند: هەردوو سەرۆک‌و جێگری سەرۆکی ئەمریکا پەیوەندییان پێوەکردووم‌و تەئکیدیانکردەوە لە ئیلتیزاماتیان بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان‌و دەستوورو بەرامبەر بە مادەی (١٤٠)و دەستوور، ئێمە داوامانکرد لێیان ئەو هەڵوێستە بکەنە نووسراو و بە بەیانێکی رەسمیی رایبگەیەنن، «من پێموایە کورد تارادەیەک سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام ئەگەر لە من بپرسن، ئەوا بە دڵی من نییە».

سیروان زەهاوی، بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: بۆیە رازیبووین، چونکە (٤٣) کورسی بەر سێ پارێزگاکەی هەرێم کەوتووەو چەند گرەنتییەکمان لە ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکانیش وەرگرتووە، ئەویش ئەوەیە، کە ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان لەم رۆژانەدا هەڵوێستی خۆیان رابگەیەنن لە ئاستی مادەی (١٤٠)و پێدەچێت لە بەرژەوەندیی کورد بێت‌و کێشە هەڵپەسێرداوەکان چارەسەر بکرێت.

رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٧) نووسینگەی سکرتاریەتی راگەیاندنی کۆشکی سپی بەیاننامەیەکی سەبارەت بە تێپەڕاندنی یاسای هەموارکردنی هەڵبژاردنی عێراق بڵاوکردەوەو لە بەیاننامەکەدا هیچ بەڵێن‌و زەمانەتێک بە کوردەکان نەدراوە، بەتایبەت جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)وچارەسەرکردنی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان.

هەروەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە: «ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام پشتیوانیی خۆی بە گەلی عێراق‌و حکومەتی هەڵبژێردراوەکەی پێشکەشکردووەو رێزی لە دەستوورە پەسەندکراوەکەی گرتووە بە مادەی (١٤٠)ەوە، کە باس لە کەرکوک‌و ناوچەکانی دیکە دەکات لەگەڵ مادەی (١٤٢)، کە باس لە هەموارکردنی دەستوور دەکات. ئێمە بەردەوام پشتیوانی لە گەل‌و حکومەتی عێراقی دەکەین بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی دەستووری عێراقی، حکومەتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەیە بۆ هاوکاریکردنی گشت عێراقییەکان بۆ پێکەوەژیان‌و دۆزینەوەی چارەسەرە سیاسییەکان بۆ کێشە کۆنەکان‌و پێکەوە بنیاتنانی داهاتوو».

لەگەڵ ئەوەی لە بەیاننامەکەی کۆشکی سپیدا ناوی مادەی ١٤٠ هێنراوە، بەڵام ناوی مادەی ١٤٢ش هێنراوە، کە تایبەتە بە هەموارکردنی دەستووری عێراق‌و ئەوەش زیان بە کورد دەگەیەنێت.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەیاننامەکەی ئەمریکا بە پەیامێکی گشتیی بۆ سەرجەم عێراقییەکان وەسفدەکات، نەک بەڵێن‌و زەمانەت بە کورد، وتی: «بەیاننامەکەی ئەمریکا هیچ بەڵێن‌و زەمانەتێکی بۆ کورد تێدانییە، بەڵکو بەیانێکی گشتییە بە عێراق، ئەمەش پشتی پێنابەسترێت، شتی تێدایە بۆ کورد باشە، بەڵام مادەی (١٤٢)ی تێدایە، کە بۆ کورد خراپە، جگەلەوەش خۆ مادەی (١٤٠) ئەمریکا جێبەجێی ناکات، (١٤٠) مادەیەکی ناوخۆی عێراقییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باسکردنی کێشەکانی ئێمە لەلایەن ئەمریکاوە شتێکی باشە، دەبێت شتەکان بە قەبارەی خۆی ببینین، بەڵام ئەو مەسەلەیە لە قەبارەی خۆی گەورەتر کراوە، رەنگە گەورەکردنەکەش بۆ شاردنەوەی دوا سازشی کورد بێت.

ئەوەشی نەشاردەوە، کورد کەمورتی زۆرەو نەدەبوو کورد لەسەر یاساکە رێکبکەوتایە، سەرەڕای ئەوەش پیرۆزبایی لە گەلی کورد کراوە، لە راستیدا نەدەبوو پیرۆزبایی لە گەلی کورد بکرایە، چونکە ئێمە سازشمانکردووەو لەژێر فشاردا دەنگمان بە یاساکە داوە.

هاوکات د.عومەر محەمەد، شارەزا لە کێشەی کورد، پێیوایە؛ مادەی (١٤٠) مادەیەکی دەستوورییەو دەبێت جێبەجێبکرێت، «ئەمریکا هەمیشە بەپێی بەرژەوەندی خۆی مامەڵەی لەگەڵ کورد کردووەو بەڵێنەکانی جێبەجێنەکردووە، ئەمریکا خۆی لەمپەر بووە لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)دا، چۆن ئێستا ئەو مادەیە جێبەجێدەکات، ئەم بەڵێنەی ئێستایشی تەنیا بۆ تێپەڕاندنی کاتە.

کەرکوک مەسەلەیەکی هەستیارە، نەدەبوو کورد بەو مامەڵەیەی ئەمریکا رازیببێت».

راشیگەیاند: کورد لە قسەدا هیچی نەهێشتووەتەوە، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا هیچی بۆ نەکراوەو هەمووکاتێک دۆڕاوە.

بە بۆچوونی چاودێران لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ئەمریکا لەمپەربووە لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)داو لە ئێستا ناتوانێت هیچ کارێک بەو ئاراستەیە بکات، بەڵێنەکانیشی تەنیا بۆ قەناعەتپێکردنە.

مەحمود حەمەئەمین، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رایگەیاند: ئەمریکا پێش رێکەوتننامەی ئەمنی خۆی، سیادەی تەواوی بەسەر عێراقدا هەبوو، دەیتوانی پێشتر ئەو وەعدانە جێبەجێی بکات، ئەو زەختەی پێشتر لە کوردی کردووە، لە لایەنەکانی دیکەی بکردایە جێبەجێ دەبوو، ئێستا رێکەوتننامە هەیە ئەمریکا ساڵی ئایندە بەنیازە هێزەکانی خۆی بکشێنێتەوە، ئەو کاتە ئەو وەعدانە چۆن جێبەجێدەبێت؟.

ئیبراهیم خەلیل، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: تائێستا ئەو بەڵێنانەی لایەنە دەرەکییەکان بە کوردیان داوە، هیچیان جێبەجێنەکراون، پێموایە؛ بەڵێنەکان بۆ ئەوەن تا قەناعەت بە کورد بکەن‌و کورد تەنازولی زیاتر بکات لە مافە رەواکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەو بەڵێنانەی کە ئەمریکا بە سەرکردایەتی کوردی داوە، سەرکردایەتی کورد بەڵێنەکە ئاشکرا بکات.

بە بۆچوونی لەتیف فاتیح، نووسەرو رۆژنامەنووس سازشەکانی سەرکردایەتی کورد لەسەر مافەکانی گەلی کورد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سەرکردایەتی کورد تەجروبەی سیاسییان نییەو هەمیشە لەگەڵ سۆزدا یاریدەکات‌و عاقڵانە مامەڵە ناکات».



«سازشەکانی سەرکردایەتی کورد لەسەر مافەکانی گەلی کورد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سەرکردایەتی کورد تەجروبەی سیاسییان نییەو هەمیشە لەگەڵ سۆزدا یاریدەکات‌و عاقڵانە مامەڵە ناکات»

# کەرکوکیی‌و ئاوارەبوون!

مەلا فەرمان

## دەرکردن‌و ئاوارەبوون

ساڵی (١٩٦٣) لای خەڵکی کەرکوک بە ساڵی حەرەس قەومی‌و بەعسی ناسراوە، ئەو ساڵەی بەعسییەکان بە کودەتایەکی سەربازیی دەسەڵاتیان گرتە دەست.

لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵات دەستیان کرد بە دەرکردنی کورد لەم شارە، سەرەتا لە رووخان‌و چۆڵکردنی گوندە کوردنشینەکانی ناوچەی دوبز دەستیان پێکرد.

لە (١٩٧٦) چەند قەزاو ناحیەیەک بە مەرسومی کۆماری لە پارێزگای کەرکوک بچڕێندرا.

لێرەوە پێ بەپێ تا ساڵی (١٩٨٨) بە بەردەوامیی کاریان لە سەر پرۆسەی سێ کوچکەی بەعسیان ( تەعریب، تەبعیس‌و تەرحیل) کرد، لە (١٩٨٨) ئەم پرۆسەیە گەیشتە نیمچە کۆتایی، ژمارەی گوندە رووخاوەکان گەیشتە نزیکەی (١٧٦٩).

لە (١٩٩١) تا رووخانی بەعس ئەم پرۆسەیە بەردەوام بوو. بەوشێوەیە بەدرێژایی (٣٥) ساڵ کوردی کەرکوک بەشیان دەرکردن‌و ئاوارەبوون بوو. کەم شارو گوندی کوردستان هەیە کەرکوکیی، ئەگەر بۆ رۆژێکیش بێت کۆچ‌و باری لێنەخستبێت.

کەم وڵاتی دراوسێ‌و ئەوروپی هەیە کەرکوکیی رووی تێنەکردبێت.

## گەڕانەوە

دوای (٢٠٠٣/٤/١٠) لێشاوی گەڕانەوەی ئاوارەی کەرکوک دەستیپێکرد، وا چاوەڕواندەکرا سەرکردایەتی کورد بە بایەخەوە بڕوانێتە ئەم هەنگاوە، لە یەکەمی ریزبەندیی کارنامەی کارکردن بوایا، بەڵام ئەم چاوەڕوانییە وا دەرنەچوو، بەرنامەی حیزبیی جێی بەرنامەی نەتەوەیی گرتەوە، لە جیاتی ئەوەی کورد خۆی دەستبەکاربێت، چاو بڕدرایە دەستی حکومەتی عێراق بۆ بە دەنگەوەهاتنی پرۆسەی گەڕانەوەو ئاوەدانکردنەوە.

ئەم بێبەرنامەیی‌و چاو لەدەستبوونە دوو هۆی سەرەکی بوون لە مانەوەی گەڕاوەکان تا ئەم چرکە ساتە وەک ئاوارە لە شارەکەی خۆیان، یان مانەوەی بەشێکی زۆریان لە سنووری هەولێرو سلێمانی، تائێستاش ئەم ئاوارانە چاویان لەدەست رێکخراوە خێرخوازییەکانە.

دوای هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)، تێیدا بزووتنەوەی گۆڕان (٢٥) کورسی بەدەستهێنا، ئەم ژمارەیە جگە لەوەی بووە جێی سەرسووڕمانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان‌و عێراق، فشارێکی سیاسیی گەورەی دروستکردو هاوکێشە سیاسییەکانی گۆڕی لە کوردستان، بووە هۆی پێداچوونەوەی حیزبەکان‌و حکومەت بە کارەکانی خۆیاندا، ئەم پێداچوونەوەیە پەلەپڕوزێی بەرچاوی پێوە دیاربوو. باسکردن‌و دیاریکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە (٢٠١٠/١/١٦) ئەوەندەی دیکە فشاری بە خۆداچوونەوەی زیاتر کرد.

چەند مانگێک لەمەوپێش دوای (٦) ساڵ بڕیاری قەرەبووکردنەوەی نزیکەی (٤٢٠) خێزانی ئاوارە کرایەوە لە یاریگای کەرکوک (ئەم یاریگایە یەکێکە لە یاریگا گەورەکانی عێراق)، ئاوارەی یەک فۆڕمی خۆراک (٥) ملیۆن‌و دوو فۆڕمییش (١٠) ملیۆن دیناری وەرگرت.

ئەم هەنگاوە ئەگەرچی درەنگ نرا، لەژێر فشاری هەڵبژاردندا بوو، هەنگاوێکی خراپ نەبوو، بەڵام ئاوارە زۆر لەوە زیاتر دەهێنێت، دەبوایە خانوویان بۆ ئامادە بکرایەو بەڕێزەوە کلیلیان بدرایەتە دەست، وەک چۆن بۆ تورکمانەکانی گوندی بەشیر کرا، یان وەک ئەو بەڵێنەی بە (٢٠٠) ماڵە شەهیدی تورکمان درا.

ئەوانەی شارەزای کەرکوک‌و ژیانی کەرکوکییەکان نین، پێیانوایە؛ بەم هەنگاوە کۆتایی بە ژیانی ئاوارەیی هات لە کەرکوک.

بۆ ئاشنابوونی هەموو ئەوانە ئەم زانیارییانەی خوارە باسدەکەم:

ئێستا لەناو کەرکوک لە (٤٠) شوێنی جیاجیادا، لە گوزەرانێکی خراپدان زیاتر لە (١٣٣٠) خێزان، نزیکەی (٧٥٠٠) حەوت هەزارو پێنجسەد کەس ژیان بەسەر دەبەن‌و شوێنەکان بریتین لە:

١- قوتابخانەی بەلقیس
٢- بەڕێوەبەرێتی ئەمنی کەرکوک
٣- ئەمنی مەنسور
٤- ریعایەی واستی
٥- تەجنیدی کۆن
٦- ١٢ سوارەی قازان (ئاوارەکان ئەم ناوەیان لێناوە، ئەم ناوە لە شەڕی قازانەوە هاتووە، لە (١٩٨٢/٣/٥) روویدا، قازان گوندێکە لە ناوچەی سورداش).
٧- قوتابخانەی رسالە
٨- بنکەی تەندروستی شۆڕیجە
٩- باخچەی ساوایانی زهوری شۆریجە
١٠- دائیرەی کارەبا
١١- بلدیە قسم (٤ )
١٢- بارەگای قودس لە مەمدودە
١٣- بارەگای شوعبەی حیزبی لە مەمدودە.
١٤- رەوزەی سەنابل لە موسەڵا
١٥- رعایە ایتام موسەڵا
١٦ – قوتابخانەی اخاء لە موسەلا
١٧- الیات شرطة موسەلا
١٨- ریعایەی کەڕوڵاڵەکان لە موسەڵا
١٩- مونتەزهەی رێگەی بەغدا
٢٠- ئینزباتخانەی کۆن
٢١- بارەگای فیدائی لە وەحدە
٢٢- بنکەی ساوایانی دۆمیز
٢٣ - مەخزەنی شەریکە
٢٤- کۆمپانیای تارق
٢٥- ساحە الاحتفالات
٢٦- باخچەی ساوایانی ئیمام قاسم
٢٧ – اعدادیە تجارە
٢٨- دار الضیافة عرفە
٢٩- مەرکەزی پۆلیسی کۆن لە عەرەفە
٣٠- مرکز الطواري
٣١- کارگەی سێوەکە
٣٢- معهد فنی کرکوک
٣٣- قوتابخانەی قەڵا
٣٤- تەواری قادسیە
٣٥- مخزن حکومی مصلي
٣٦- رەوزەی هلالە لە رەحیم ئاوا
٣٧- شوقەی بارق حیسابات.

ئەگەر بەراوردێک لەنێوان گۆڕانکاریی لە ژیان‌و گوزەرانی ئەم ئاوارانەو بەرپرسانی شارەکە بکەین، بەر لە (٢٠٠٣)و دوای (٢٠٠٣) بۆمان دەردەکەوێت نادادپەروەریی گەیشتووەتە لوتکە.

بۆ چارەسەری کێشەی ئەم ئاوارانەو هەموو پێداویستییەکانی شار پێویستە چی بکرێت؟ سەرکردایەتی کورد یان حکومەتی عێراق دەستبەکاربێت، بەشێک لە داهاتی نەوتی کەرکوک تەرخان بکرێت، یان وەک نەوەدەکان دەست لە نەتەوەیەکگرتووەکان‌و رێکخراوە خێرخوازییەکانی دونیا پان بکرێتەوە!.

## پرۆفیسۆر دانیاڵ ڕۆتنبێرگ پسپۆڕی مافەکانی مرۆڤ:

# کاروانی دیموکراسیی لە عێراقدا مەودایەکی درێژخایەنی پێویستە

سازدانی: ڕۆمان بانەیی

**پرۆفیسۆر دانیاڵ ڕۆتنبێرگ پسپۆڕی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و مامۆستای زانکۆی (دیپاوڵ)ی ئەمریکی لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)دا، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە سیستمی دیموکراتی لە عێراق و کوردستاندا هێشتا لە قۆناغی سەرەتادایە و دەسەڵاتدارانیش وەکو پێویست ڕەچاوی مافەکانی مرۆڤ ناکەن، بۆیە پێویستە هاوڵاتییان و ڕێکخراوەکان فشار بخەنە سەر دەسەڵات بە مەبەستی بەدەستهێنانی داخوازییەکانیان و گۆڕانکاریی لە سیستمی سیاسیدا.**


پرۆفیسۆر دانیاڵ ڕۆتنبێرگ

**ڕۆژنامە: وەکو پسپۆڕێک لە بواری مافەکانی مرۆڤ و سیستمی دیموکراتیدا چۆن دەڕوانیتە بواری مافی مرۆڤ لە عێراقدا؟**

* عێراق وڵاتێکە، کە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لە پێشێلکارییەکانی بواری مافی مرۆڤدا، وڵاتێکە کە دەیان ساڵ سەرکوتکردن تێیدا بەردەوامبووە، بێگومان لەژێر سایەی ڕژێمی ڕابردوودا واتە بەعس، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ یەکێکبووە لەو سیاسەتانەی، کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە پیادە کراوە، ڕێکخراوەکەمان بۆ مافی مرۆڤ هەوڵێکی زۆریدا بۆ تۆمارکردن و دۆکیۆمێنتکردنی ئەو کارانەی، کە کاتی خۆی لە عێراقدا ئەنجامدرابوون لە بواری پێشێلکارییەکاندا، هەزاران بەڵگەنامەو شایەتیدان لەلایەن ئەو کەسانەی، کە قوربانیی دەستی ڕژێم بوون کۆکرانەوەو تۆمارکران، بێگومان کە پێشێلکاری سیاسیی زۆر بەرچاو هەبوون لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش، لە هەمانکاتدا چەندین شایەتیدانمان کۆکردووەتەوە لەسەر ئەو پێشێلکارییانەی لەو ماوەیەدا ڕوویانداوە.

**ڕۆژنامە: ئایا دووبارەبوونەوەی پێشێلکارییەکان لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵگەی عێراق ئامادەنییە مافەکانی مرۆڤ بپارێزێت، یاخود بەهۆی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییانەوەیە، کە بەدرێژایی دەیان ساڵ کاری لەسەر شێواندنی شیرازەی کۆمەڵی عێراقی کردووەو ئێستا بووەتە کەلتوور؟**

* زۆر بەرچاوو ئاشکرایە، کە توندوتیژیی و پێشێلکاریی بەشێکبووە لە کەلتووری سیاسیی دەسەڵاتدار، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کۆمەڵگەی عێراقی توانای ئەوەی نییە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت، من وادەزانم ئەو پێشێلکارییانەی کە لەبواری مافی مرۆڤدا لەپاش ڕووخانی ڕژێم ڕوویانداوە زۆر پەیوەندیداربووە بەو ساتە مێژووییەی کە هەبووە، من لەو باوەڕەدام کە ئەو پێشێلکارییانەش بەردەوام دەبن لەبواری مافەکانی مرۆڤدا، بەڵام ئایندەی وڵات سەقامگیرو دیموکراسیی دەبێت، ئەو توانایەی دەبێت کە بتوانێت تۆماری مافی مرۆڤ بپارێزێت، ئەوەش تەنیا لە کاتێکدادەبێت، کە بە دەستی عێراقییەکان خۆیان ئەنجامبدرێت، واتە تەنیا عێراقییەکان خۆیان دەتوانن ئەو هەنگاوە بنێن، بۆ ئەوەش کۆمەڵێک ئاماژە هەن وامان لێدەکەن و ئەو بڕوایەمان لادروست دەکەن ئەو بارودۆخەی، کە هەیە دەکرێت باشتر بکرێت.

**ڕۆژنامە: ئەو شەڕو پێکدادانە تایەفی و مەزهەبییانەی لە دوای ڕووخانی ڕژێم لە عێراقدا سەریانهەڵدا، مانای ململانێیەکی دیموکراسیی دەگەیەنێت، یاخود ئەوە دژە دیموکراسییەتە؟**

* بەهیچ شێوەیەک ئەوە بەشێک نییە لە دیموکراسیی، ئەوە ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە لەو بارودۆخەدا لەپاش هەرەسهێنانی ڕژێمەکە چی ڕوویداو ئەوەش ڕەنگدانەوەی بارودۆخی وڵاتەکە بووە، ئەو توندوتیژییەی لەپاش ڕووخانی ڕژێم ڕوویدا بەڕاستی کارەسات بوو هەموومانی تووشی نائومێدی و شۆکێکی گەورە کرد، کەس نەیدەزانی و نەیدەتوانی پێشبینی ئەوە بکات، کە ئایا ئێمە دەتوانین ڕێگە لەو توندوتیژی و پێشێلکارییانە بگرین، یاخود بەلایەنی کەمەوە تا ئەندازەیەک کەمیانبکەینەوە، من بۆخۆم لەوباوەڕەدام دەبوایە عێراق نەکەوتایەتە ئەو ئاستە توندوتیژییەوە، لەو بڕوایەشدام ئەو شێوازی ئیدارەکردنەی قۆناغی گواستنەوە بووە هۆی ئەوەی ململانێکان بەوشێوەیە بکەونەوە.

**ڕۆژنامە: هەرێمی کوردستان پێش ڕووخانی ڕژێم بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی کاروبارەکانی بردووە بەڕێوە، ئایا تا چەندە توانیویەتی هەنگاوی جدیی بنێت؟، ئایا لەو ماوەیەدا هەنگاوی باش، یاخود خراپی ناوە بەرووی دیموکراسیی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا؟**

* هەرکەسێک کە ماوەیەک لە عێراقدا بەسەردەبات ئاگاداری ئەوەیە، کە ناوچە کوردییەکان توانیویانە لە دەسەڵات و حوکمڕانی حکومەتی ناوەندی تارادەیەک خۆی جیابکاتەوە، ئەوەش چەندساڵێک لەمەوبەر ڕوویداوە، نەک دوای ڕووخانی ڕژێم، ئەوەش دەزانرێت کە ئەو ماوەی گواستنەوەیە بەبێ ململانێ و پێشێلکاریی نەبووە، ئێمە دەزانین کە ململانێیەکی زۆر جەوهەری هەبوو لەنێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتداردا، واتە پارتی و یەکێتی، بەڵام دواتر توانییان بگەنە ڕێکەوتنێک بۆ کەمکردنەوەی ململانێ لەنێوانیاندا، تا ئەو کاتەی گەیشتینە ساڵی (٢٠٠٣) جۆرێک لە سەقامگیریی هەبوو لە بارودۆخی سیاسیی کوردستاندا، من لە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە دەستمکرد بە هاتنەکانم بۆ عێراق، جیاوازی لە بارودۆخی هەردوو ناوچەکەدا (واتە

> چارەسەری سەرەکی بۆ گرفتەکان و هێنانەکایەی دیموکراسیی هۆشداریی زیاترە بە مافەکانی مرۆڤ و زیادکردنی ڕەوایەتی بەوەی کە یاسا سەروەر بێت

کوردستان و بەشەکەی دیکەی عێراق) لەو ساڵانەدا بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو هەستی پێدەکرا، ئەو خەڵکانەی کە بێگانەن وەکو خۆم توانیویانە بەشێوەیەکی سەربەستانە بەسەر شەقامەکانی کوردستاندا بڕۆن و لە پارکەکاندا کات بەسەربەرن و لەگەڵ هاوڕێکانیاندا کۆببنەوەو دابنیشن، ئەو کاتەی کە ئەمە لە کوردستاندا هەبوو لە ناوچەکان دیکەی عێراق وەکو بەعقوبەو بەغدا شتی لەوشێوەیە نەبوو، هەموو ئەوە دەزانین، کە بێگومان ئەمە شتێکە کە کورد توانیویەتی بەدەستی بهێنێت، بەڵام ئەگەر تۆ پرسیارم لەبارەی دیموکراسییەتەوە لێبکەیت، لە کوردستان یاخود عێراق یەک وەڵامی باو هەیەو پرسیارێکی باویشە بۆ هەموو ئەو کەسانەی خوازیارن کۆمەڵگەیەکی دیموکراسییان هەبێت، ئەویش ئەوەیە کە (هەمیشە دیموکراسیی پرۆسێس بووە)، پەیوەستە بە کۆمەڵێک بارودۆخی سیاسییەوە واتە ململانێی دەسەڵاتەکان، کە پەیوەندیدارە بەو ڕکابەرییە سیاسییەی کە ئەم دەیەوێت زیاتری بکات لەوی دیکە، وە کۆمەڵە ئایدیاڵیزمەکانی دیموکراسییەت ئەوەی کە تۆ دەبێت کۆمەڵێک بابەتی جەوهەریت هەبێت و کۆمەڵگەیەکیشت هەبێت یاسا تێیدا سەروەربێت، کۆمەڵگەیەکت هەبێت کە مافی خەڵک لە ڕەگەزپەرستی و جیاکاریی و جیاوازی دروستکردن بپارێزێت، بێگومان سیستمێکی سیاسیی کە بتوانێت توانا دروستبکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جەوهەری بتوانێت نوێنەرایەتی خەڵک بکات، چونکە لەلایەکەوە هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێت بنەماکانی دیموکراسیی بەجێبهێنێت و بڵێت؛ من بە تەواوەتی بەرجەستەم کردووە، چونکە هەمیشە ململانێ هەیەو تۆ دەتوانیت باشتری بکەیت، لەلایەکی دیکەوە کوردستان و عێراق هەردووکیان زۆر بە ئاشکراو بەڕوونی لە پرۆسەیەکدان و لە خەبات و کارکردنێکی زۆرزۆر ئاڵۆزدان بۆ ئیدارەکردنی زانیاری لەسەر سیستمی سیاسیی لە سیستمێکی زۆر تۆتالیتارییەوە بۆ سیستمێک، کە دیموکراسیخوازبێت.

**ڕۆژنامە: تۆ باست لەوەکرد، کە جۆرێک لە ئازادیی لە کوردستاندا هەیەو لە شوێنەکانی دیکەی عێراقدا نییە، ئەوەش لە ئەنجامی ڕێکەوتنێکی نێوان پارتی و یەکێتی لە کوردستان هاتە ئاراو کاتێک شەڕیان وەستاند ناوچەکە ئارامبووەوە، ئایا ئەو ڕێکەوتنەی یەکێتی و پارتی و دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوانیاندا، کە بە (پەنجا بەپەنجا) لای ئێمە ناسراوە، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە دەیانەوێت وا پیشانی دەرەوە بدەن، کە هەلی دیموکراسییان ڕەخساندووە، بەڵام لەناوەوە شتێکی دیکە لە ئارادابووە؟**

*من دەمەوێت ئەوە بڵێم؛ کە سەقامگیریی و دیموکراسیی دوو شتی جیاوازن، ئەوەی کە ئێستا دەیبینین ڕوودەدات لە کوردستاندا، دەکرێت بڵێین سەرەتایەکی تەندروستە بۆ ئەوەی لە مەودایەکی درێژخایەندا باشبێت، یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسیی ئەوەیە، کە تۆ بتوانیت هەڵبژاردنی جیاوازت هەبێت بۆ هاوڵاتیان بۆ ئەوەی بتوانرێت کەشوهەوایەکی تەندروست هەبێت لە وڵاتدا، پارتی جیاوازو کاندیدی جیاواز هەبن، من لەو باوەڕەدام کە ململانێکان لێرە هەموو لایەنەکان لە مەودای درێژدا کەڵک دەبینن لەوەی، کە بتوانن ڕێز بگرن و پابەندبن بە سەروەریی یاسا، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی شەرعی بتوانن جیاوازییە سیاسییەکانیان ئیدارە بکەن.

**ڕۆژنامە: ئەو ڕاپۆرتانەی لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بڵاودەکرێنەوە، بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە نکوڵییان لێدەکرێت و بە زیادەڕۆیی تۆمەتبار دەکرێن، ئایا بەڕاستی ڕاپۆرتەکان زیادەڕۆییان تێدا کراوە، یاخود دەسەڵات دەیەوێت ڕاستییەکان لە ڕای گشتیی و جیهان بشارێتەوە؟**

* من لەو بڕوایەدام، کە مەبەست لە کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە داوا لە دەسەڵات بکات، کە ڕێز بگرێت لە مافە سەرەکییەکان، ئەوەش بەرپرسیارێتی خەڵکییە واتە دەبێت هاوڵاتیان بەو کارە هەڵبستن، لە هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا بۆ فشارخستنە سەر حکومەتەکەیان بۆ ئەوەی پابەندی یاسابێت و پەیماننامەو یاسا نێودەوڵەتییەکانی دیکەش بپارێزێت و ڕێز لە مافە جەوهەرییەکان بگرێت، دەبێت هاوڵاتیان بەو ئەرکە هەڵستن و شتێک نییە، کە سەیرو سەمەرە بێت، هیچ شتێکیش نییە کە گرفتدار نەبێت لە مەودایەکی درێژدا، کە ڕەنگە حکومەت یاخود دەوڵەت نکوڵی لە هەندێک لەو شتانە بکات، چونکە ئەوەی کە گرنگە ببێت، ئەوەیە ئەو فشارە هەبێت و بێتەدی کە بارودۆخی دەوڵەتەکەو دەسەڵاتداران تێبگەن لەوەی کە خەڵک هەیەو دەبێت ڕێز لە مافەکانیان بگیرێت، ئەوەش مانای کۆمەڵگەی مەدەنییە کە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاگاداربن و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە چاودێری دەکەن و دەبێت هەمووان پابەندی یاساو ڕێساکان بن، ئەوانیش بەرامبەر ئەو ستانداردەی کە هەیە کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، بەکورتی بڵێم؛ کە لە مەودایەکی کورتخایەندا هەمیشە دەوڵەت و حکومەت نکوڵی لەوە دەکات کارێکی کردبێت، کە چەوت بووبێت، بەڵام ئەوەی کە گرنگە بەشێوەیەکی زانستیی لە مەودای مامناوەندو درێژدا، دەبێت حکومەت چارەسەری ئەو پێشێلکارییانە بکات، کە ئەنجامدراون، وە تێبگات لەوەی کە خەڵکی وڵاتەکە پێی دەڵێت، کە دەبێت دەسەڵات ئیلتیزامی هەبێت، ئەوەش یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسیی.

**ڕۆژنامە: ئەو ڕاپۆرتانەی بڵاودەکرێنەوە لەسەر پێشێلکارییەکان تا چەندە کاریگەرییان لەسەر دەسەڵات دەبێت، ئایا دەتوانن گۆڕانکاریی بکەن؟**

* بەڵێ ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە بارەی پێشێلکاری بڵاو دەکرێنەوە، جگە لەوەی کە ڕاستییەکان دەخەنەڕوو، لە هەمان کاتیشدا جۆرێکن لە فشار بۆ سەر دەسەڵات و کاریگەرییان دەبێت؟

**ڕۆژنامە: بەڵام ئەو خوێندنەوەیەی کە دەسەڵات بۆ ڕاپۆرتەکان دەیکات و بە دژیان دەزانێت، ئایا بەڕاستی دژی دەسەڵاتن یاخود ئاوێنەیەکن، کە دەیانەوێت کەموکورتییەکانی دەسەڵات پیشانبدەن و بیخەنەوە سەر هێڵی خۆی؟**

* من بە تەواوەتی کۆکم لەسەر ئەوەی، کە بەڵێ ئەو ڕاپۆرتانە، جۆرێکن لە هۆشداریی کە دەدرێن بە گوێی حکومەتدا بۆ ئەوەی بێتەوە سەر ڕێی ڕاست، من لەو باوەڕەدام ڕاپۆرتەکانی بواری مافی مرۆڤ، کە لەلایەن ڕێکخراوە جیاجیاکانی مافی مرۆڤەوە بڵاو دەکرێنەوە، جا ناوخۆیی بن یاخود دەرەکی جۆرێکن لە شێوازە سەرەکییەکان بۆ پشتیوانیکردنی دیموکراسییەت بۆ ئەوەی حکومەت ئاگادار بکاتەوە لەوەی، کە ئەوان دەبێت ڕێز لە یاساکان و ئەو ستاندەردانە بگرن، کە لە ئارادان.

**ڕۆژنامە: دوای ڕووخانی ڕژێم بوارێکی باش ڕەخسا بۆ سەرهەڵدانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە عێراقدا، بەپێی ئامارەکانیش ئێستا لە عێراقدا زیاتر لە (١١٠٠٠) ڕێکخراو بوونیان هەیە، ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چەندە توانیویانە بەر بەپێشێلکارییەکان بگرن، یاخود کار لەسەر ئەوە بکەن کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیی بهێننە ئارا؟**

* بارودۆخی عێراق پێویستی بە کارکردنی زۆر هەیە، لەئێستاشدا وەڵامی ساکار بۆ ئەو بوارە نییە، بەڵام من بێگومان لەو بڕوایەدام، کە کەشوهەوای تەندروست و بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی شتێکی زۆر باشە بۆ وڵات، بەڵام ئەگەر کەسێک گومانی ئەوە بکات و هەست بەوە بکات، کە ئەو حاڵەتە پێچەوانەیە، ئەوا پێویستە بیر لەوە بکاتەوە، کە چۆن لە سەردەمی سەدام حسێندا هەنگاونان بەرەو دیموکراسیی گران بووە، چونکە ڕێگە بە هاتنە ئارای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی نەدراوە.

**ڕۆژنامە: پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ تا چەندە هیوای بەوە هەیە، کە هەوڵدان و ماندووبوون و کارکردن بۆ چەسپاندنی دیموکراتی، دەتوانێت کۆمەڵگەی عێراقی بەرەو ئارامیی بەرێت؟**

* ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم؛ کە خەباتکردن و تێکۆشان بۆ دیموکراسیی لە عێراقدا مەودادرێژەو کاتی زۆر دەبات، ئەوەشی کە گرانە سەرکەوتووبێت یاخود نا، هەمووی پشتدەبەستێت بە عێراقییەکان خۆیان، من لەو باوەڕەدام کە چارەسەری سەرەکی بۆ گرفتەکان و هێنانەکایەی دیموکراسیی هۆشداری زیاترە بە مافەکانی مرۆڤ و زیادکرنی ڕەوایەتی بەوەی کە یاسا سەروەر بێت، کەواتە تەنیا لەڕێگەی پیادەکردنی یاساوە هەنگاوەکان دەچەسپن، ئەوەندەش کە سەروەریی یاسا فراوانبێت و پیادە بکرێت و بەرجەستە بکرێت لەبەرامبەریشدا پێشێلکاریی سیاسیی بەشێوەیەکی تەواوەتی کەمدەبێتەوە.

**ڕۆژنامە: بەڕێزت وەکو چاودێرێکی نێودەوڵەتی لە دووتوێی وتەکانتدا ئەوەت ڕوونکردەوە کە بەدرێژایی مێژوو گەلی کوردستان و عێراق قوربانی زۆریانداوە، ئەوانەی کە بەرپرسن لەو حاڵەتە، جا ئایا وەک تاکەکەس بن، یاخود وەکو حیزب و تایەفە بن، ئایا مێژوو دەتوانێت ڕۆژێک لەڕۆژان بیانهێنێتە بەردەم دادگاو ماف بۆ خاوەن مافەکان بگەڕێتەوە؟**

* من لەوباوەڕەدام ئەو پرسیارەی، کە پێویستە زیاتر ڕامانبکێشێت ئەوەیە، کە گرنگ نییە کەسێک یاخود دوو کەس بهێنرێنە بەردەم دادگا، چونکە وەکو دەبینرێت کۆمەڵێکی زۆر لە سەرانی ڕژێم هێنرانە بەردەم دادگاو دادگاییکران، تەنانەت ئەو کەسەی کە بەرپرسی سەرەکیی هۆکاری ڕەوشی نالەباری عێراق بوو ئەویش دادگاییکرا، من لەو بڕوایەدام، کە عێراق هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو توانایەی کە بەشێوەیەکی کراوەو ڕاشکاوانە پابەندبێت و ڕووبەڕووی ئەو پێشێلکارییە سیاسییانە بێتەوە، کە ڕوویانداوە، دڵنیاشم کە ئەو بارودۆخە لە داهاتوودا بەرەو باشتربوون دەچێت، تەنیا میکانیزمێک ئەوە نییە، کە تۆ بێیت دادگایی ئەو کەسانە بکەیت کە هەستاون بە پێشێلکارییەکان، بۆچوونی من ئەوەیە کە شتێکی زۆر تەندروست دەبێت بۆ کۆمەڵگەی عێراقی، کە بەشێوەیەکی زۆر کراوانە ڕووبەڕووی ڕاستییەکانی ڕابردوو ببێتەوە، ئەویش لەڕێگەی لێکۆڵینەوەی زیاترو شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی زیاتر، بە کۆمەڵێک بڵاوکراوەی زیاتر، خوێندن و پەروەردەی زیاتر، دامەزراندن و دانانی کۆمەڵێک سیاسەت و بنەما، هەندێک لەو یاساو سیاسەت و بنەمایانەش دەبێت زۆر دیاریکراوبن، هەندێکی دیکەیشیان بۆ ئەو مەبەستانەبن، کە یادەوەری خەڵک بەزیندوویەتی بمێننەوە بۆ ئەوەی ئەوانەیان لەبیربمێنێت، یاخود هەندێک یاسای دیکە دەربکەن بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان و زیانمەندەکان، هەندێک لە قوربانییەکان پێیان باشە بۆ نموونە لە شوێنێکی باشتر بژین و گوزەرانیان باشتر بکرێت وەک لەوەی کۆمەڵێک خەڵک بدرێنە دادگا، ئەوەی کە من پێشنیازی دەکەم بۆ عێراق ئەوەیە، کە هەنگاوبنێن بەو ئاراستەیە بۆ داهاتوویان، چونکە ئەوە ئیجابیترە بۆ وڵاتەکە، بۆ دەربازبوون لە هەموو ئەو پێشێلکارییانەی لەڕابردوودا ڕوویانداوە.

# «داخستنی دەتەپە کاریگەریی خراپی بۆ سەر حکومەتی هەرێم دەبێت»




شاڵاو فەتاح

## داخستنی دەتەپە

داخستنی پارتی دەتەپە بۆ زۆرێک لە ناوەندە ناوخۆییەکانی تورکیاو جیهانیش شۆکئامێزبوو، ئەمەش لە کاردانەوەی دەستبەجێی جەماوەری کوردو ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپادا دەرکەوت.

دادگای دەستووری تورکیا لە ڕۆژی هەینی (٢٠٠٩/١٢/١١) بەتێکڕای دەنگ بڕیاری داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (دەتەپە)دا بە «تاوانی بوونی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە»و بەمشێوەیەش کاری سیاسیی لە دامەزرێنەرانی ئەم پارتە بە ئەحمەد تورکی سەرۆکی پارتەکەشەوە قەدەغەکرا.

ئەم بڕیارە لە کاتێکی زۆر ناسکدا درا، کە زۆرێک لە میدیای جیهانیی بە گەورەترین مەترسییان دانا بۆ سەر پڕۆسەی کرانەوە بەڕووی کورد دا. لە بارەی داخستنی دەتەپەوە، هاشم کیلیچ، سەرۆکی دادگای دەستووریی وتی: «(١١) قازی دادگای باڵای تورکیا بڕیاریان لەسەر ئەوە داوە، کە دەتەپە بووەتە خاڵی سەرەکی چالاکییەکان دژی یەکگرتوویی وڵاتو نیشتمان».

دواتر وتی: سەرۆکی دەتەپە واتە ئەحمەد تورک، لەگەڵ ئایسەل تورکو (٣٥) ئەندامی دیکەی ئەو پارتە بۆ ماوەی پێنج ساڵ چالاکیی سیاسییان لێ یاساغکراوە، ئەوەشی باسکرد کە تەواوی دارایی حیزبەکە دەستی بەسەردا دەگیرێت.

پارتی دەتەپە (٢١) کورسی لە پەرلەمان لە کۆی (٥٥٠) کورسییەکەی تورکیادا هەیە.

## دەستپێکێکی نوێ لەگەڵ کورد دا؟

کاردانەوەی دەتەپە چاوەڕوانکراو بوو، چونکە پێش دەرچوونی بڕیاری یاساغکردنەکەش پەرلەمانتارانی دەتەپە، کە ژمارەیان (٢١) پەرلەمانتارە لە کۆی (٥٥٠) ئەندام، هەڕەشەی کشانەوەیان لە پەرلەمان کرد، کشانەوە بە مەبەستی دەستلەکارکێشانەوە نایەت، چونکە ئەو پەرلەمانتارانە دەتوانن تاکۆتایی ئەم خولەی پەرلەمان بە سەربەخۆیی لە پەرلەماندا بمێننەوە، بەڵام ئەوان تەنیا لە پەرلەمان دەکشێنەوە، نەک لە کاری سیاسیی وەک جۆناسان هێد، (بی.بی.سی) لە ئەستەمبوڵ ڕایگەیاند: پەرلەمانتاران ڕێگەی ناوەندیان گرتووەتەبەر، بە مانای ئەوەی دەستلەکارناکێشنەوە، بەڵام تەنیا لە پەرلەمان دەکشێنەوە، بەڵام ئەم بڕیارە تەنیا (سیاسیی لێوبەخەندەی کوردەکانی یاساغکرد). جەماوەری دەتەپە دوای دەرچوونی بڕیارەکە هەڵچوون‌و لە چەند شارێکی باشووری خۆرهەڵات (ناوچەی کوردنشین) دەستیان بە خۆپیشاندان کرد، دەستبەجێ جەماوەری تووڕە، بەتایبەت لە باشووری خۆرهەڵات چوونە دەرەوەو پێکدادان لەگەڵ پۆلیسدا دروستبوو.

ئەم بڕیارە چوار مانگ دوای پەیمانی حکومەت بە دەستپێکێکی نوێ لەگەڵ کورد دێت. بەهیوای ئەوەی بە بەخشینی مافی زیاتری گوزارشتکردن کۆتایی بە پاڵپشتیکردنی چەکدارەکانی پەکەکە بهێنرێت.

هەر لەبارەی یاساغکردنی دەتەپەوە پرۆفیسۆر مایکڵ گەنتەر، کە شارەزایەکی کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەو چەندین کتێبی لەسەر کێشەی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: زۆر دڵگرانم بە بڕیاری دادگای دەستووریی تورکیا بە داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات.

لەم چەند ساڵەی دواییدا تورکیا (٢٧) پارتی سیاسیی جیاوازی داخستووە.

زۆرێک لەوانە پارتی ئاشتیخوازی پرۆکورد بوون لەوانە، پارتی کاری خەڵک (هەپ) (١٩٩٣)، پارتی دیموکرات (دەپ) (١٩٩٤)، پارتی دیموکراتی خەڵک (هادەپ) (٢٠٠٣).

داخستنی دەتەپە ئەتمۆسفیرێکی سیاسیی نابەکام دروستدەکات‌و ئەوەش دووپاتدەکاتەوە، کە دەستپێشخەریی ئاشتەوایی تورکیاو کرانەوەی کوردی لەوە لاوازترە سەرکەوتوو بێت.

سەرەتا کە دەستپێشخەریی دیموکراسیی لە تورکیا پەیمانی بە کوردەکان دەدا، کە کێشەی دەیان ساڵەیان چارەسەر بکات، بەڵام ئەم بڕیاری داخستنە ئەو گەشبینییە ناهێڵێت‌و پڕۆسەی دەستپێشخەریی کوردیش دەخاتە مەترسییەوە.

نەک تەنیا کورد، بەڵکو تەواوی تورکیا لاوازتر دەبێت بەوەی کە ڕوویدا.

مایکڵ گەنتەر پێیوایە؛ داخستنی دەتەپە گورزێکە بەر دیموکراتیی کەوتووە، لەمبارەیەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: دیموکراسییەت مافەکان بە دەتەپە دەبەخشێت، وەک چۆن بە هەموو پارتەکانی دیکەی دەبەخشێت، کە کەمپەین بۆ بیروباوەڕی خۆیان بکەن بە ئاشتیخوازانە، بە داخستنی دەتەپە، دادگای دەستووری تورکیا زللەیەکی توند لە پڕۆسەی دیموکراسیی لە تورکیاو هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بۆ پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوی یەکێتی ئەورووپاوە دەدات.

ئەم دۆخە ئەوەم بیردێنێتەوە، کە فەرەنسییەکان ڕاهاتبوون لە بارەی بۆربۆنەکانەوە دەیانوت: «هیچ فێرنەبوون، بۆیە هیچ نییە بیریان بچێتەوە».

بە مانایەکی دیکە، تورکەکان هیچ شتێک فێرنەبوون لەوەی چۆن کێشەی کوردەکان بە دروستی‌و زیرەکانە چارەسەر بکەن، بەڵام بیریان نەچووە کە چەندە لە کوردەکان دەترسێن.

ئەم بڕیارە ناسۆرە کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر بە ئەندامبوونی ئەو دەوڵەتە مۆدێرنەی، کە ئەتاتورک دروستیکرد تا ببێتە یەکێک لە خۆرئاوا.

دواتر مایکڵ گەنتەر لە بارەی داخستنی دەتەپەو کاریگەریی ئەم بڕیارە لەسەر حکومەتی هەرێم دەڵێت: بەداخەوە ڕەنگە ئەم بڕیارە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەبێت، کە لەم دواییانەدا زۆرێک لە بەرپرسانی تورکیا ئیرادەی ئەوەیان هەبوو، نەک تەنیا لەڕووی ئابوورییەوە، بەڵکو لەڕووی سیاسییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەن. سیاسەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران بە پیادەکردنی (سفر کێشە)، یان نەبوونی کێشە لەگەڵ دراوسێکاندا لەنێویاندا حکومەتی هەرێم لەوانەیە لەبەردەم مەترسیی فەشەلهێناندا بێت.

ئەمە هەواڵێکی باش نییە بۆ حکومەتی هەرێم، بەدڵنیاییەوە تەنیا کات دەتوانێت پێمانبڵێت؛ کە چۆن چارەنووسی پەکەکە کاریگەریی درێژ بەجێدێڵێت؟.

## گوڵ داوای کۆبوونەوەی هەموو پارتەکان دەکات

عەبدوڵا گویلی سەرۆکی تورکیا لە کاردانەوەیدا بەرامبەر ناڕەزاییەکان ڕایگەیاند: دادگای دەستووری تورکیا دادگایەکی سەربەخۆیەو دەبێت هەمووان ڕێز لە بڕیارەکانی بگرن، گویل کە بە سەردانێکی ڕەسمیی لە مۆنتینگرۆ بوو لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان وتی: دەبێت ڕێز لە بڕیاری دادگای دەستووریی تورکیا بە داخستنی دەتەپە بگرن.

لە بارەی بڕیاری دادگاوە بە داخستنی دەتەپە گویل وتی: هیواخوازم سەرکردەی پارتەکان هێندە هۆشیاربن، کە پارتەکانیان بپارێزن، بەڵام ئەوەی دەستوورو یاساکان ڕوونن، دادگا چی پێدەکرێت؟ تورکیا پلورالیزمی لە ئامێزگرتووەو دەیەوێت ستاندەرەکانی دیموکراتییەتیش بەرزبکاتەوە، بوونی سیستمی فرەحیزبییش مانای ئەوەیە، کە بیروڕای جیاواز لە پارتی جیاوازەوە قبوڵدەکرێت، بەڵام ئەمە بە مانای بانگەشەکردن بۆ دابەشکردنی وڵات نایەت، بەڵام گویل دەستبەجێ داوای کۆبوونەوەی تەواوی پارتەکانی تورکیای کرد بۆ قسەکردن لەسەر پڕۆسەی کرانەوەی دیموکراسیی، بەهۆی داوای سەرۆک کۆمارەوە گشت پارتەکانی تورکیا ڕەزامەندی خۆیان لەسەر بەشداریکردن دەربڕی تەنیا پارتی کۆماری گەل (جەهەپە) نەبێت.

گویل لە لێدوانێکدا، کە لە وڵاتی ئەلبانیا بۆ ڕۆژنامەنووسان دوا، وتی: «هەمووان دەبێت ژیربن، ئامانجی هەر ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ئەوەیە، کە توندووتیژیی هانبدات لەلایەکو لەلایەکەی دیکەوە بیسەپێنێت، دەبێت ئەو هەلەیان پێنەبەخشرێت». دواتر گویل وتی: ئەمڕۆ ڕۆژی هاوکارییە، ڕەنگە چەند بیروبۆچوونێکی جیاوازو سیاسەتی جیاوازمان هەبێت، بەڵام سەرۆکی هەموو پارتە سیاسییەکان پێویستە کۆببنەوە، پێویستە ڕاستگۆیانە بدوێین‌و ئەگەر پێویستیش بکات کۆبوونەوەکە داخراو دەبێت. (جەهەپە) تاکە پارتە، کە پێشوازی لە بیرۆکەی کۆبوونەوەی پارتەکان ناکات، تەنانەت گەر داوای سەرۆک کۆماریش بێت». سەرۆکی (جەهەپە) دەنیز بایکاڵ تەنیا دووجار چووەتە ئۆفیسی سەرۆکایەتی لە خولی سەرۆکایەتی عەبدوڵا گویلدا.

ئۆنۆر ئۆیمەنی جێگری سەرۆکی (جەهەپە) ڕایگەیاند: پێیوانییە دەنیز بایکاڵی سەرۆکی حیزبەکەی بیرۆکەی کۆبوونەوەی گشت پارتەکانی پێباشبێت، ئەو وتی: «ڕای سەرۆک وەزیران ئاشکرایە، پێموانییە پێویستی بە کۆبوونەوەی پارتەکان بێت».

## یەکێتی ئەوروپا تورکیا ئاگاداردەکاتەوە

ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپا، کە مۆتیڤێکی کاریگەرە لەسەر دیموکراسییەتی تورکیا، چونکە تورکیا بەجدیی هەوڵی بوونە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا دەداو ڕێکخراوەکەش داخوازی بوونی ستاندەرەکانی دیموکراسییەتە لە تورکیادا، بەمشێوەیە هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا هەڵوێستێکی کاریگەر دەبێت لەسەر تورکیا. کێشەی کوردیش یەکێکە لەو کێشانەی ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپا وەک بەشێک لە پڕۆسەی دیموکراسیی لە تورکیا وەریدەگرێت، هەربۆیە لە بارەی یاساغکردنی دەتەپەوە یەکێتی ئەوروپا تورکیای ئاگادارکردەوە لە کاریگەرییەکانی ئەو کارە. ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپا دەستبەجێ تورکیای ئاگادارکردەوە لەوەی یاساغکردنی دەتەپە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی کوردەکان‌و کشانەوە لە هەنگاوەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی (کێشەی جوداییخوازەکان).

تورکیا مێژوویەکی درێژی هەیە لە داخستنی ئەو پارتانەی، کە هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی، لەنێویاندا پارتە ئیسلامیی‌و کوردییەکان.

## ئەو حیزبانەی داخراون

تورکیا، هەرچەندە سیستمێکی فرەحیزبیی پەیڕەو دەکات، بەڵام زۆرێک لە حیزبەکان، بەتایبەت پارتە ئیسلامیی‌و کوردییەکان ڕووبەڕووی دادگای دەستووری دەکرێنەوەو یاساغدەکرێن‌و دامەزرێنەرەکانیشیان کاری سیاسییان لێ قەدەغە دەکرێت، ئەمە جگە لە بوونی باڵێکی سەربازیی بەهێز لە تورکیادا، کە خۆیان بە «پارێزەری دەستکەوتەکانی کۆمار» دەزانن‌و مافی ئەنجامدانی کودەتا بەخۆیان دەدەن لە کاتی «مەترسیی دروستبوون لەسەر کۆمار»دا. مێژووی یاساغکردنی پارتەکان لە تورکیادا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی کۆمارو لەدوای دەستوەردانە سەربازییەکەی ساڵی (١٩٨٠)ەوە ئەم دیاردەیە پەرەیسەندووە.

یاساغکردنی کاری سیاسییش تەنیا ئەو پارتانە ناگرێتەوە، کە دادگای دەستووری یاساغیان دەکات، بەڵکو چەندەها پارت‌و ڕێکخراوی «نایاسایی» لە تورکیادا هەن، نموونەی (پارتی کرێکارانی کوردستان، حیزبوڵڵا، پارتی ماویستی کۆمۆنیست، حیزبی تەحریر،...چەندانی دیکە).

ڕاستە زۆرێک لەو پارتانەی، کە یاساغدەکرێن ئیسلامیی یان کوردیین، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت، کە پارتەکانی دی هیچ مەترسییەکیان لەسەر نییە، بەڵکو پارتە چەپە کۆمۆنیستەکان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە ڕووبەڕووی دادگا بوونەتەوە.



## گرنگترین ئەو پارتانەی لە تورکیا داخران

**پارتە چەپەکان:**

**پارتی کرێکارانی تورک (تورکی ئیشچی پارتیسی) (١٩٦١)**
**کۆمیونیستی یەکگرتووی تورکیا (تورکی بیرلەشیک کۆمونیست پارتیسی)**

**پارتە دینییەکان:**

**پارتی کۆماری پێشکەوتنخواز (تەراککیپەرڤەر جمهورییەت فیرکاسی) (١٩٢٥/٦/٣)**
**پارتی نیزامی میللی (میلی نیزام پارتیسی) (١٩٧١/٥/٢٠)**
**پارتی ڕەفاه (ڕەفاه پارتیسی) (١٩٩٨/٢/٢٢)**
**پارتی فەزیلەت (فەزیلەت پارتیسی) (٢٠٠١/٦/٢٢)**

**پارتە کوردییەکان:**

**پارتی کاری خەڵک (هەڵکین ئەمەک پارتیسی) (١٩٩٣/٦)**
**پارتی دیموکرات (دیموکراسی پارتیسی) (١٩٩٤/٦/١٦)**
**پارتی دیموکراتی خەڵک (هەڵکین دیموکراسی پارتیسی) (٢٠٠٣/٣/١٣)**
**پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دیموکراتیک ڤە تۆپلوم پارتیسی) (٢٠٠٩/١٢/١١)**

## سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان:

# قەیرانەکەی دوبەی هەندێک کارو گرێبەستی پرۆژەی هەرێمی وەستاندووە

**سەنگەر جەمال**

**قەیرانە داراییەکەی دوبەی زیان بە کوردستانو سەرمایەدارەکانی دەگەیەنێتو سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانیش ئەوە دەخاتەڕوو، کە کاریگەریی ناڕاستەوخۆی لەسەر کوردستان هەیە، بەوپێیەی کاری ئەو کۆمپانیایانەی ئیمارات لە کوردستان وەستاونو گرێبەستە نوێکان بەئاکام نەگەیشتوون.**



هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان

پسپۆڕانی ئابووریی لەو بڕوایەدان قەیرانی دارایی دوبەی زیانی قورس بەو وەبەرهێنەرانەی کوردستان دەگەیەنێت کە لە ئیمارات وەبەرهێنانیان کردووە، بەتایبەت لە بواری بیناسازییو نیشتەجێبوون (عقارات)، سەرباری ئەوەی قەیرانەکە کاریگەریی دەبێت لەسەر بازرگانیو بازاڕی کوردستان، بەوپێیەی زۆرێک لە سەرمایەدارانو بازرگانان مامەڵەی تێدادەکەن.

هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، پێیوایە، کوردستان وەکو هەموو بازاڕێکی دیکە دەکەوێتە ژێر هەر کاریگەرییەکەوە کە قەیرانی دارایی لە هەر شوێنێک لە جیهاندا ڕوویدات، بەڵام کارپێکردنو ئاستی قەیرانەکە لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی دی دەگۆڕێتو ڕوونیدەکاتەوە، کە «کوردستان لەو بوارانەدا بەشێک نەبووە لە بازاڕەکانی جیهان، بۆیە کاریگەریی قەیرانەکە لەسەر کوردستان شێوازێکی ڕاستەوخۆی نەگرتووەتەخۆ، بەڵام نایشارێتەوە کە ناڕاستەوخۆ کوردستان لەژێر کاریگەریی ئەو قەیرانەدا ژیاوە.

ئەو باس لەوە دەکات، کە دەزگاکانی حکومەت هەوڵیانداوە سەرنجی کۆمپانیا گەورەکان ڕابکێشن بۆ کوردستان، بەشێوەیەک کە بەشێکبن لە گەشەپێدانی ئابووریو بووژاندنەوەی کوردستانو وتی: «ئەو گەورە کۆمپانیایانە فاکتەری کارای ئابوورین لەو وڵاتانەی کاری تێدادەکەن، ئەگەر تەنگەژەیەک لە بواری ئابووریشدا ڕوویدات، ئەوان یەکێک دەبن لەو دەرئەنجامانەی هۆکارە نێگەتیڤەکانی ئەو تەنگەژەیە دەیانگرێتەوەو دەبێتە هۆی ئەوەی چالاکیو کارەکانیان لە دەرەوەی وڵاتەکانیان کەمبکەنەوەو کوردستانیش یەکێک دەبێت لەو ناوچانەی هەوڵدەدەن چالاکییەکانی تێدا کەمبکەنەوە».

دوای دەرکەوتنی قەیرانەکەو زەرەرمەندبوونی ئەو کۆمپانیا ئیماراتیانەی لە کوردستان کاریان کردووە، یان بەنیازی کاربوون، پرۆژەکان بە ئاکام نەگەیشتنو جگە لە بچووککردنەوەی قەبارەکانیان، هەندێکیان گرێبەستەکانیان واژۆنەکرد.

هێرش نایشارێتەوە کە قەیرانەکە بووەتەهۆی ڕاگرتنو کەمکردنەوەی هەندێک چالاکیو پرۆژەو ئەنجامنەدانی گرێبەست. وتیشی: «بێگومان یەکێک لەوانە پرۆژەی کۆمپانیای داماکە، کە گرێبەستێکمان لەگەڵ مۆرکردبوو، بەڵام ئەم تەنگەژە داراییە بووە هۆکارێک نەتوانێت وەک پێویست کاربکات، لەگەڵ ئەوەی هەوڵمانداوە پێگەی ئەو کۆمپانیایانە لە کوردستان دانەبڕێت، چونکە لەکاتێکدا ئەو قەیرانانە بەسەر دەچنو کاریگەرییان کەمدەبێتەوە، ئەو کۆمپانیا جیهانیانە بەدوای بازاڕدا دەگەڕێن بۆئەوەی قەرەبووی زیانەکانیان بکەنەوە، کوردستان لەو بازاڕانەیە کە پێشوازییان لێدەکات بۆئەوەی بەهەرشێوەیەک بێت کە بتوانین پشکێک لە چالاکییەکانیان بۆ کوردستان بهێنین».

باس لەوەشدەکات، کە بەشێک لەو گرێبەستانەیان بۆ قۆناغی دووەمو ڕێکخستنەوەی شێوازی گرێبەستەکە کردووە، بەو ئاقارەی لەگەڵ قەیرانەکەو بازاڕی کوردستانو پێویستییەکانی بگونجێت، وتیشی: «ڕەنگە ئێمە لە ڕووی کاتەوە زیانمان کردبێت، بەڵام وەکو متمانە کێشەیەکی گەورەمان بۆ دروستنەبووە، چونکە هیچ هاوڵاتییەک لەو پرۆژانە مافی نەخوراوەو هیچ میزانییەیەک لە کوردستان بۆ ئەو پرۆژانە سەرفنەکراوە، بەپێچەوانەوە ئەوان خۆیان پارەی زۆریان سەرفکردووە، بەڵام ئێستا ناتوانن پرۆژەکە بەو ئاستە جێبەجێ بکەن، ئێمەش بەشێوەیەکی واقیعی سەیری پرۆژەکان دەکەین، کە ئەوەیە ئایا حەجمی پرۆژەکەو پێویستیی کوردستان چەند بێت، ئەوەندە جێبەجێبکرێت».

موحەڕەم ڕوونیشیدەکاتەوە، کە ئەگەر ئەو قەیرانەش نەبوایە، لە کاری ئەوەدان کۆمپانیای گەورەو خاوەن ئەزموونو بڕوانامەی سەرکەوتوو بێننە کوردستانو لەسەر دەستی ئەوان ئابووریی کوردستان ببووژێتەوەو «ئەو قەیرانانە هەبن یا نا، بەردەوام کارمان کردووە سەرنجی ئەو کۆمپانیایانە ڕابکێشین، بەڵام تەنیا قسەی ئێمەو پەیوەندییەکانمان بەس نین کە کۆمپانیایەکی گەورە ڕووبکاتە کوردستان کاربکات، بێگومان ئەو کۆمپانیایانە خۆیان بڕیاردەدەن ئایا دێن یان نایەن، ئەوەی لە ئەستۆی ئێمەیە هەلومەرجێکی وایان بۆ بڕەخسێنین کە بێنە کوردستان».

لەلایەکی دیکەوە محەمەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان، لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ ڕۆژنامە، پێیوایە؛ بەهۆی قەیرانەکەوە قەبارەی بازرگانیی کوردستان لەگەڵ دوبەی کەمدەبێتەوە. وتیشی: «بمانەوێو نەمانەوێ کاریگەریی لەسەر کوردستان دەبێتو جارێکی دیکە حکومەتی هەرێم دەکەوێتە بەردەم ئەو ڕاستییەی دەبێت بەخۆیدا بچێتەوەو سەرمایەی کوردستان لەناوخۆیدا بخاتەگەڕ، نەک لە دەرەوە، پێویستە بەهانای ئەو سەرمایەدارانەوە بچێت کە لەدەرەوەنو باوەڕیان پێبێنێت بێنەوە لە کوردستان کاربکەنو دەبێت کەشی وەبەرهێنان لە کوردستان بگۆڕنو چیتر قۆرغکاریی لە ئابووریو بازاڕی کوردستان نەکرێت».

> **گرێبەستمان لەگەڵ کۆمپانیای داماک مۆرکردبوو بۆ پرۆژەیەک، بەڵام ئەم تەنگژە داراییە بووە هۆکارێک کۆمپانیاکە نەتوانێت وەک پێویست کاربکات**

## ئاشتی هەورامی: ١٠ گرێبەستە نەوتییە نوێیەکەی عێراق نایاساییین

**ئەلەند مەحوی**

**کۆتاییهاتنی تەندەرینی ١٠ گرێبەستی دیکەی نەوتی عێراق نارەزایەتی لایەنە سیاسییەکانی لێدەکەوێتەوەو وەزیری نەوتی عێراق تۆمەتبار دەکرێت بە بەفیڕۆدانی نەوتی عێراقو وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمیش ئەو ١٠ گرێبەستە نوێیەی عێراق بە نایاسایی لەقەڵەم دەدات.**

تەندەرەکان تایبەتبوون بە دەرهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی مەجنونو خۆرئاوای قورنە لە پارێزگای بەسرەو حەلفایە لە میسانو غەراف لە زیقارو کەفلو مەرجان لە ناوچەی فوراتی ناوەڕاست، لەگەڵ ژمارەیەک کێڵگە لە خۆرهەڵاتی بەغداو دیالە بۆ ئەم مەبەستەش (١٢٠) کۆمپانیای گەورەو مامناوەند لە کێبڕکێدابوونو لە (٢٣) وڵاتی جیاوازەوە هاتبوون.

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو ١٠ گرێبەستە نوێیەی وەزارەتی نەوتی عێراق بە نایاسایی دەزانێتو دەڵێت: «ئەگەر وەزارەتی نەوتی عێراق بەپێی یاسای کۆن گرێبەستی کردبێت، دەبێت ئەو گرێبەستانە بچنە پەرلەمانی عێراقو پەرلەمان پەسەندی بکات».

ئاشتی هەورامی وتیشی: «ئەگەر وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ ئەو گرێبەستە نەوتیانە پشت بە مادەی (١١٢)ی دەستوور ببەستێت، ئەوکاتە دەبێت ڕەزامەندیی ئەنجومەنی پارێزگای ئەو ناوچەیە کە نەوتی تیایە وەربگرێت».

بەڵام بە وتەی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم ئەو گرێبەستانەی کە وەزارەتی نەوتی عێراق کردوویەتی پشتی نەبەستووە نە بە پەرلەمانو نە بەئەنجومەنی پارێزگاکان، لەبەرئەوە نایاساییین.

ئەم گرێبەستانەی وەزارەتی نەوتی عێراق بە خولی دووەمی ڕێگەپێدانی دەرهێنانی نەوت ناودەبرێتو ئامانج لێی بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوتە بۆ (١٢) ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، لەکاتێکدا پەرلەمانتارانی عێراقیش (٧٠) ئیمزایان کۆکردووەتەوە بۆ لابردنی حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق.

عەلی بەلو، سەرۆکی لیژنەی نەوتو گاز لە پەرلەمانی عێراق، لەبارەی ئەو گرێبەستانەوە ڕایگەیاند: حسێن شەهرستانی زیانێکی گەورەی لە ئابووریی عێراق داوەو بووەتە هۆی بەفیڕۆدانی داراییەکی زۆری داهاتی وڵات.

عەلی بەلو وتیشی: «ئەو گرێبەستانەی وەزارەتی نەوتی عێراق پێچەوانەی یاسایە، چونکە بەپێی ئەو یاسا عێراقیانەی ئێستا کاری پێدەکرێت، دەبێت بۆ هەر گرێبەستێک یاسایەکی تایبەت لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسەندبکرێت، هەربۆیە هەردوو خاڵی داشکاندنی نرخەکانی وەبەرهێنانی نەوت نایاساییینو حکومەتی عێراقیش بەرپرسیارێتی ئەم کارە لە ئەستۆ دەگرێتو ئەو کۆمپانیایانەش کە گرێبەست دەکەن دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەن کە گۆڕانکاریی لە گرێبەستەکانیاندا بکرێت».

کێشەی دەرهێنانو فرۆشتنی نەوتو گاز یەکێکە لەو کێشە هەڵپەسێردراوانەی تائێستا لەنێوان حکومەتی ناوەندیو بەغدادا بە چارەسەرنەکراویی ماوەتەوە، بەرپرسانی نەوتی هەرێمیش جەخت لە دروستیی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان دەکەنەوە.

سەبارەت بەجیاوازی نێوان گرێبەستە نەوتییەکانی بەغداو هەولێر، د.ئاشتی هەورامی وتی: «لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوتی دەرکردووە، لەبەرئەوە گرێبەستەکانی ئێمە دەگونجێت لەگەڵ یاساو دەستووری عێراقدا، بەپێچەوانەوە لە عێراقدا یاسای نەوت بوونی نییە».

وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان باسی لەوەشکرد، کە ئەگەر ئەو گرێبەستانەی عێراق کێشەی دەستووریو یاساییشیان نەبوایە، لە ڕووی ئابوورییەوە زیان بە عێراق دەگەیەنن، چونکە وەکو گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان هانی وەبەرهێنان نادات.



ئاشتی هەورامی: وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم

# هەناردەكردنی نەوتی هەرێمی كوردستان بە ڕێژەی (١٧٪) كاریگەریی لەسەر زیادبوونی بودجەی عێراق هەیە

ئەلەند مەحوی

**ئەندامێكی لیژنەی نەوتو گازی پەرلەمانی عێراق ئاشكرای دەكات، كە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق لەسەر بنەمای ناردنەدەرەوەی (٢) ملیۆنو (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە دانراوە، لەو بڕەش تەنیا (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە لە هەرێمی كوردستانەوە هەناردەكراوە، بۆیە نەوتی كوردستان كاریگەرییەكی زۆر كەمی هەبووە لەسەر زیادكردنی بودجەی عێراق.**

بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی (٢٠١٠) بە بەراورد بە بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) بە ڕێژەی (٢٠٪) زیادیكردووەو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە (٧٨,٧٣٣) ترلیۆن دینار خەمڵاندوویەتیو پەسەندیكردووەو نرخی یەك بەرمیل نەوتیش بە (٦٢) دۆلارو (٥٠) سەنت مەزەندەكراوە.

بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نەوتو گاز لە پەرلەمانی عێراق، هۆكاری زیادبوونی بودجەی ساڵی (٢٠١٠) دەگەڕێنێتەوە بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی لە عێراقو بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، لەگەڵ گەشەكردنی كەرتەكانی دیكەی وەك كشتوكاڵو ئابوورییو بازرگانیی.

لەبارەی كاریگەریی هەناردەكردنی نەوتی هەرێمی كوردستان لەسەر زیادبوونی بودجەی عێراق، بایەزید حەسەن بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بودجەی ساڵی (٢٠١٠) لەسەر هەناردەكردنی (٢) ملیۆنو (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە دانراوە، لەو بڕەش تەنیا (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوت لە هەرێمەوە هەنارده دەكرێت، ئەمەش كاریگەرییەكی زۆر كەمی لەسەر زیادكردنی بودجە دەبێت، كە كاریگەرییەكە دەكاتە نزیكەی (١٧٪)ی ئەو نەوتەی لە عێراقەوە هەناردەكراوە.

ئەم ڕێژەیەی هەناردەكردنی نەوتی هەرێم كە ڕۆژانە (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوتە، لەكاتێكدایە كە كۆمپانیای گۆڵف كیستۆن بڕی ئەو نەوتەی لە كوردستان هەیە وەك خەون دەیبینێتو بە (١٠ – ١٥) ملیار بەرمیل نەوت مەزەندەی دەكات.

دوای ئەوەی چەند پشكنینێك دەكات لە ناوچەكەدا، كۆمپانیای گۆڵف كیستۆن بۆی دەردەكەوێت كە ژمارەیەكی زۆر لە كێڵگەی نەوتیی لە كوردستاندا هەیەو شیكەرەوانی ئابوورییش ڕایانوایە، كە دۆزینەوەی ئەو كێڵگانە كارناكاتە سەر دۆسیەی پەیوەندییەكانی نێوان هەولێرو بەغدا.

كۆمپانیای گۆڵف كیستۆن، كە تایبەتە بە گەڕانو پشكنینو دۆزینەوەی نەوت ڕایگەیاند: «لە كوردستانی عێراقو لە ئەنجامی دۆزینەوەی ژمارەیەك كێڵگەی نەوت دەركەوتووە، كە (١٠ – ١٥) ملیار بەرمیل نەوت هەیە».

ئەم كۆمپانیایە ماوەیەكی زۆرە كاری دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت لە وڵاتی جەزائیر ئەنجامدەدەن، بەڵام دوای هاتنیان بۆ كوردستان، بۆیان دەركەوتووە كە كارەكانیان لە كوردستان قازانجی زۆر زیاترە بە بەراورد لەگەڵ جەزائیرداو ئەوەی لە كوردستان بینیویانە لە خەونێك دەچێت.

هەمان كۆمپانیا ئاشكرایكردووە، كە پێشبینیی ئەوە دەكرا لە كوردستان ڕێژەی (٢) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن بەرمیل نەوت هەبێت، بەڵام كە لێكۆڵینەوەی زیاتریان كرد، بۆیان دەركەوت كە ئەو ڕێژەیە زۆر زیاترەو بە (١٠– ١٥) ملیار بەرمیل مەزەندە دەكرێت.

لەبارەی گرفتەكانی نێوان حكومەتی هەرێمو بەغدا، كۆمپانیای گۆڵف كیستۆن ڕایگەیاندووە، كە حكومەتی ناوەند پێیوایە، ئەو نەوتەی لە كوردستان دەردەهێنرێت، بەشی ئەویشی تێدایەو حكومەتی عێراق بە سامانی هەموو عێراقییەكانی دادەنێت.

ڕۆژنامەی (نیویۆرك تایمز)ی ئەمریكیش ئاشكرایكردووە، كە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تائێستا زیاتر لە (٢٠٠) كێڵگەی نەوتیی لە وڵاتەكانی وەكو ئوسترالیاو ئێرانو بەرازیلو نەرویجو غاناو ڕوسیاو عێراق دۆزراونەتەوە، زۆربەی ئەو كێڵگانەش لە هەرێمی كوردستاندانو دەكەونە كێڵگەكانی میرانو لەلایەن كۆمپانیای هێریتاج ئۆیل (Heritage Oil) دۆزراونەتەوە.

دۆزینەوەی ئەو كێڵگە نەوتییانەش هاوكاتە لەگەڵ ئەوەی كە تائێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان كێشەی گرێبەستە نەوتییەكانی یەكلایی نەكردووەتەوە لەگەڵ حكومەتی بەغدا.

هەرێمی كوردستان كەوتووەتە سەر هێڵێكی جیۆلۆجیی دەوڵەمەند بە نەوت، لەكاتێكدا كە ئەو هێڵە لە سعودییەوە دەستپێدەكاتو بەرەو هەرێمی كوردستان درێژدەبێتەوەو مەزەندەش دەكرێت نەوتی یەدەگی هەرێمی كوردستان بگاتە (٤٥– ١٠٠) ملیار بەرمیل لە نەوتی خام.

## سەرۆكی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی كوردستان:

# گەندەڵیی چارەنووسی سیاسییو كۆمەڵایەتی هەرێمی خستووەتە مەترسییەوە

سەنگەر جەمال

**د.ڕەفیق سابیر، سەرۆكی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی كوردستان، باس لە زۆریی دۆسیەكانی گەندەڵییو كاری لیژنەكەیانو پێویستی دامەزراندنی دەستەیەكی نەزاهەی سەربەخۆ دەكات، چونكە پێیوایە هیچ شتێك هێندەی گەندەڵیی هەڕەشەی بۆ سەر كوردستان دروستنەكردووە. لە چاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەدا بەپێویستی دەزانێت حكومەتی هەرێمی كوردستان كار بە ڕاپۆرتو دۆسیەكانی دیوانی چاودێریی بكات.**

**ڕۆژنامە: لەم ماوەیەدا سەردانی چەند دەزگایەكتان كردووە، ئایا لە كەیەوە دەستتان بە كاركردن كردووەو هەماهەنگیتان لەگەڵ كێ دەبێت؟**

* لیژنەكەمان چەند هەفتەیەكە دەستی بە كارەكانی كردووە، لە یەكەمین كۆبوونەوەدا بڕیارماندا سەردانی دەزگاو ئەو لایەنانە بكەین كە پەیوەندییان بە كاروباری لیژنەكەمانەوە هەیە، هەفتەی ڕابردوو لە هەولێر سەردانی دەستەی داواكاری مافی گشتییو سەرۆكی لیژنەی شورا لە وەزارەتی دادو دادگای ئیداریمان كرد، هەروەها سەردانی دیوانی چاودێریمان كرد لە سلێمانی، بڕیاریشە هەفتەی داهاتوو سەردانی دیوانی چاودێری دارایی هەولێر بكەین، چونكە دیوانی چاودێری دارایی یەكێكە لەو دەزگا گرنگانەی كە چاودێرییو بەدواداچوون بۆ هەموو كاروباری وەزارەتو دەزگاكانی حكومەتی هەرێم دەكاتو لە ڕووی كارگێڕییو داراییەوە هەر سەرپێچیو لادانێك هەبێت لە ڕاپۆرتەكانیاندا تۆماری دەكەنو دواتر سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتە پەیوەندیدارەكان ئاگاداردەكەنەوە بۆئەوەی بەدواداچوونو لێپێچینەوە لەبارەی ئەو سەرپێچیو لادانانەوە بكەن، ئەم دەزگایانە كەم تا زۆر دەتوانن لەگەڵ ئێمە هاوكاربن.

بە پشتبەستن بە كۆمەڵێك زانیاریی، لەوانە بەشێكی لە ڕاپۆرتەكانی دیوانی چاودێری داراییو ئەوانەی لە كەناڵی جۆراوجۆرەوە دێن، هەوڵدەدەین دوای ئەو سەرپێچیو لادانو گەندەڵییانە بكەوین كە لێرەو لەوێ سەرهەڵدەدەن.

**ڕۆژنامە: دەتوانن سوود لە ڕاپۆرتەكانی چاودێری دارایی ببینن، لەكاتێكدا لە (٤) ساڵی ڕابردووی خولی پێشووی پەرلەماندا هیچ كام لەو ڕاپۆرتانە نەدرانە پەرلەمانتاران؟**

* ڕاستییەكەی دوای دەرچوونی یاسای نوێی دیوانی چاودێری لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٨) دیوانی چاودێری دارایی ڕاپۆرتەكانی خۆی بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان ناردووە، چونكە بەپێی ئەو یاسایەی بڕیاری لەسەر دراوە، دیوانی چاودێرییەكان دەبێت یەكبخرێنەوەو سەرۆكێكی گشتیی دابنرێت بۆ هەموو دیوانی چاودێریی لە هەرێمی كوردستاندا، نەك سلێمانی بەجیاو هەولێرو شوێنەكانی دیكە بە جیا كارەكانی خۆیان بكەن، بەپێی ئەم یاسا نوێیەش دەبێت دیوانی چاودێری دارایی سەر بە پەرلەمانی كوردستان بێت، نەك حكومەتی هەرێمی كوردستان وەك ئێستا، بە كورتی لەو كاتەوە دیوانی چاودێری دارایی ڕاپۆرتەكانی ناردووە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان، بەڵام لەبەر هۆكارێك كە دیارە سەرۆكایەتی پێشووی پەرلەمان دەیزانن، ئەوان ئەو ڕاپۆرتانەیان نەخستووەتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان.

ئێمە پێمانوایە ئەگەر ڕاپۆرتەكانی دیوانی چاودێری دارایی نەشخرێتە بەردەمی هەموو ئەندام پەرلەمانەكان، گرنگە بخرێتە بەردەم لیژنەی نەزاهەو لیژنە پەیوەندیدارەكان (ئەو لیژنەیەی پەیوەندیی بە كاری ئەو وەزارەتەوە هەیە)، هەروەها ئێمەش لە لیژنەی نەزاهە پێویستە ئاگاداری ئەو ڕاپۆرتانە بین.

**ڕۆژنامە: كەواتە گەرەنتی نییە لەم خولەشدا ئەو ڕاپۆرتانە بگاتە دەست ئێوەو كاری لەسەر بكەن بۆ ڕێگرتن لە هەر گەندەڵییەك كە هەبێت؟**

* ئەوەندەی من ئاگاداربمو بەپێی یاسا نوێیەكەی دیوانی چاودێری دارایی، بەندێكی تایبەتی تێدا نییە ڕێگەبدات ئەو ڕاپۆرتانە بڵاوبكرێنەوە یان بەملاولادا ببرێن، ئەوە دەبێت بەشێوەیەكی یاسایی چارەسەربكرێت، ئەوەی گرنگە یاسایەكی تایبەت بە پێكهێنانی دەستەی نەزاهەی گشتیی لە هەرێمی كوردستان دەربچێتو هەربەپێی ئەو یاسایە تەواوی دەسەڵاتەكانی ئەو دەستەیە دیارییبكرێت.

ئێمە لیژنەیەكی یاسایی چاودێرییو سەرپەرشتیكردنینو لیژنەی تەنفیزیی نینو دەبێت دەستەی نەزاهە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئێمەو دەزگاكانی دیكە ئەو كارانە بكەن، ئەم مەسەلەیە پێویستە لە ڕووی یاساییەوە دیارییبكرێت، چونكە ئەو ڕاپۆرتانە پڕن لە نهێنی گرنگ، كە زۆرجار گومان دەخەنە سەر دەستپاكیی كۆمەڵێك بەرپرسو كەسایەتی، كە ڕەنگە ناسراوبنو دواتر دەربكەوێت خەتابارنین، بۆیە پێویستە بەپێی یاسا دیارییبكرێت چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتانە بكرێت، بەڵام ئێمە پێمانوایە لیژنەی نەزاهەو لیژنە پەیوەندیدارەكان لایەنی شیاون كە بتوانن ئەو ڕاپۆرتانە ببیننو بەدوای ئەو گیروگرفتانەدا بچنو چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە.

**ڕۆژنامە: ئەوەی تێبینیتان كردووە دوای بەسەركردنەوەكانتان، گەندەڵیی لە چ ئاستێكدایە، ئایا وەك ئەوەیە كە باسدەكرێت؟**

* ڕاستییەكەی گەندەڵیی لە كوردستان چەند حاڵەتێك نییە كە لەم وەزارەتو ئەو وەزارەت یان ئەم دەزگاو ئەو دەزگادا هەبێت، گەندەڵیی بووەتە دیاردەیەكی بەربڵاو لە كوردستاندا، لەبەرئەوە پێویستی بە خەباتێكی بەرفراوان هەیە بۆئەوەی بەرەنگاریی ئەو دیاردەیە بكرێت، چونكە مەسەلەی گەندەڵیی پەیوەندیی بە ژیانو چارەنووسی هەموومانەوە هەیەو هیچ شتێك هێندەی گەندەڵیی هەڕەشەی بۆسەر كۆمەڵگەی كوردستان دروستنەكردووەو چارەنووسی سیاسییو كۆمەڵایەتی ئێمەی نەخستووەتە مەترسییەوە. ئەركی هەموو لایەنو میدیاكانە كۆدەنگییەكی فراوان لە دژایەتی گەندەڵیی دەستپێبكرێتو هۆشیاریی خەڵك بەرزبكرێتەوە، كە لە هەرشوێنێك ئەو دیاردەیە دەبینن بە بەڵگەوە لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداربكەنەوە.

**ڕۆژنامە: پلانو لێپێچینەوەی ئێوە چۆنە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی؟**

* گرنگترین كار كە بەپێویستی دەزانین ئەو پرۆژەیاسایەیە كە لەلایەن حكومەتەوە ئامادەكراوە، بە زووترین كات بنێردرێت بۆ پەرلەمان بۆئەوەی خوێندنەوەی یەكەمی بۆبكرێتو دواتر بەسەر لیژنەی یاساییو لیژنە پەیوەندیدارەكاندا دابەشبكرێت، بۆئەوەی هەموو لایەك سەرنجو تێبینی خۆیان بۆ دەوڵەمەندكردنی یاساكە دەرببڕنو یاساكە بە زوویی بڕیاری لەسەر بدرێتو دەستەی نەزاهەی گشتیی لە هەرێمی كوردستان كە لەم پرۆژەیاسایەدا كارو ئەركو ئامانجەكانی دیاریكراوە، پێكبهێنرێتو ڕاستەوخۆ بە پەرلەمانی كوردستانەوە ببەسترێتەوە. ئێمە تا ئەوكاتە بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدەین زانیارییو ئاگاداریی زۆرتر لەبارەی گەندەڵیی لە كوردستان كۆبكەینەوە بۆئەوەی لەگەڵ ئەو دەستەیە كە تەنفیزیی دەبێت بەرنامەیەكی فراوان دابنێین كە چۆنو لەكوێوە دەست بە كارەكان بكرێت.

**ڕۆژنامە: وەك سەرەتایەك لە كارەكانتاندا، پێتانوایە لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی كوردستان، هێندەی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق كارابێت؟**

* هیوامان زۆرە لیژنەیەكی جدییو پڕ كاربێتو بتوانێت لە هەر شوێنێكو هەر لایەنو كەسێك كە سەرپێچی یاسا بكاتو یاریی بە سامانی میللەت بكات لێپێچینەوەی لەگەڵ بكات، كار بۆ ئەوە دەكەینو باوەڕناكەم هیچ كام لە ئەندامانی لیژنەكەمان كە (١١) كەسین ڕازی بێت بەوەی لیژنەكەی ئێمە ببێتە لیژنەیەكی كارتۆنیو دیكۆرو بێ ناوەڕۆك، هیواداریین بتوانین وەك لیژنەیەكی پەرلەمانیی ئەو كارانە بكەین كە یاسا بۆی دیاریكردووینو بۆمان دیاریدەكات.

**ڕۆژنامە: جەخت لەسەر پێویستیی دامەزراندنی دەستەی نەزاهە دەكەیتەوە، چەند ساڵێكە قسەو بەڵێن لەسەر دامەزراندنی دەستەیەكی لەوشێوەیە دەكرێت، بەڵام تائێستا نەكراوە، جگە لەوەش هەندێك بەپێویستی دەزانن دەستەكە بێلایەن بێتو دەسەڵاتی خۆی هەبێت، دەنا زیانەكانی زیاتر دەبنو دەبنە پەردەپۆشكردنی گەندەڵییەكان، ڕای ئێوە چییە؟**

* پەرلەمانی پێشوو هەوڵیاندا دەستەیەكی لەوجۆرە دابمەزرێت، بەڵام سەرینەگرت، بە بۆچوونی من ئەمڕۆ هەموو لایەنەكان هەست بە مەترسیی گەورەی گەندەڵیی دەكەن، ئێمە چاومان بڕیوەتە ئەوەی پرۆژەیاساكە دەربچێتو دەستەكە پێكبهێنرێت، كە كەسانێك بەڕێوەی ببەن سەربەخۆو دەستپاكو ناسراو و خاوەن دەسەڵاتو بە ئەزموون بن، دەستەكەش سەر بە پەرلەمان یان سەربەخۆ بێت، بە بۆچوونی من زووە بوترێت ئەو دەستەیە بۆ پەردەپۆشكردنی هەندێك گەندەڵیی بەكاردەهێنرێتو پێویستە دەستەیەكی شكڵیو كارتۆنی نەبێت، چونكە وەك وتم كوردستان ڕووبەڕووی مەترسیی زۆر گەورە بووەتەوە، كە گەندەڵییە، با بە ڕەشبینییەوە سەیری كاری ئەو دەستەیەش نەكەین.



د. ڕەفیق سابیر

# وەزارەتی پەروەردە، دەفتەری تاقیکردنەوەکان چاپ ناکات

**شارا عەبدولڕەحمان**

ئەمساڵیش وەک ساڵی رابردوو، وەزارەتی پەروەردە تێنووسی ئەزمونەکان (دەفتەری تاقیکردنەوە) بۆ قوتابخانەو خوێندنگەکان چاپ ناکاتو بەو هۆیەشەوە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بۆ چاپکردنی ئەو تێنووسانە پەنا دەبەنە بەر کۆکردنەوەی پارە لە خوێندکاران.

بە نووسراوی ژمارە (٢٦١٠٢) کە لە رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٤)دا لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیی ئەزموونەکان لە وەزارەتی پەروەردە (باپیر بەکر باپیر)ەوە دەرکراوە، ئاماژە بەوەکراوە کە لەبەر نەبوونی کات بۆ چاپکردنی تێنووسی ئەزموونەکان، پێویستە بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەکان پەڕاوی پێویست ئامادەبکەن بۆ تاقیکردنەوەکانی وەرزییو خولی یەکەم پۆلە ناکۆتاییەکان، بەوهۆیەشەوە بۆ ئەو مەبەستە لەقوتابخانەکاندا پارە لە قوتابییەکان کۆدەکرێتەوە.

بەڕێوەبەری یەکێک لە قوتابخانەکان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە، کە ساڵی پار لەگەڵ مامۆستاکانی قوتابخانەکەیدا تێنووسی بینراوی ساڵانی رابردووی قوتابییەکانیان گەڕاونو هەرچی پەڕەی نەنووسراو هەبووە لێیانکردووەتەوەو دووبارە تێنووسیان لێدروستکردووە، وتیشی «بەڵام ئەمساڵ ئەوەشمان نەماوە، بۆیە دەبێت پارە لە قوتابییەکانمان کۆبکەینەوە بۆ ئەوەی پرسیارەکانیان بۆ چاپبکەینو قوتابییەکانمان هەر لەسەر پرسیارەکان وەڵامبدەنەوە».

رۆژنامە پەیوەندی کرد بە باپیر بەکر باپیر، بەڕێوەبەری گشتیی ئەزموونەکان لە وەزارەتی پەوەردەی حکومەتی هەرێم، بەڵام ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو تەنیا لە چاپکردنی تێنووسی تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلە کۆتاییەکان بەرپرسە، نەک سەرجەم تاقیکردنەوەکان، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو نووسراوەی سەرەوە، راستەوخۆ لای ئەوەوە دەرچووە.



# پارکەکەی پەرلەمان دەبێتە زبڵدان

**ئارام نەجیم**

ماوەی هەشت مانگە لەلایەن سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستانەوە بەردی بناغەی پارکێک لە هەڵەبجە دانراوەو لەئێستاشدا بووەتە جێگای کۆکردنەوەی زبڵو خاشاکی ئەو ناوچەیەو هاوڵاتییانی گەڕەکی کانیەقوڵکە نیگەرانن لەوەی کە کەمتەرخەمیی لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکەدا هەیە.

هاوڵاتیی مەحمود قادر، دانیشتووی گەڕەکی کانییەقوڵکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، دڵخۆشبووین پارکێکی ئاوا لە گەڕەکەکەماندا دروست دەکرێت، بەڵام نەمانزانی دەبێتە جیگەی زبڵدانو هەشت مانگە کەس نەهاتووە بەلایدا، بۆیە داوا دەکەین، ئەوەی کەمتەرخەمە لە جێبەجێکردنی ئەم پارکەدا سزابدرێتو بەزوترین کاتیش نەجاتمان بدەن لە بۆنو پیسیو قوڕاو و چڵپاوی.

لەبەرامبەردا خدر کەریم، سەرۆکی شارەوانی، هاوڕای هاوڵاتییانی گەڕەکەکە بوو لە بارەی پشتگوێخستنی پارکەکەوەو بە رۆژنامەی راگەیاند «هۆکاری دواکەوتنی ئەو پارکە ئەوەیە کە پەیوەستنامەیەک لەگەڵ کۆمپانیایەکدا کراوە کە هەڵەیەکی ئیدارییەو نەدەبوو بکرایە، چونکە لە سەڵاحیەتی ئێمەدا نییە ئەو پەیوەستنامەیە بکەین، کە ئەوەش هەڵەی ئیدارییەو هیچ مەبەستێکی لەپشتەوە نییە».

خدر کەریم ئاماژەی بەوەشکرد کە هیوادارە لە چەند رۆژی داهاتوودا ئەو هەڵەیەی کە کراوە راستبکرێتەوەو وتی «ئێمە بۆیە ئەو پارکەمان لەوێدا کردەوە کە نەبێتە زبڵدان، ئێمەش وەک شارەوانی گلەییمان هەیەو نابێت ئێمەو هاوڵاتییان باجەکەی بدەین».

# لەماوەی یەک هەفتەدا، لە هەڵەبجە دوو خۆپیشاندان ئەنجامدەدرێت

**رۆژنامە**

زیاتر لە (٩٠) خوێندکاری دەرچووی زانکۆکانی کوردستان، لە ماوەی یەک هەفتەدا دووجار خۆپیشاندان بۆ بەردەم بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەڵەبجە ئەنجامدەدەن بە مەبەستی دامەزراندنیانو هیچ وەڵامێکی ئیجابیش وەرناگرن.

دەوەن محەمەد حەسەن، یەکێک لەو خوێندکارانە بۆ رۆژنامەی ئاشکراکرد «ئەمە دووەمینجارە دێینە بەردەم بەڕێوەبەرێتی پەروەردەو یاداشتێکمان داوەتە بەڕێوەبەری پەروەردەو بەڵێنی پێداین کە بیگەیەنێتە دەست وەزیری پەروەردەو یەکشەممە وەڵامان بدەنەوە، بەڵام ئێستا هاتووینو پێماندەڵێن، بەڕێوەبەری پەروەردە لێرە نییەو پرسەی هەیە، چوین بۆ لای مامۆستا دلێر کە ئێستا بەڕێوەبەری پەروەردەیە بە وەکالەت، لەبەرئەوەی لە کاتی قسەکردنمان لەگەڵیدا، خەباتی خۆی پێدەفرۆشتینەوە هەستاینو ژوورەکەمان بەجێهێشت، ئەگەر وەڵامیشمان نەدەنەوە، بەردەوام دەبین لەسەر مانگرتنو خۆپیشاندان».

لەبەرامبەردا دلێر مەحمود رەزا، بەڕێوەبەری پەروەردە بە وەکالەت بە رۆژنامەی راگەیاند «کێشەی دامەزراندن تەنیا لە هەڵەبجە نییەو سەرجەم ناوچەکانی کوردستان ئەو کێشەیەیان هەیە، ئێمە بۆ هەر وانەیەک میلاکمان بوێت بەرزیدەکەینەوە، بەڵام لەئێستادا میلاکمان تەواوەو تەنیا چەند وانەیەک نەبێت، ئەوانیش نایەن تا دایانمەزرێنین، چونکە لەدەرەوە ئیشیان هەیە، لەئێستادا ئێمە ئەوەمان لەسەرە داواکەیان بەرزبکەینەوەو بەرزمانکردووەتەوەو تەنیا ئەوەمان لە دەسەڵاتدایەو کردوومانە».

# روونکردنەوە

بۆ بەڕێز/ سەرۆکی دادگای ئیستیئنافی سلێمانی
ب/ روونکردنەوە

دوای سڵاو...

بەڕێز لە هەواڵەکانی شەوی (٦ | ٢٠٠٩/١٢/٧)ی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستاندا هەواڵێک بڵاوکرایەوە کە چەند ئەندام پەرلەمانێک وەک لیژنەی یاسایی پەرلەمان سەردانی سەرۆکایەتی بەڕێزتانیان کردووە، لە هەواڵەکەدا هاتبوو (ئەندام پەرلەمانێکی گۆڕان هەرچەندە لەناو دادگادا بوو نەهاتە کۆبوونەوەکەوە) روونیدەکەینەوە:

- شەوی (٤ | ٢٠٠٩/١٢/٥) کاتژمێر (٨,٣٠)ی شەو بەڕێز (عومەر عەبدولڕەحمان- ئەندام پەرلەمان) پەیوەندیی پێوەکردم کە رۆژی یەکشەممە (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (١٠-١٠,١٥) کە رێکەوتبووین لەسەر کاتو شوێنەکەی لە ژووری پارێزەرانەوە دوای هاتنی (گۆران ئازاد- پەندام پەرلەمان) دەچینە لای سەرۆکی دادگا.
- رۆژی یەکشەممە کاتژمێر (١٠,٠٤) لە ژووری پارێزەران بووم، کاک (عومەر عەبدولڕەحمان) دیارنەبوو، لە کاتژمێر (١٠,١٢) دەقیقە زیاتر لە ١٠ جار تەلەفۆنم بۆ (عومەر عەبدولڕەحمان) کردووە بە ژمارە (٠٧٧٠١٥٣٦٩٨٢) بۆ کاک عومەر (٠٧٧٠١٥٣٢١٢٠) هیچ وەڵامێکی نەبوو، تاوەکو کاتژمێر (١٠,٣٦) دەقیقە، تاوەکو پۆلیسێکی دادگا وتی لەسەرەوە لای سەرۆکی دادگایە، دەتوانرێت جەخت لە ئاسیاسێڵ بکرێتەوە، وەڵامی نەبوو، لە کاتژمێر (١٠,٣٦) زانیم کە بە تەنیا چووەتە لای سەرۆکی دادگا، کە ئەمەش کارێکی نەشیاوە.
- بۆ گوێگرتنو بەتەنگەوەهاتنی سلکی دادگا بەڕێزتان شاهیدن کە مانگێک پێش ئێستا من تەرحی ئەو فیکرەیەم کردووە کە سەردانتان بکەینو گوێ لە گیروگرفتەکانتان بگرین، بەڵام ئەوکاتە بەڕێزت وتت (پێمخۆشە فراکسیۆنەکان هەموو بەیەکەوەبێن، نوێنەری هەموو لایەک بن) پێمانخۆشبوو کە فراکسیۆنی یەکێتیش هاتنە لای بەڕێزت (هەمان هەڵوێستت هەبوایە)، تاوەکو نەیکەنە مادەیەکی ئیعلامیی.

لەکۆتاییدا هەڵوێستی پشتگیریی خۆمانتان بۆ دووبارە دەکەینەوەو بە باشمانزانی ئەو راستییە روونبکەینەوە تاوەکو دادگاو جەماوەری پێ چەواشەنەکرێت.

لەگەڵ رێزدا...
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان
لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان
بورهان رەشید گوڵە
ئەندامی لیژنەی یاسا و پ.م/ پەرلەمان
٢٠٠٩/١٢/٧

# حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە شەهیدبوونی بریندارانی هەڵەبجە

**ئارام نەجیم**

ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی شاری هەڵەبجە، ئەوانەی کە ساڵی (١٩٨٨) لە کیمیابارانی ئەوشارەدا بریندارببوون، تا ئێستا بەدەست کاریگەریی ئەو ژەهرەوە دەناڵێنو بەرپرسانی حکومییو حیزبیش بەردەوام بەڵێنی چارەسەری بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی دەدەن، بەبێ ئەوەی بەڵێنەکانیان بۆ جێبەجێبکەن.

تەنیا لەماوەی ئەمساڵدا، بە مەبەستی پشکنینی بریندارانی چەکی کیمیایی، پێنج تیمی پزیشکی سەردانی هەڵەبجەیان کردووە، بەڵام بە وتەی سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی هەڵەبجە، تائێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بریندارێکی نەناردووەتە دەرەوەو لەماوەی شەش ساڵی رابردووشدا (٥٧)هاوڵاتیی ئەو شارە بەهۆی ئەوەی چارەسەری پێویستیان بۆ نەکراوە، شەهیدبوون.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی هەڵەبجە رەخنەی ئەوە لە کابینەی پێنجەمی حکومەت دەگرێت کە نەیتوانیوە چارەسەری بریندارانی ئەو شارە بکات، یاخود بیاننێرێتە دەرەوەی هەریم بۆ چارەسەر، هیواش دەخوازێت کە کابینەی تازە بتوانێت پلانێک بۆ چارەسەرو هاوکاریی بریندارانی کیمیاباران دابرێژێت.

فەلاح قادر، یەکێکە لە بریندارانی چەکی کیمیاییو بەدەست نەخۆشیی سنگەوە دەناڵێنێتو تائێستا هیچ چارەسەرێکی بۆ نەکراوەو بۆ رۆژنامە وتی «چەندینجار داوای وێنەو موعامەلاتیان لێکردووم کە بمنێرنە دەرەوە، بەڵام هەمووی هەڵخەڵتاندن بووە».

فەلاح قادر پێشی وابوو، دەستی حیزبی ناهێڵێت کە ئەوان بنێردرێنە دەرەوەو داواشدەکات کە وەک چۆن هەموو دانیشتووانی ئەو شارە بەبێ جیاوازیی کیمیاییان پیاداکراوە، با ئێستاش جیاوازی لە نێوانیاندا نەکرێت.

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی هەڵەبجە بە رۆژنامەی راگەیاند «پێویستە هەمووکەس ئەو واقیعە بزانیت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی رابردوودا وەک پێویست کاری نەکردووە بۆ چارەسەری برینداران».

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی هەڵەبجە وتیشی «لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا (١٥)بریندار گیانیان لەدەستداوەو لە شەش ساڵی رابردووشدا زیاتر لە (٥٧)بریندار گیانیان لەدەستداوە، بەڵام جێگەی دەستخۆشییە کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی هاوکاری (٦٩)بریندار بکاتو بیاننێرێتە دەرەوە.

# روونکردنەوە

لە هەواڵێکی ژمارە (٥٥٦)ی رۆژنامەکەمانداو لە لاپەڕە (١٩)دا بە هەڵە ناوی بەڕێز (سامان مەحمود) هاتووە بۆ ئەوەی دووجار لەسەر حسابی شارەوانی ئیفاد کراوە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە، کە لەسەر حسابی خۆی ئەو دووجارە سەفەری دەرەوەی وڵاتی کردووە، نەک شارەوانی، بۆیە بەپێویستی دەزانین داوای لێبووردن لە بەڕێز (سامان مەحمود)و خوێنەرانی رۆژنامەکەمان بکەین.

ڕۆژنامە

## هەمووان ستایشیانکرد، بەڵام یەک کەس وتی: با نەڕوات

# پارێزگاری سلێمانی، نهێنیی خانەنشینبوونی ئاشکرادەکات

ڕۆژنامە

**زیاتر لە (٤٢)قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەی سنووری پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەیەکدا ڕووبەڕوو ستایشی هەوڵەکانی پارێزگاری سلێمانییان کرد، بەڵام یەکێک لەوان وتی «ئەگەر ئەم ستایش و هاوکارییانەی ئێوە باسیدەکەن لە دڵەوەیە، با داوای لێبکەین نەڕوات».**

لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لەگەڵ قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەکانی پارێزگای سلێمانیدا کە پێرێ (٢٠٠٩/١٢/١٣) لە بینای ئەنجومەنی پارێزگا بەڕێوەچوو، دانا ئەحمەد مەجید وتی: «بەخۆشحاڵییەوە پێمڕاگیەنراوە کە داوای خانەنشینکردنم لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە قبووڵکراوە، بەڵام تائێستا بە ڕەسمییو بە نووسراو پێم نەگەیشتووەتەوە».

ئەگەرچی کۆبوونەوەکە بۆ ئاگادارکردنەوەی قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەکان ئەنجامدرابوو، بەڵام زیاتر لە کۆبوونەوەیەکی گەردنئازادیی، نوێکردنەوەی ئینتیما، تازەکردنەوەی خۆشەویستی بۆ یەکتر، ستایشی بێئەندازەو هەندێکجاریش گلەیی دەچوو.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا ئامادەیبوون، دانا ئەحمەد مەجید سەبارەت بەو تۆمەتانەی کە پێشتر لەلایەن ڕاگەیاندنەکانی ئەو حیزبەوە کە بەهۆیەوە بووەتە پارێزگار، درابوونە پاڵی وتی: «پێشترو ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە کە چاوەڕێی یاسا دەکەین هەموو شتێک یەکلایی بکاتەوەو دوای خانەنشینکردنیشم، ئامادەم بچمە دادگا بۆئەو مەبەستە».

ئەم لێدوانەی پارێزگار نزیکەی دوو مانگ دوای ئەو لێدوانەی عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەتی پێشووە کە بێتاوانیی پارێزگاری ڕاگەیاند.


دانا ئەحمەد مەجید

پارێزگاری سلێمانی ئەوەی نەشاردەوە کە ئەو تۆمەتانەی درابوونە پاڵی «بەهۆی ململانێی سیاسییەوە بووە»و چاوەڕێی ئەوەشی کردووە کە تۆمەتەکان یەکلاییبنەوەو دوای ئەوەی دەرکەوت کە «هیچی لەسەر نەبووە» بڕیاریداوە خۆی خانەنشین بکات.

چاودێرانی سیاسیش لەو بڕوایەدان کە خۆخانەنشینکردنی پارێزگاری سلێمانی لەبەرامبەر ڕێکەوتنێکدا بێت لەگەڵ یەکێتیداو ئەوان بێدەنگ بن لەو هەڵمەتە ڕاگەیاندنەی کردبوویانە سەریو پارێزگاریش شوێنەکە جێبهێڵێت بۆ ئەوان، بەڵام دانا ئەحمەد ئەوەی ڕەتکردەوەو وتی: «بڕیارەکەم هیچ مساوەمەو فشارێکی سیاسیی تێدا نییەو دەمەوێت خۆم خانەنشین بکەم». وتیشی: دوای ئەوەی بە ڕەسمیی فەرمانی خانەنشینکردنم پێگەیشت، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا هۆکارەکانی ئەو مەسەلەیە بە ڕای گشتیی ڕادەگەیەنم.

دوای بڵاوبوونەوەی خانەنشینکردنی پارێزگاری سلێمانیو بەپێی زانیارییەکان، چەندین کاندید بۆ شوێنەکەی لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە تاووتوێکراونو بەپێی دوایین هەواڵیش چەند کوتلەیەک لەناو ئەو حیزبەدا دەیانەوێت کەسە نزیکەکانی خۆیان بۆ پۆستی پارێزگار دابنێن.

ئەم هەوڵانەی یەکێتی لەکاتێکدان کە بەپێی یاساکانی(ژمارە ٧١ی بریمەر کە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٥دا پێ ئەنجامدرا، یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٨ی پارێزگاکانی عێراقو یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم)، هەر پارێزگارێک لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنو بە دەنگی ئەوان هەڵدەبژێردرێت، ئەگەر نا ئەوا پارێزگارێکی نایاسایی دەبێت.

لەوبارەیەوە پارێزگاری سلێمانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەر پارێزگارێک بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا نەڕوات، «نایاساییە».

دانا ئەحمەد مەجید، ساڵی ١٩٥٦ لەدایکبووەو پێشتر بەرپرسی گشتیی ئاسایشی گشتیی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) بووەو لە ساڵی ٢٠٠٥دا بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسەر لیستی ١٠٩ی یەکێتی بووە بە پارێزگاری سلێمانی.

## وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی: ڕێگە بە دەستێوەردانی حیزبی نادەین

# یەکێتی دەستوەردەداتە کاری تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە

بەرهەم عومەر

**حکومەتی عێراقی لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە بڕێک بودجە لە ڕێگەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە تەرخاندەکات بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان، بەڵام بەپێی وتەی ئەندام پەرلەمانێک، تائێستا ئەو پارەیە بەپێی ئاماری فەرمیی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوەو بەپێشنیازی کۆمیتەو مەڵبەندەکانی یەکێتی، ئەو پارەیە بۆ هەندێک کەس خەرجکراوە**


فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

لیستی گۆڕان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە ڕێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە داوای ڕوونکردنەوەیان لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە بۆ ئەوەی زانیارییان بداتێ لەسەر چۆنێتیی خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیەی لە حکومەتی ناوەندییەوە ساڵانە دەدرێتە هەژارانو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانو چۆن مەڵبەندەکان ناونووسی خەڵک دەکەن بۆ وەرگرتنی ئەو پارەیە.

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیش ئەوە ڕەتدەکەنەوە، کە هیچ دەستێوەردانێک لە کاروباری وەزارەتەکەیاندا کرابێتو ڕایدەگەیەنن: لە هەفتەی ئایندەدا وەزارەتەکەیان وەڵامی پەرلەمانی کوردستان دەداتەوەو زانیاریی زیاتر لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو.

ئاسۆس نەجیب عەبدوڵڵا، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لیژنەیەکی تایبەتمەندی دیاریکردووە بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو یاداشتەی پەرلەمانو بۆ ڕۆژنامە وتی «یەکەم بەرنامەی کاری وەزارەتەکەم کارکردنە لەسەر خستنەگەڕی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ هەژارانو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان».

وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند «زانیاریمان هەیە لەسەر شێوازی دابەشکردنی ئەو بڕە پارەیەی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دەنێردرێت بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، هەروەها لەسەر چۆنێتیی دابەشکردنی، بەڵام تائێستا لیژنەکەی وەزارەت ڕاپۆرتی خۆیان تەواو نەکردووەو نەگەیشتووەتە دەستم، لەم هەفتەیەدا وەڵامی پەرلەمانی کوردستان دەدرێتەوە».

وەزارەتی کاری حکومەتی ناوەندی چەند ڕێنماییەکی دیاریکراوی دەستنیشانکردووە بۆ خەرجکردنو دابەشکردنی ئەو پارەیە، بەپێی چەند خاڵێکی دیاریکراو کە تەنیا بێوەژنی بێمووچەو پیاو و ژنی سەروو تەمەن (٦٥) ساڵو خوێندکاری زانکۆ (خێزاندار).. ئەوانەش بەپێی چەند مەرجێک دەگرێتەوە.

بەڵام بەپێی وتەی کاردۆ محەمەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان: لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەو بڕە پارەیەی لە عێراقدا تەرخانکراوە بۆ (ملیۆنێکو ٢٥٠ هەزار) خەڵکی هەژار، (١٧٪)ی گەیشتووەتە هەرێمی کوردستانو دەبوایە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دابەشی بکردایە بەسەر ئەو هەژارانەدا کە بەپێی ڕێنماییەکان دیاریکراوە، بەڵام تائێستا هیچ کەسێک لەوانەی تۆمارکراون، سوودمەند نەبوون.

لە ساڵی (٢٠٠٥)دا وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی سەرژمێرییەکی ئەنجامدا بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هاوڵاتییانەی ئاستی بژێوییان لاوازە، تەنیا لە شاری هەولێردا نزیکەی (٥٧) هەزار کەس تۆمارکراون، بەڵام لەو کاتەوە کار بە ئەنجامەکانی ئەو سەرژمێرییە نەکراوەو هاوڵاتییانیش تائێستا چاوەڕێی بڕە هاوکارییەکانیانن.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، نزیکەی (١١)هەزار کەس لە هەولێرو (٨)هەزار کەس لە سلێمانیو (٦)هەزار لە شاری دهۆک، وەکو هەژار دەستنیشانکراون، بۆ ئەوەی مووچەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بیانگرێتەوە، مووچەکەش لەنێوان (٣٠-١٠٠) هەزار دیناردایە.

ئەگەرچی لەنێو یاداشتی ئاراستەکراودا باس لەوە کراوە، کە مەڵبەندەکانی یەکێتیی نیشمانیی لیستی ناوی ئەو کەسانەیان ئامادەکردووە کە مووچەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیو مووچەی تایبەت دەیانگرێتەوە، بەڵام وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وتی: «نەخێر، بەهیچ شێوەیەک دەستێوەردانی حیزبی لە چاودێریی خێزاندا نەکراوە، چونکە تایبەتە بەو خێزانانەی کە کەمدەرامەتنو زۆر هەژارن».

وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەڵێنی خۆی دووپاتکردەوە بۆ هەژارانی کوردستان کە لە ئایندەی وەزارەتەکەیدا هیچ ستەمێک بەرامبەر بە مافەکانی هەژاران ناکرێتو مافی دادپەروەرانەی خۆیان وەردەگرن بەبێ جیاوازییو هەوڵدەدەین هەلی کار بۆ سەرجەم هەژاران دەستەبەر بکەین، هەر کەسەو بەپێی ژمارەی خێزانەکەی پارەی پێدەدرێت، لەگەڵ کۆمەڵێک ئاسانکاریی دیکەدا.

ئاسۆس باسی لەوەشکرد، کە بڕی پارەی تۆڕەکە زۆر کەمەو ڕەنگە ئەوەش نەهێنێت دەستێوەردانی تێدا بکرێت، بەوپێیەی زۆرێک لە خێزانەکان (٣٠)هەزاریان دەدرێتێ، لەماوەی دەستبەکاربوونی مندا لە وەزارەتی کاردا هیچ حیزبێک دەستی وەرنەداوەتە کارەکانم، تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیش یاسایەک ڕێکی دەخات کە ڕێگەی بۆ هیچ دەستێوەردانێک نەهێشتووەتەوە.

بەڵام کاردۆ محەمەد وتی: «(١٠)ڕۆژ لەمەوبەر، داوای ڕوونکردنەوەمان لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە، بۆ ئەوەی ڕێنماییەکانی خۆیمان پێبڵێتو بزانین بۆچی حیزب دەستوەردان دەکات لە کاروباری دابەشکردنی ئەو پارەیەدا»، بەڵام وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی تائێستا هیچ وەڵامێکی ئەو داوایەی پەرلەمانی نەداوەتەوە.

# دانیشتووانی دۆڵی ڕۆستێ گوندەکانیان چۆڵدەکەن

**ئەحمەد باڵەکی**

**گوندەکانی ناحیەی سمێلان، کە بە دۆڵی ڕۆسێ ناسراوە بەهۆی کەمبوونەوەی دەرامەت لە لادێکانیان‌و نەبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستی‌و پەروەردەییەکان‌و پشتگوێخستنی کشتوکاڵ لەلایەن حکومەتەوە ناچاربوون ڕۆژ دوای ڕۆژ لادێکانیان چۆڵبکەن‌و بگوازنەوە بۆ شارەکان.**

بە بڕوای گوندنشینەکان لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا حکومەت نەیتوانیوە خزمەتی گوندنشینان بکات‌و ئاوڕێکی جدییان لێبداتەوە، ئەمەش بە دروستنەکردنی خانوو لە گوندەکان‌و هاوکارینەکردنی جوتیاران‌و پەککەوتنی کشتوکاڵ‌و نەبوونی بژێویی ڕۆژانە، جگە لەوەی نەبوونی خوێندنگەو نەخۆشخانە تەنگی پێهەڵچنیون.

گوندی پیرۆمەر یەکێکە لە گوندەکانی ناحیەی سمێلان‌و لەساڵی (١٩٧٨)دا جارێک لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ڕاگوێزراوە بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێکان، بەڵام جارێکی دیکەش لەساڵی (٢٠٠٣)وە نزیکەی (٣٠) ماڵ ئەو گوندەیان چۆڵکردووەو ڕوویان لە ژیانی شارنشینیی کردووە.

عومەر خدر، کە هاوڵاتییەکی خەڵکی گوندی پیرۆمەرە بۆ ڕۆژنامە وتی: «گوندەکەمان ئێستا تەنیا نزیکەی (٢٠) ماڵی تیاداماوە، کە پێشتر نزیکەی (٨٠) ماڵ دەبووین».

ناوبراو هۆکاری ئەم کۆچکردنەی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی خزمەتگوزاریی لە گوندەکەیان‌و وتی: «جگە لە گوندەکەی ئێمە چەندین گوندی دیکەش خەریکە چۆڵ دەبن، وەکو گوندی سریێشمەو چۆمان‌و چۆم باڵوکو چەندین گوندی دیکە».

بەهۆی نەبوونی پلانێکی ستراتیژیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بووژاندنەوەی کشتوکاڵ‌و سامانی ئاژەڵ لە گوندەکان، چیتر هاوڵاتییان ناتوانن لە گوندەکان نیشتەجێبن، هەربۆیە ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕوو لە شارەکان دەکەن، ئەمەش جگە لەوەی لە شارەکان کێشەی نیشتەجێبوون دروستدەکات، گوندنشینەکان داوای دامەزراندنیش دەکەن.

مەغدید عەریف ئەحمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی سمێلان لەبارەی چۆڵبوونی گوندەکانی دۆڵی ڕۆستێوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەبەر خۆشیی شارەکان‌و ناخۆشیی گوندەکان‌و خراپیی ڕێگاوبانی گوندەکان لەچاو شارەکان خەڵک ڕوو لە شارەکان دەکات، بەڵام ئێمە لە بەرنامەماندایە وەکو حکومەت، ڕێگای گوندەکان خۆشبکەین‌و کارەبای نیشتمانیی بۆ گوندەکانی ئەم سنوورە ڕابکێشین».

بۆ پێشخستن‌و بووژاندنەوەی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیەکی پێشکەشکردووەو تیایدا داوا دەکات کە حکومەت لە گونەکاندا بیری ئیرتیوازی بۆ هاوڵاتییان لێبدات‌و خانووی پلاستیکییان بۆ دروست بکات.

هەر لە پرۆژەکەی فراکسیۆنی گۆڕاندا داواکراوە کە حکومەت نیوەی ئەو خزمەتگوزارییانەی بۆ خەڵکی گوندنشینەکانی دەکات لە ئەستۆی خۆی بگرێت‌و نیوەکەی تری بە قەرز لە جوتیارانی وەربگرێتەوە.

کێشەی چۆڵبوونی گوندەکانی ناحیەی سمێلانی سەر بە قەزای چۆمان، کە (٣٢) گوندن تەنیا کێشەی ئەو ناوچەیە نییە، بەڵکو لە هەموو کوردستاندا گوندەکان چۆڵبوون‌و کشتوکاڵ‌و سامانی ئاژەڵ داتەپیوە.

## فراکسیۆنی گۆڕان داوای بەخاوەنکردنی خانووە بێ تاپۆکان دەکات

# لیژنەیەک بۆ چارەسەرکردنی زیادەڕەویی قەزاکان پێکدەهێنرێت

**ستارە عارف**


ماستەرپلان لە قەزاو ناحیەکانی کوردستاندا بوونی نییە

**ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا لیژنەیەک لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی ئەو زیادەڕەوییانە پێکبهێنێت کە لە قەزاو ناحیەکاندا هەیەو بەشێکی زۆر لە قەزاکان تاپۆیان نییە یان بەشێکی کەمی خانوی هاوڵاتییان تاپۆکراون.**

لیژنەکەی ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتووە لە وەزارەتەکانی شارەوانی‌و گەشتوگوزار، ئاوەدانکردنەوەو دادو پیشەسازیی‌و بازرگانی‌و دارایی‌و کشتوکاڵ بۆ ئەوەی لەماوەیەکی کەمدا بەشێوەیەکی مەیدانیی دیراسەی ئەو دیاردەیە بکەن‌و ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل ئامادەبکەن‌و بیخەنە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیار لەسەردانی.

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران هەرێمی کوردستان پێیوایە: دروستبوونی ئەو لیژنەیە بۆ ئەوەیە کە بنەماو ماستەرپلانێک بۆ شارو قەزاو ناحیەکان دابنرێت‌و چارەسەری کێشەی زیادەڕەویی بکرێت، زیادەڕەویش تەنیا خانوو ناگرێتەوە، بەڵکو زۆر لایەنی پەیوەند بە وەزارەتەکانی دیکەشەوە زیادەڕەویی تێدایە.

لە دەرەوەی شارەکانی هەرێمی کوردستان تەنها خانوو کێشەی تاپۆی نییە، بەڵکو زەویە کشتوکاڵیەکانی لادێکانیش بەشێکی زۆریان تاپۆیان نییەو بەناوی میریەوەن، ئەمەش لەکاتی فرۆشتنیاندا کێشە بۆ خاوەنەکانیان دروستدەکات.

ناحیەی چوارقورنە کە سەر بەقەزای ڕانیەیەو لە ساڵی (١٩٦١)ەوە کراوە بەناحیە، تائێستا تەنها بەشێکی گەڕەکە تازەکانی تاپۆکراون‌و ئەوەش نیگەرانیی هاوڵاتییانی شارۆچکەکەی لێکەوتووەتەوە، چونکە بەهۆی نەبوونی تاپۆوە، دانیشتووانی ناحیەکە بێبەشن لە هەموو جۆرەکانی ئیمتیازی خانووبەرە.

حکومەتی هەرێم‌و هەردوو حیزبی باڵادەست لە بۆنەکاندا بەردەوام بەڵێنی تاپۆکردنی موڵک‌و خانووی هاوڵاتییان دەبەخشنەوە، بەبێ ئەوەی لەدواتردا جێبەجێی بکەن.

گەڕەکی ئاوارەکانی زێڕینۆک، کە بەخانووە سەد مەترییەکانیش ناسراوە دەکەوێتە خوارووی خۆرهەڵاتی سلێمانی، لەسەر جادەی شەستیەکەو لەنزیک پردەکەی وڵوبەیە، یەکێکە لەو گەڕەکانەی کە لەساڵی (١٩٩٦) بۆ ئاوارەکانی هەلێرو کەرکوک دروستکراوەو تاپۆی نییە.

دانیشتووانی گەڕەکی زێڕینۆک دەڵێن: کۆنترین گەڕەکی سلێمانییە، کە لەدوای ڕاپەڕینەوە دروستکرابێت، کەچی دوای سیانزە ساڵ لە دروستکردنی، تائێستاش خانووەکانی لەسەر خاوەنەکانیان تاپۆنەکراون»، ئەگەرچی بەر لە هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)و لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا جێگری سەرۆکی حکومەت عیماد ئەحمەد بە ئامادەبوونی زۆربەی بەرپرسانی حکومی‌و حیزبیی شارەکە لە (٥/١٤) لە گۆڕەپانی وەرزشیی چیا لەگەڵ دانیشتووانی گەڕەکەکانی خەبات، وڵوبە، شێخ عەباس‌و زێڕینۆک کۆبووەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا دانیشتووانی گەڕەکی ئاوارەکانی زێڕینۆک داوایانکرد کە خانووەکانیان بۆ تاپۆبکرێت، جێگری سەرۆکی حکومەت لەو کۆبوونەوەیەدا بەڵێنی بە خەڵکەکە دا لە کەمترین ماوەدا خانووەکان لەسەر خاوەنەکانیان تاپۆبکرێت، بەڵام تائێستاو دوای شەش مانگی تەواو هیچ هەنگاوێکی دیارو بەرچاو بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی جێگری سەرۆک حکومەت نەنراوە.

محەمەد قەرەداغی، سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران لە بارەی چارەسەرکردنی زیادەڕەوییەوە لە قەزاو ناحیەکان بۆ ڕۆژنامە وتی «لە زۆر ناحیەو قەزای هەرێمی کوردستاندا هەر تاپۆی تێدا نییە، زۆر ناحیەو گوندو قەزای کوردستان بەپێی سیستمی کۆن دروستکراوەو یاساو تاپۆی تێدانییەو ئەم کێشەیە کۆنە، زۆر کەس لەو شوێنانە سەربەخۆ خانوویەک یان کۆلانێکی دروستکردووە، کە ئێستا کێشەی دروستکردووە».

قەرەداغی تەئکید لەوە دەکاتەوە کە لە ئێستادا هەوڵدەدرێت ماستەرپلان‌و بنەمایەکی یاسایی بۆ ئەو شوێنانە دابنرێت، لەهەمانکاتدا تاپۆ بکرێتەوەو ئەو خانووانەشی کە زیادەڕەویی نین‌و ماستەرپلانی نییە، بۆیان تاپۆ بکرێت‌و ئاسانکارییان بۆ بکرێت بۆئەوەی خەڵکەکە ببنە خاوەنی موڵک‌و عەقاری خۆیان‌و بتوانن عەقاریش وەربگرن‌و سوود لەهەندێک ئیمتیاز وەربگرن، کە ڕاکێشانی ئاوو کارەبایە.

تا ئێستا ئەو لیژنەیەی لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری پێکهێنانی دراوە لەسەر کێشەی زیادەڕەوی کۆنەبووتەوەو دەستی بەکارەکانی نەکردووە، فەرهاد محەمەد بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی شارەوانی لەم بارەیەوە بەرۆژنامەی ڕاگەیاند «هەوڵدەدەن مامەڵەیەکی گونجاو لەو بارەیەوە بدۆزنەوە، مەسەلەی زیادەڕەوییش تەنیا مەسەلەی خانوو نییە، بەڵکو زیادەڕۆیی دیکەش هەیە، لەوانە زیادەڕەویی پەیوەندیی بە وەزارەتەکانی ئاوەدانکردنەوەو شارەوانی‌و بازرگانی‌و پیشەسازی‌و داراییشەوە هەیە.

بەشێکی زۆر لە موڵکەکانی حکومەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا کراون بەناوی یەکێتی‌و پارتی‌و کۆمپانیاکانیانەوە، ئەمەش وایکردووە کە لەو لیژنەیەدا نوێنەری وەزارەتی داراییش هەبێت، تا چارەسەری ئەو موڵکانەی حکومەت بکات کە زیادەڕەوییان کراوەتە سەر.

بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرۆژنامەی ڕاگەیاند «هەر موڵکێکی حکومەت کە زیادەڕەویی کرابێتە سەر ئەو موڵکی وەزارەتی داراییە، هەر موڵکێک لە کوردستان‌و عێراقیشدا کە موڵکی حکومەت بێت لە تاپۆدا بە ناوی وەزارەتی دارایی عێراق‌و کوردستانەوە تۆمارە، هەتا ئەو موڵکانەی کە پەیوەستن بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە لە ڕاستیدا بە ناوی وەزارەتی داراییەوەیە».

کێشەکانی بێ تاپۆیی‌و تەجاوزات لە هەرێمی کوردستان زۆرە، زۆر خانوو هەیە زیادەڕەو نییە، بەڵام بەزیادەڕەویی ژمێردراوە، چونکە تاپۆی نییە، ئەوانە ئەو ئیمتیازانە دەیانگرێتەوەو تاپۆدەکرێن، بەڵام ئەگەر زیادەڕەوییەک کرابێت کە بۆ ماستەر پلان دانراوە، یان لەسەر جادەیەک دروستکرابێت کە بۆ ماستەر پلان یان بۆ قوتابخانەو شتی دیکە دانرابێت، ئەوانە بۆیان تاپۆناکرێت، بەپێی ئەو لیژنەیەش هەموو ئەو موڵکانەی لەگەڵ ماستەرپلانی قەزاو ناحیەو شارەکاندا ناکۆک نەبێت تاپۆو ئیمتیاز دەیانگرێتەوە.

لەلایەکی ترەوە فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە پرۆژە بڕیارێکیاندا داوای بەخاوەنکردنی خاوە بێ تاپۆکان دەکەن‌و داوا دەکەن «مەبەستی خزمەتکردنی زیاتری خەڵکی کوردستان‌و هاوکاری کردنیان لیژنەیەک لە وەزارەتی داد پێکدەهێنرێت کە هەڵدەستێت بە تەملیککردنی خانوە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستاندا».

هەر لەو پرۆژەیەی فراکسیۆنی گۆڕاندا هاتووە «ئەم کارە هەموو ئەو خانووە بێ تۆمارانە دەگرێتەوە کە لە شارو قەزاو ناحیەو گوندەکاندا هەیەو هیچ نرخێکیش لەبەرامبەر ئەم تۆمارکردنەدا وەرناگیرێت».

تەنها مەرج کە لیستی گۆڕان دایناوە بۆ تەملیکنەکردن ئەوەیە کە پێچەوانەی تصمیمی ئەوشارو قەزاو ناحیەو گوندانە بێت، هاوکات داواشدەکات کە لە کاتی پێچەوانە بوونی لەگەڵ دیزایندا پێویستە پارچەیەک زەوی تر بدرێت بە خاوەنەکەی.

# خاوەنکاران داوا لە پەرلەمان دەکەن، هەڵسەنگاندنی پرۆژەکانیان پێبسپێردرێت

رۆژنامە

**یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان لە یاداشتێکدا داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکات کە هەڵسەنگاندنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بسپێردرێت بە یەکێتییەکەیان تا یەکێتیی خاوەنکاران پرۆژەکان قبووڵ نەکات، حکومەت ڕێگە نەدات جێبەجێبکرێت.**

لە کۆبوونەوەیەکی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان/ لقی سلێمانی لەگەڵ ژمارەیەک پەرلەمانتاری نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان، گفتوگۆکرا لەسەر هۆکارەکانی شکستهێنانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و چۆنێتیی بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە.

کۆبوونەوەکە سەرلەبەیانی دوێنێ (٢٠٠٩/١٢/١٤) لە نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، تیایدا شاندی یەکێتیی خاوەنکاران، یاداشتێکیان ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان کردبوو، تیایدا داوایانکردبوو کە پەرلەمانی کوردستان سوود لە ئەزموونی یەکێتییەکەیان وەربگرێت لە بواری ئابووریی و داراییداو لیژنەی ئابووری و دارایی پەرلەمان وەک ڕاوێژکاری خۆیان مامەڵە لەگەڵ یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان بکات.

لەبەرامبەردا پەرلەمانتارانی نووسینگەی سلێمانی تەئکیدیان لە گرنگی کارکردنی هاوبەشی ڕێکخراوەکان لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان کردەوەو داوایان لە شاندی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان کرد، کە پرۆژەی یاسایەک پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکەن و تیایدا داوای ئەوە بکەن کە ئەم ڕێکخراوە ببێتە هەڵسەنگێنەری پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا خاوەنکاران ڕەخنەی ئەوەیان لە پارت و لایەنە سیاسییەکان گرت، کە لەم خولەی پەرلەماندا نوێنەری کەرتی تایبەت کاندید نەکراوەو لە ئێستادا تەنیا چەند بزنسمانێک لە پەرلەماندا بەدیدەکرێن.

# خوێندکارێک: کاتی ئەوە هاتووە، بەشێک لەو بودجەیەی ڕژاوە بەسەر لایەنگرانی حیزبدا، بدرێت بە خوێندکاران

ئەکرەم تۆفیق

**ژمارەیەک لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، داوای زیادکردنی ئەو بڕە پارەیە دەکەن کە مانگانە وەک دەرماڵە وەریدەگرن و پێشیانوایە «ئەو بڕە پارەیەی ئێستایان لەچاو گرانیی نرخی بازاڕدا زۆرکەمەو ئەگەر ئیش نەکەن و پشت بەماڵەوە نەبەستن، ناتوانن لەخوێندن بەردەوام بن».**

خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، مانگانە بە سێ بڕی جیاواز دەرماڵە لە ناوەندەکانی خوێندن وەردەگرن، کە بۆ خوێندکارانی دەرەوەی شار (٦٠)هەزار دینارەو خوێندکارانی ناوەوەی شاریش (٤٠)هەزار دینارو ئەو خوێندکارانەشی هاتوچۆی دەرەوەی شار دەکەن، یان لە بەشی ناوخۆیی نامێننەوە (١٠٠)هەزار دیناریان پێدەدرێت. لەئێستاشدا خوێندکاران داوا لە حکومەت دەکەن، ئەو دەرماڵەیەی کە تایبەتە بە خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان، زیادبکرێت.

عەدنان ئەحمەد، خوێندکاری بەشی کۆمەڵناسیی بۆ ڕۆژنامە وتی «ئەو بڕە پارەیە ناتوانێت پێداویستییە سەرەکییەکانی خوێندکار دەستەبەربکات، بۆیە بە ناچاریی بەشێکی زۆری خوێندکاران پشت بەماڵەوە دەبەستن و بەشەکەی دیکەشیان لەپشووی هاویندا پەنا دەبەنە بەر کارکردن بۆ بەدەستهێنانی بڕە پارەیەک، تا پێداویستییەکانی وەرزێکی خوێندنیانی پێ دابینبکەن».

شیلان و شایی، دوو خوێندکاری قۆناغی دووەمی بەشی مێژوون کە ئاماژە بە گرنگی ئەو دەرماڵەیە دەکەن و پێیانوایە «سوودی گشتیی بۆ خوێندکاران هەیە»، بەڵام لەبەرامبەریشدا دەڵێن: دەرماڵەکە کەمەو دەکرێت حکومەت و وەزارەتی پەیوەندیدار هەوڵبدەن ئەو بڕە پارەیە زیادبکەن، ئەمەش بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و سەرقاڵ نەبوونی خوێندکارە بە کێشە داراییەکانییەوە.

بەشێکی دیکە لە خوێندکاران ئاماژە بەوە دەکەن، پێویستە حکومەت سەیری نرخی بازاڕو دەستکەوتنی پێویستییەکان بکات و لەو ڕووەشەوە چاوێک بە دەرماڵەی خوێندکاراندا بخشێنێتەوەو بزانن «ئەو بڕە پارەیە بەشی چەند ڕۆژی خەرجیی خوێندکار دەکات».

بە بڕوای هاوکار عەبدولستار کە خوێندکاری بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانییە، مانگانە، وەرگرتنی بڕی (٦٠)هەزار یاخود (٤٠)هەزار دینار زۆرکەمە، بەشێوەیەک خوێندکار نازانێت پێویستییە بایەلۆژییەکانی (لە خواردن و خواردنەوە) یان جلوبەرگ و کەلوپەلی خوێندنی پێبکڕێت و وتی «ئەو بڕە پارەیەی وەک دەرماڵە دەدرێت بەخوێندکاران، ئەگەر بەراورد بکرێت لەبەرامبەر گرانیی نرخی شتومەک لەبازاڕدا، هەست بەوەدەکرێت زۆر ناعادیلانەیە کە پێویستدەکات ئەو پارەیە زیادبکرێت و کاتی ئەوە هاتووە، بەشێک لە بودجەی ئەم وڵاتە کە ڕژاوە بەسەر لایەنگرانی حیزب و کاربەدەستە باڵاکانی حکومەتدا، بدرێتە خوێندکاران بۆئەوەی ئەو قۆناغە هەستیارە بە نەبوونییەوە بەڕێ نەکەن».

بەپێی زانیارییەکانی کاروباری خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، ساڵانە لە زانکۆی سلێمانی (٨٠٠-٩٠٠)ملیۆن دینار بۆ پێدانی دەرماڵەی خوێندکاران تەرخاندەکرێت کە بۆ ئەمساڵی خوێندن (١٥)ملیار دینار تایبەت کراوە بۆ خوێندکاران، کە جگە لە پارەی دەرماڵە، (٧٠٠)ملیۆن دیناری دیکە بۆ ئەو کۆمپانیایانەیە کە بەشەناوخۆییەکان پاکدەکەنەوە، هەروەها (٢٠٠)ملیۆن خەرجی کرێی بینایەو لەگەڵ بڕێکی دیکە خەرجی بۆ غاز، نەوت، گازو پێویستییەکانی دیکەی بەشە ناوخۆییەکان.


د.ئاراس فەریق، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «ئەو داوایە مافی ڕەوای خوێندکارانەو دەکرێت ئەو داواکارییە بە یاداشتێک بەرزبکەنەوە بۆکاروباری خوێندکاران، ئێمەش پشتگیرییان دەکەین و دەبینە نوێنەریان لە سەرۆکایەتی زانکۆو وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆئەوەی بەپێی بەرنامە ڕەزامەندیی لەسەر وەربگیرێت و بخرێتە بودجەی (٢٠١٠)وە».

ئەوەشی ڕاگەیاند: «ئەو داواکارییە پێویستە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانیشەوە دیراسە بکرێت، بۆئەوەی ئەگەر حکومەت توانای زیادکردنی ئەو بڕە پارەیەی هەبێت، بڕیاری لەسەر بدرێت».



زانکۆی سلێمانی

# خۆ قاویتیان لە دەم نییە...!!!



نازم سائیغ

وادیارە لە گۆڕەپانی سیاسیی و هەر گۆڕەپانێکی دیکەدا، تۆپهاوێشتنە گۆڕەپانی ترو خۆ ڕزگارکردن لە بەرپرسیارێتی بووەتە شتێکی زۆر ئاسایی، بۆئەوەی دوو چۆلەکە بە بەردێک بکوژێت، یەکەمیان خۆ دوورخستنەوە لە بەرپرسیارێتی و دووەمیان زویرنەکردنی بەرپرسان.

پاش دابەزینی ئاستی قوتابخانە تورکمانییەکان بەهۆی دەستێوەردانی حیزب و حکومەت لە کاروباری قوتابخانە تورکمانییەکان، بە گۆڕینی مامۆستا پسپۆڕەکان لە زمانی تورکی و کەمتەرخەمی لە لەچاپدانی پەرتوکە تورکمانییەکان و تەگەرەخستنە بەر سیستمی هۆیەکانی گواستنەوەی قوتابییانی قوتابخانە تورکمانییەکان و چەسپاندنی سیستمی نەگونجاو بەسەر قوناغەکانی فێرکردن و قەدەغەکردنی وانەی مێژووی تورکمان، لێرەدا قوتابییە تورکمانەکان تەنیا فێری مێژووی کورد دەبن و هیچ شتێک لە مێژووی گەلەکەی خۆیان نازانن و چەندەها هۆی دیکە، وەک لەکاتی خانەنشینکردنی مامۆستا تورکمانەکاندا، دانەمەزراندنی مامۆستای پسپۆڕ لە شوێنەکانیان، ئەمانە هەر هەموویان بوونە هۆی دابەزینی ئاستی قوتابخانە تورکمانییەکان، بەڵام زۆر بەئاسانی لە بابەتێک کە لە ڕۆژنامەی (سەرا)ی بڵاوکراوەتەوە باس لەوە دەکات کە قوتابخانەی سەلجوقی بنەڕەتی تورکمان کە ڕاستەوخۆ لەلایەن مامۆستا ئیحسان دۆغرەمەچییەوە بایەخی پێدەدرێت، زۆر جیاوازە لەگەڵ قوتابخانەکانی دیکەی تورکمان و داوا لە دەوڵەمەندانی تورکمانان دەکات کە هاریکاری ئەم قوتابخانانە بکەن، وا دیارە دابەزینی ئاستی قوتابخانەکانی دیکەی تورکمانانی کردووەتە هۆی نەبوونی دەرامەت، واتە نەبوونی خەرجی، بەڵام ئایا هۆی دابەزینی ئاستی قوتابخانەکانمان کەسایەتییە دەوڵەمەندەکانی تورکمانە؟ ئەی ڕۆلی حکومەت؟ ئایا دەبێت بڵێین، حکومەت هێشتا ساوایە؟ یاخود کەمدەرامەتە؟ دیارە بە هیچ شێوەیەک و چ لە دوورو چ لە نزیک ئاگاداری ئەنجامی ئەزموونەکانی وەزاریی نین کە قوتابخانە تورکمانییەکانمان سەرکەوتنێکی بێپایانیان بەدەستهێناوە، سەرەڕای ئەم هەموو پەڕاوێزخستنەیان.

> **قوتابییە تورکمانەکان تەنها فێری مێژووی کورد دەبن و هیچ شتێک لە مێژووی گەلەکەی خۆیان نازانن**

ئەو ڕاپۆرتەی کە لە ڕۆژنامەی ناوبراودا بڵاوکراوەتەوە، بە هیچ جۆرێک خزمەتی قوتابخانە تورکمانییەکان ناکات، بەڵکو جیاوازی لەنێوانیاندا دروست دەکات، چونکە قوتابخانە تورکمانییەکانمان هەر هەموویان خزمەتی ڕۆڵە تورکمانەکانمان دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستیان، با ئەوەش بڵێین کە زۆر لە کەسایەتییە دەوڵەمەندە تورکمانییەکان ئامادەن کە یارمەتی قوتابخانە تورکمانییەکان بدەن، ئەگەر هۆی دابەزینی ئاستی قوتابخانەکان پارە بێت، بەڵام ئەم کارە ئاوا بە سانایی چارەسەرناکرێت، چونکە چەند هۆیەک لەپاڵ ئەم کارەدا خۆی حەشارداوە، زۆریش لەوە گەورەترە کە ڕابکەیت لە ڕاستی و تاوانەکە بخەیتە سەر ئەستۆی یەکێکی دیکە یاخود خەڵکانێکی دیکە. ئەگەر بە ڕاستی سکسوتاوی قوتابخانەکانمانن، ئەوا دەتوانن لەم بارەیەوە یارمەتی گشت قوتابخانەکان بدەن، بۆچی تەنیا یەک قوتابخانە؟ ئەم پێشنیازانە ئاڕاستەی بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی هەولێر بکەیت و ئەم کەموکووڕییە لای ئەوان باس بکەیت و گفتوگۆی لەسەر بکەن، چونکە تەنیا ئەوان لایەنی پەیوەندیدارن و ڕێگا بە کەس نادەن دەست لە کاروباری قوتابخانەکان وەربدات و لە لایەکی دیکەش ڕۆژنامەی ناوبراو زمانحاڵی کوتلەی هەولێری تورکمانییەو هەر خۆشیان سەرۆکی کوتلەی تورکمانن لە پەرلەمان، بۆ ئەم مەسەلەیە لە پەرلەمان باس ناکەن، خۆ قاویتیان لە دەم نییە.

# ئۆپۆزسیۆن یان دەسەڵات؟!



عەبدوڵڵای مەلا نوری*

**ئۆپۆزسیۆن مۆدێلێکی نوێی داهێنا کە خۆی لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی فراکسیۆنەکان بە جەماوەرو داودەزگاکانی حکومەت وکۆمەڵی مەدەنییەوە دەبینێتەوە**

ئەگەر لە رابردوودا زۆرترین نووسین و قسەو باس لە بارەی کەموکورتییەکانی دەسەڵاتەوەکرابێت،ئەوالەدوای هەڵبژاردنی ٧/٢٥ و سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنەوە ئەم هاوکێشەیە گۆڕا، بە مانایەکی دی، ئەکتەری دی هاتە سەر شانۆی سیاسیی کوردستان و دەبێت چاوەڕێ بێت رەخنە ئاڕاستەی نمایشیان بکرێت، چونکە ئەگەر لە رابردوودا یەکێتی و پارتی چاوپۆشییان کردبێت لە ئاست کەموکورتیی یەکتر، ئەوا ئێستا ئۆپۆزسیۆن بە ژمارەیەکی باشەوە لە پەرلەمان ئامادەیی هەیەو هیچ بیانویەک بە دەستەوە نییە بۆئەوەی قورسایی خۆی وەگەڕ نەخات، لەم سۆنگەیەوە جێی خۆیەتی لە گۆشە نیگای جیاوازەوە ئەدای دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە پرۆسەی سیاسیدا بە بەردەوامی و شانبەشانی یەکتر بخرێنە ژێر پرسیارو رەخنەوە کە لێرەدا بەشێک لە کاری ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان و لایەنی کابینەی نوێ دەخەمەڕوو..

راهاتنی پەرلەمان لە رابردوودا لەسەر بێڕێزیکردن بە موهیمەو پرەنسیپی کاری خۆی، ئەگەرچی بەشی زۆری لە ئەستۆی یەکێتی و پارتییە، بەڵام بەشێکی تری دەرئەنجامی بێدەنگیی قوڵی خودی پەرلەمانە کە بۆ شەرعیەتدان بە رێکەوتن و پەیوەندییە نارۆشنەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە، تەواوی دەزگای یاسادانان و هەیبەت و پەیرەوی کاری پڕ بە باڵای ئارەزووو بەرژەوەندیی حیزبەکانی دەسەڵات دووریێنراوە. لێرەوە رەخنە لە چۆنێتی پێکهێنانی کابینەی شەشەم، نمونەی هەوڵی ئۆپۆزسیۆنە بۆئەوەی رێکاری ئسوڵی و نەریت و سیستمی وڵاتانی دیموکراسی و پێشکەوتوو بکرێنە بناغەو دەسپێکی بەرپرسیارێتیی حکومەت لە بەرامبەر پەرلەمان و سڕینەوەی ئاساری ئەو یاساو عورفانەی کە ئەنجامی سیستمی پەنجا بە پەنجان.ئەمە سەرەتای پرۆسەکەیە بۆ ئەوەی پێگەی یاسایی بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەزگایەو چیتر سڵ نەکات لە مومارەسەی دەسەڵاتەکانی و ئیرادەی ئەندامانی بەبێ جیاوازی بیروڕا بە شێوەیەک پتەو بکات کە خۆیان پێ کەمتر نەبێت لە ئەندامانی حیزب و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و چیتر شەرمن و گوێڕایەڵی حیزب نەبن لە ئاست بەرژەوەندیی گشتیدا.

لەلایەکی ترەوە سەرەڕای ئەوەی کە دوو حیزبی دەسەڵات بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ڕۆڵیان بینیوە لە یاسا شکێنیدا، هاوکات رێگرییان کردووە لەوەی یاساگەلێک لە پەرلەمان دەرچێت کە لە پێگەی چەکداریی و داراییان کەمکاتەوە، بۆیە لە هەستکردن بە مەترسیی نەبوونی ئەم یاسایانە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیری وڵات لە لایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، ژمارەیەک پرۆژەی یاسایی گرنگ براونەتە پەرلەمان، لەوانە یاسای قەدەغەکردنی رێکخستنی حیزبی لەناو هێزە چەکدارکان و یاسای بودجەی لایەنی سیاسی و چەند یاسای تری گرنگو پێویست لە بواری خزمەتگوزاریی گشتی و ژیانی مەدەنیدا، بێگومان ئەم یاسایانە پەسەندبکرێن و بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە بنیاتنانی حکومەتی دامەزراوەیی و سەروەریی یاساو پەرەدان بە کلتووری دیموکراسی.

هاوکات ئۆپۆزسیۆن مۆدێلێکی نوێی داهێنا کە خۆی لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی فراکسیۆنەکان بە جەماوەرو داودەزگاکانی حکومەت و کۆمەڵی مەدەنییەوە دەبینێتەوە، هەنوکە دەسەڵات هەمان رێچکەی گرتوە وەک عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆک وەزیرانی پێشوو دەڵێت «بوونی ئۆپۆزسیۆن وا دەکات کاری باش بکەین». ئەمە دانپیانانێکی رەوایە، چونکە لە رابردوودا بە هۆی نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی کاراوە دەسەڵات گوێی نەداوەتە ناڕەزایی خەڵک، بە دیوێکی تردا ئەوەی حکومەت ئەنجامی دەدات لە چونە ناو جەماوەرو بەڵێن و پرۆژەی خزمەتگوزاریی و باشکردنی ژیانی هاوڵاتیان، لە ئەنجامی گوشارەکانی ئۆپۆزسیۆنن کە جێی دڵخۆشیە. هەروەها لە گیانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی لە پرسە نەتەوەییەکاندا، ئۆپۆزسیۆن هەڵوێستی مەنتیقی نواند لەسەر کێشەی کەرکوک و یاسای هەڵبژاردنی گشتیی عێراق، ئەم هەڵوێستانە سەرەتایەکن بۆئەوەی چیتر دەستەیەکی دیاریکراو بە ویستی خۆیان و لە پشتی پەردەوە بڕیار لە چارەنووسی کوردستانییان نەدەن، ئەمە جگە لەوەی کە ئۆپۆزسیۆن بۆ دنیای دەرەوەی سەلماند کە تەنها دوو حیزب نوێنەرایەتی خەڵک ناکەن، بەڵکو لایەنی دیکە هەن کە خاوەن بۆچوون و روئیای تایبەتن لە سەر شێوازی حکومڕانی.

ئەو گۆڕانەی بە لە دایکبوونی ئۆپۆزسیۆن هاتووەتە دی، لە سیستمی سیاسیدا سەرەتایەکی باشە بە ئاڕاستەی گۆڕانێکی فراوانتر لە چوراچێوەیەکی عەقڵانیدا، بۆ ئەمە زەمینەسازی دەسەڵات پێویستەو بگرە بەرپرسیاریشە، بەو پێیەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سیستمی دیموکراسیدانوێنەرایەتی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی دەوڵەت دەکات، لێپرسراوی یەکەمیشە لە گەیاندنی زۆرترین و باشترین خزمەتگوزاری بە هاوڵاتییان و داڕشتن و جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژیی ئابووری و بەڕێوەبردن و پەیوەندی و پاراستنی ئاسایشی وڵات..تاد. ئۆپۆزسیۆن بە رەگەزی بنەڕەتی ئەو جۆرە سیستمانە دانراوە، بۆیە زۆرجار لایەنی دەسەڵات بۆ هەر پرۆژەو پلانێک پەنا دەباتە بەر سەرنج و پێشنیازەکانی، بەڵام ئەزمونی کوردی پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێت. حیزب لە کوردستان لە زۆربەی کایەکاندا ئامادەگی هەیە، هیچ دەزگایەک نەبووە لێپرسینەوە لەو بارەیەوە بکات، لە دۆخێکی وادا، پێویستە ئۆپۆزسیون گوشاری زیاتر بۆ گۆڕینی ئەم کلتورە بکات و کابینەی نوێ ناچار بکات پاڵی لێ نەداتەوەو کۆپی ئەوانی پێشووتر نەبێت و خاڵە لاوازەکان بۆ رای گشتی بخاتەڕوو کە لێرەدا دیارترینیان وەبیردەهێنینەوە...

یەکەم: بەردەوامی رێکەوتنی ستراتیژیی یەکێتی و پارتی سەرچاوەی زۆرینەی ئەو تەگەرانەیە کە هەڕەشە لە چالاکی کابینەکەی دکتۆر بەرهەم دەکەن، بەو پێیەی ئەم کابینەیە لە هەناوی ئەو رێکەوتنەوە هاتووەتە دەرێ، بۆیە راگرتنی هاوسەنگی و ئیدارەدانی ئەم دۆخە کە دەشێت بە (دووئیدارەیی شاراوە) ناوزەد بکرێت، ئاستی بەدواچوون و لێپرسینەوە لە ناوخۆی کابینەکە لاواز دەکات و بەرپرسیاری یەکەم لە کەموکورتییەکان قوتار دەبن. دواتر راسپاردنی ئازاد بەرواری، جێگر لە لایەن پەرلەمانەوە شانبەشانی سەرۆکی حکومەت، لە رەقیبێک دەچێت کە چاودێریی سەرۆک بکات نەک هیچی تر، بە مانایەکی دی درێژەدانە بە دۆخی کابینەی پێنجەم کە نێچرڤان، سەرۆکی حکومەتی هەولێرو عیماد ئەحمەد هی سلێمانی بوو، ئەمە لە زاری نێچیرڤانەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتڕاستکرایەوە، بۆیە ئەگەرچی لە رووی یاساییەوە دەبێت جێگر بە پلەبەندی لە لایەن سەرۆکەوە تەخویل بکرێت کارەکانی ئەنجام بدات، بەڵام گەرەنتی نییە دەسەڵاتی یاسایی و سنوری ئیداری سەرۆک بەرتەسک نەکرابێتەوە بۆ جێگرەکەی.

دووەم: دابەشکردنی وەزارەتەکانی ناوخۆو پێشمەرگەو نەوت و دارایی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا، ئەو باوەڕە پەتوتر دەکات کە هێشتا پارەو هێزی چەکدار سەرچاوەی سەرەکی ناکۆکی نێوان ئەم دوو حیزبەن، لە لایەکی ترەوە دانانەوەی وەزیرەکانی پێشوو کە تیایدایە لە رابردوودا سەرکەوتوو نەبووە لە راپەڕاندنی کاری وەزارەتەکەیدا، ئەو گومانە بەهێز دەکات کە تەنها ئەم بەڕێزانە دەزانن چۆن بەندەکانی مامەڵەی نێوان ئەم دوو حیزبە جێبەجێبکەن کە دەکرا چۆن کەسانێکی پسپۆڕ تەکلیفکراون بۆ ئەوەی وەزارەتی خەدەمییان پێبدرێت دەبوا ئەو وەزارەتانە بە دەسپێشخەری دوو حیزبەکە بسپێردرایەن بە کەسانی پسپۆڕو رابردووپاکو سەربەخۆو ئاسانکاری بۆ بکرایە کە بە زووترین کات و لە چوارچێوەی یاسادا وەزارەتەکانیان بنیاد بنێنەوە، کەچی ئەمە نەکراو هەستدەکرێت یەکێتی و پارتی بە بیانوی جیاواز جدیی نین لە یەکگرتنەوەی فیعلی ئەم وەزارەتانەدا.

سێیەم: سەرقاڵکردن و بە فیڕۆدانی بەشێک لە وزەو دارایی حکومەت و جەنجاڵکردنی پلان و بەرنامەی کاری بە هۆی ئەو بەڵێنە زۆرو بێسەروبەرانەی کە بەرپرسانی حیزب لەپێناو بەرژەوەندیی حیزب و لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە خەڵکی دەدەن بە مەبەستی کڕینی دەنگ، یان وەک ئیمتیاز دەیبەخشنە لایەنگرانی خۆیان، کە هەموو ئەمانە بە زیانی زۆرینەی زۆری هاوڵاتییان دەشکێتەوەو تەنها توێژێکی دیاریکراو لێی سودمەند دەبێت، دواجار ئەم کارانە دەچنە خانەی تاوانی بەکارهێنانی موڵک وماڵی گشتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەت.

چوارەم: لایەنێکی تری خاڵی لاوازیی کە لە ناوەڕۆکی بەرنامەی کاری کابینەکەدا خۆی دەبینێتەوە، بەو پێیەی لەم بەرنامەیەدا سەرەڕای ئەوەی پلانی حوکمەت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئاشکرا دەکرێت، هاوکات ئەم بەرنامەیە سەرچاوەی هەڵسەنگاندنی ئەدای کابینەکەیە لە مەودای دوورو نزیکدا. بێگومان لەم بابەتەدا ناکرێت تیشک بخرێتە سەر هەموو لایەنەکانی بەرنامەی کابینەی شەشەم و ئەوەی دەکرێت لێرەدا قسەی لە بارەوە بکەین ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی لە ناوەڕۆکی بەرنامەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە کابینەی نوێ شوێنپێی کابینەی پێش خۆی دەگرێتە بەر، بۆ نمونە لە بواری سیاسەتی نەوتدا هاتووە «سیاسەتی کابینەی پێنجەم لە بورای سەرچاوەسروشتییەکاندا سیاسەتێکی ژیرانە بووە بۆ هەموو خەڵکی عێراق.....لە کابینەی شەشەمدا بەردەوام دەبین لەسەر هەمان سیاسەت وەک دەسکەوتێکی ستراتیژیی...»، ئەم پیاهەڵدان و بە گرنگ زانینەی سیاسەتی نەوت لە کابینەی پێنجەمدالە کاتێکدایە کە تائێستا جگە لە چەند کەسێک کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن هیچ لایەنێکی تر بە پەرلەمانیشەوە ئاگایان لە وردەکاریی ئیش و کارەکانی وەزارتی نەوت نییە، ئەوەشی هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە پیادەکردنی ئەم سیاسەتە لە رابردودا نە لە رووی ئابووریی و نە لە رووی سیاسییەوە سودێکی هەستپێکراوی بە هەرێمی کوردستان نەگەیاندووەو لە لایەکی ترەوە چەند بابەتی هەستیار لە بەرنامەی کاری کابینەی شەشەم ئاماژەیان پێ نەدراوەو گومان دەکرێت بە مەبەست پشتگوێخرابن، هاوکات دژیەکی لە نێوان برگەکانی خودی بەرنامەکەدا دەبینرێت، بۆیە ئەگەر بە وردی سەرنجی بەرنامەی کاری کابینەی شەشەم بدەین، هەست ناکرێت ئەم کابینەیە خاوەن بەرنامەی کاری تایبەتی خۆیەتی، هێندە لەوە دەچێت دەستبەکاربوونی بۆ ئەوە بێت پرۆژە تەواو نەکراوەکانی کابینەی پێش خۆی تەواو بکات.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، سەرچاوەی سەرەکی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشەن لە سەر کابینەی شەشەم، راستەوخۆ بریتین لە دەستتێوەردانی حیزب لە کاروبارەکانی، لێرەدا بۆ ئەوەی کابینەکەی بەرهەم ساڵح بتوانێت وێنەیەکی جیاواز پیشانی رای گشتی بدات، دەبێت ئەم خاڵانە پشتگوێ نەخرێن..

یەکەم: یەکێتی و پارتی بگەنە ئەو باوەڕەی کە هەر دەستێوەردانێکی ئەوان لە کاروبارەکانی کابینەی نوێدا یەکسانە بە شکستی کابینەکە، لێرەوە ئەرکی ئەم دوو حیزبە ئەوەیە کە زەمینەسازی بکەن بۆ بنیاتنانی حکومەتێکی دامەزراوەیی یەکگرتوو کە بەرنامەو پلانی کاری هەڵقوڵاوی پێویستییەکانی ژیانی خەڵک بێت، نەک ئەوەی کە چی لە بەرژەوەندیی حیزبەکانی خۆیانە، ئەمەش بەوە دێتەدی کە هەریەک لە حیزب و حکومەت کاری دەستوری خۆیان بکەن.

دووەم: بۆ سەرخستنی کابینەکەی، پێویستە سەرۆکی حکومەت هەنگاوی بوێرانە بنێت، لە پێش هەموو شت ئەرکی سەرۆکە، دیوارێکی پتەو لە نێوان پۆستە حیزبی و حکومییەکەی دروست بکات و بڕیاری ئەوەی دابێت نەکەوێتە ژێر گوشارو ململانێی حیزبەوەو دەبێت ئەوە بزانێت کە هەر هەنگاوێک بە پێچەوانەی ئەمەوە بە زیانی کابینەکە دەشکێتەوەو بەرەو فەشەلی دەبات.

سێیەم: لەپێناو دابەشکردنی بەرپرسیارێتی و کەمکردنەوەی رۆتینی ئیداری، پێویستە دەسەڵاتی تەواو بدرێتە وەزیرەکان و بۆ ئاستی خوارتر شۆڕبکرێتەوەو لە لایەکی ترەوە هاوئاهەنگی و پەیوەندییەکی بەردەوام و تەندروست لە نێوان ئەو وەزارەتانەدا هەبێت کە پرۆژەی هاوبەشیان هەیە، بە مانایەکی دی پێویستە پلانی کاری حکومەت بە شێوەیەک بێت کە سستی کاری وەزارەتێک یەکسان نەکرێت بە سستی تەواوی حکومەتەکە، ئەمەش بەوە دێتە دی کە هەر وەزیرێک سەرپشک بکرێت لە راپەڕاندنی کاری وەزارەتەکەی بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی راستەوخۆی بکەوێتە ئەستۆ لەکاتی بوونی هەر کەموکورتییەکدا، هەروەک دەسکەوتەکانیشی ستایش بکرێت.

چوارەم: واڵاکردنی دەرگای دامودەزگاکانی حکومەت بە رووی پەرلەمان و فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن و لیژنە جیاوازەکانی و دیوانی چاودێریی و دەزگاکانی راگەیاندن و هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کە دەیانەوێت زانیارییان هەبێت لەسەر کارو پرۆژەکانی حکومەت، بێگومان ئەم هەنگاوە سەرەڕای ئەوەی یارمەتیدەر دەبێت لە نەهێشتنی کەمتەرخەمی و کاری نایاسایی، هەروەها وا دەکات بەشێکی گەورەی گومان و بەرپرسیارێتی لەسەر حکومەت نەمێنێت.

لە کۆتاییدا ئەوەی کە پێویستە بوترێت، چەندە دەسەڵات بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی داوە، هێندەش ئۆپۆزسیۆن بەرپرسیارە لە چاودێریکردن و بەدواچوونی کارەکانی کابینەی شەشەم، لەم بوارەدا ئەگەر بۆ دەسەڵات شاردنەوەی کەموکورتییەکان بەشێک بێت لە تاکتیکی کارکردن، ئەوا بۆ ئۆپۆزسیۆن خستنەڕووی کەموکورتییەکانی حکومەت ستراتیژەو راستگۆیی و چالاکی ئۆپۆزسیۆن پیشاندەدات لە بەرامبەر جەماوەردا، هەروەها هەرگیز ناکرێت چۆنێتیی و ئاستی پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، لە سەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی خەڵک تەواو بین.

*** ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

# گۆڕان ئۆپۆزسیۆنە، چ لە ناو پەرلەمانو، چ بۆ حکومەتیش

حسەین عوسمان نێرگسەجاڕی

لە رۆژنامەی رۆژنامەداو لە ٢٠٠٩/١١/٩، فراکسیۆنی گۆڕان راگەیاندنێکی بڵاوکردەوە لەبارەی سستیی کارەکانی و رێکخستنی لیژنە هەمیشەییەکانی نێو پەرلەمان کە وا بڕیاربوو سەرۆکی لیژنەی نەزاهە بدرێت بە فراکسیۆنی گۆڕان، بەڵام سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەو بڕیارە پەشیمانی خۆی راگەیاند، لەو راگەیاندنەی گۆڕاندا باسی ئەرکەکانی پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆن کراوە، من ئەو راگەیاندنەم زۆر لاپەسەندە بێجگە لەو برگەیەی کە دەڵێت: «ئێمە وەک فراکسیۆنی گۆڕان تەنها لە مامەڵەماندا لەگەڵ حکومەتدا خۆمان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانین، دەنا لەناو پەرلەماندا لەگەڵ هەموو فراکسیۆنەکانی تردا بەبێ جیاوازی خۆمان بە خاوەن ماڵ دەزانین...». خەڵکی کوردستان لەپاش هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئومێدێکی زۆریان پەیداکرد کە لەمەودوا ئۆپۆزسیۆنێکی کارا دەچێتە پەرلەمان، یاسای پێشکەوتوو پێشنیازدەکات و رۆڵێکی زۆر باشی دەبێت بۆ چالاککردنی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ئا لێرەدا من دەپرسم: هەندێک لە فراکسیۆنەکان ئەگەر یەکیانگرت و ریزیانگرت و پێشنیازی چەند یاسایەکی خراپیانکرد، ئایا لیستی گۆڕان بێهەڵوێست دەبێت، چونکە ئەرکی ئەو لەگەڵ حکومەتدایە؟ کاتێک ئەم بۆچوونە راستە کە فراکسیۆنی گۆڕان حکومەتی سێبەر دروستبکات، لەم کاتەیشدا گۆڕان دەبێت هەر ئۆپۆزسیۆن بێت.

ئا لێرەدا، وەبیر خوێنەرانی دەهێنمەوە کە وڵاتانی دیموکراتی وەک فلەتەرێک و ترسێک لەو ریزگرتن و خۆفەرزکردنەی زۆرینە: ئەنجومەنی پیرانیان دامەزراندووە، ئەمەیش دەزگایەکی گرنگەو پشتیوانی سیستمی دیموکراتییە.

دەستوورەکەی خۆیشمان لە (یەک مادە!)دا دەڵێت: «ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان-عێراق دادەمەزرێنرێت و ئەرک و فەرمانەکان و دەسەڵات و پێکهاتەکانی بە یاسایەک رێکدەخرێن»، بەڵام باسی چۆنێتیی ئەم ئەنجومەنەی نەکردووە، هیوادارم مەبەست لەو ئەنجومەنە بنیاتنانی ئەنجومەنی پیران بێت و یاسایەکی باشی بۆ دابنرێت، بە هەردوو ئەنجومەنەکەش، کوردستان بکەن بە مەشخەڵانی ئازادی و دیموکراتی. سەرۆکایەتیی پەرلەمان نەدەبوو لە وەرگرتنی سەرۆکایەتیی لیژنەی نەزاهە بە گۆڕان پەشیمانبێتەوە، چونکە: «شیاونییە فراکسیۆنێک لە یەککاتدا خۆی حکومەت پێکبهێنێت و هەر خۆیشی سەرۆکایەتیی لیژنەی نەزاهەبکات، واتە لەیەککاتدا چاودێریکەرو چاودێریکراویش بێت».

پێش ئەم هەنگاوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، سەرۆکایەتیی هەرێمیش هەنگاوێکی لەم جۆرەی نا وەک پێدانی پۆستی (داواکاری گشتی) بە وەزیری داد، ئەم پۆستە ئەرکێکی ئیداریی و راییکردنی ئیشوکار نییە، بەڵکو ئەرکێکی یەکجار گرنگو هەستیارەو پەیوەندە بە هەموو کارەکانی وەزارەتەکان و بگرە گشت تاکەکانی کۆمەڵگاوە. بەداخەوە یاساناسانی کوردستان، پێبزانم نەهاتنە دەنگو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەم هەنگاوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی زۆر بەرز نرخاند! منیش بە گۆڕان دەڵێم (مەحوی)ش فەرموویە:

بێستونی عەشقی شیرینێک ئەوا هاتۆتە پێش

گەر لە حەقی بێمو نەیەم هەر کۆششی فەرهادێ دەکەم




# پشتگیریی ئەمریکا پەیوەستی جێگیرییە

سەرۆک باراک ئۆباما لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/١٠)و لە بەردەم لیژنەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیدا وتی: ئەرکی ئەمریکا لە عێراقدا کۆتاییدێت‌و ئیدارەکەی تەرکیز دەخاتە سەر ئەفغانستان.

ئەو وتی: «من فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی نەتەوەیەکم لە ئامێزی دوو جەنگدا، یەکێک لەو دوو شەڕە بەرەو کۆتایی دەچێت، بەڵام ئەویدیکە ئەمریکا بە ئەنجام نەگەیشتووە، ئەوەیان کە لەلایەن چل‌و سێ وڵاتی دیکەوە پەیوەندیمان پێوەکراوە، بۆ ئەوەی خۆمان‌و نەتەوەکانی دیکە لە هێرشی دیکە بپارێزین». ئیدارەی ئۆباما دەیەوێت هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتووی عێراق لەکاتی خۆیدا بکرێت، بۆ ئەوەی ڕێگەی ئۆباما بۆ کشانەوەیەکی هێمنانەتر لە کۆتایی (٢٠١١)دا، خۆشبکرێت.

لە (١٢/٦)دا، پەرلەمانی عێراق یاسای هەڵبژاردنەکانی پەسەند کرد، بۆ ئەوەی ڕێگە خۆشبکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە ئازاری (٢٠١٠)دا.

دوای ڤیتۆی هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار، یاساکە هەموارکرا، ڤێرژنە تازەکە کورسی کوردەکانی لە بەغدا کەمکردووەتەوە، بۆ تەئکید کردنەوە لەسەر ڕەزامەندیی کوردەکان لەسەر ڤێرژنە نوێیەکە، سەرۆک ئۆباما ڕاستەوخۆ دەستی خستە ناو کێشەکەو گەیشت بە مامەڵەیەک لەگەڵ سەرۆک بارزانی بۆ پەسەندکردنی ڤێرژنە نوێیەکە، لە بەرامبەر پەیمانی بە پشتگیریکردنی چەند داوایەکی کورد، لەنێویاندا ئیلتیزام بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستووری عێراقی، مادەی (١٤٠)ی دەستوورو ئەنجامدانی ڕاپرسییەک لە (٢٠١٠)دا.

ڕۆژێک پاش دەرکردنی یاساکەو وەکو بەشێکیش لە مامەڵەکە، کۆشکی سپی لێدوانێکی بڵاوکردەوە، دەڵێت: کە ویلایەتەیەکگرتووەکان پاڵپشتی دەستووری عێراق دەکات، لەبەرئەوەی «دەستوور، بە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە، بەشدارییانکردووە لە جێگیرکردنی عێراقدا. ئەمریکا پشتگیریی بەهێزی خۆی بۆ خەڵکی عێراق‌و حکومەتە هەڵبژێردراوەکەی دەکات، ڕێز لە دەستووری عێراقیش دەگرێت بە مادەی (١٤٠)، کە تایبەتە بە کێشەی کەرکوک‌و ناوچە جێناکۆکەکانی دی».

لێدوانەکە بەدڵنیاییەوە بارزانی شادمان کردووە، بەڵام ئەمە زیاتر قسەیە وەک لە سیاسەت، ئەمە تەنیا قسەیە لەبەر ئەوەی کێشەی سەرەکی کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراق لە کۆتایی (٢٠١١)دا. ئەمریکییەکان کێشەی یاسای هەڵبژاردن، مادەی (١٤٠)و تەنانەت ئەنجامدانی هەڵبژاردنی (٢٠١٠)ش وەک کێشەی عێراقییەکان دەبینن، کە دەبێت لە بەغدا چارەسەر بکرێت. واشنتۆن نایەوێت فشار بخاتە سەر هیچ پارتێکی عێراقیی بۆ قبووڵکردنی داوای کوردەکان، بەتایبەت ئەگەر ببێتە هۆی ناجێگیریی عێراق، کە لەوانەیە ببێتە هۆی دواکەوتنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق.

ئەمریکا دەیەوێت عێراق لە دۆخێکی جێگیرو ئاشتییدا ببینێت، باوەڕیانوایە کە هەڵبژاردنێکی شەرعی لە کاتێکی گونجاودا دەبێتە هۆی گواستنەوەی دەسەڵات‌و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق هێمنانەتر دەبێت. ئەگەر پارتە کوردییەکان دەیانەوێت ڕاستگۆ بن لەگەڵ خەڵکیدا، دەبێت دان بەم کێشانەدا بنێن: کوردستان وەک کیانێکی فیدراڵی لە عێراقدا کار دەکات، بەڵام بەغدا هێشتا بە تەواوی دانی پێدا نەناوە. جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دواخراوە. سەرژمێریی ساڵی (٢٠١٠) ڕەنگە ئەنجامبدرێت‌و لەوانەشە ئەنجامنەدرێت. نە دراوسێکانی عێراق‌و نە عێراقێکی خاوەن سوپایەکی تەواو، جا لەلایەن ئیسلامییەکانەوە پێشڕەوی بکرێت، یان شۆڤێنییەکان، ئامادەنین ڕێگە بە ئۆتۆنۆمی تەواوی حکومەتی هەرێم بدەن. کوردەکان لاوازترین یاریزانی سیاسیین بەراورد بە سوننی‌و شیعەکان لەبەر پاڵپشتی دراوسێکان.

لێدوانەکەی ئیدارەی ئۆباما بۆ پشتگیریی لە حکومەتی هەرێم شکڵی بوو، موجامەلەی دبلۆماسی بەسەر هەر حکومەتێکدا دەبەخشرێت لە بەرامبەر داواکانیدا. سەرۆک ئۆباما پشتگیریی داوای کوردەکان دەکات لە حاڵەتێکدا ئەم داوایانە ببنە هۆی جێگیرکردنی عێراق‌و هێندە تورکیا تووڕە نەکات، کە تەدەخول لە ئامانجی کۆشکی سپییدا بکات. پارتە سەرەکییەکان‌و ئۆپۆزسیۆنی کوردی پێویستە شێوازێکی نوی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لە عێراق دابهێنن.

سیاسەتی شۆڤێنیانەی حکومەتە عێراقییەکان لە دوای (١٩٥٨)و کاردانەوەی کوردەکانیش بووەتە هۆی گیانلەدەستدانی چەندین هاوڵاتی بێتاوان. پارتە کوردییەکان پێویستە دەسەڵاتی خۆیان بەکاربێنن بۆ گەیشتن بە عەرەبە عێراقییە مۆدێرنەکان‌و داهێنانی شێوازێکی نوێی بیرکردنەوە، کە تەرکیز بخاتە سەر مافی تاکەکەسەکان وەک هاوڵاتی‌و سروشتیکردنەوەی سیستمی سیاسیی عێراق. ئەوە هاوڵاتیبوونە، نەک نەتەوەگەرێتی‌و فیدراڵیزم، کە مافی تاکەکانی کورد دەپارێزێت. سەرکردەکانی کورد پێویستناکات ئاهەنگی زۆر بگێڕن تەنیا لەبەرئەوەی سەرۆک ئۆباما بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردوون.سەرۆک ئۆباما قسە لەگەڵ زۆر سەرۆک شارەوانی‌و پارێزگارو سەرۆکی دیکەدا دەکات، بیر لە سەرکردەیەکی کوردیش دەکاتەوە هەروەک سەرۆکی شارەوانی کینیکیناتی نە زیاترو نە کەمتر. گفتوگۆیەکی گەرموگوڕ هیچ لە سیاسەتی واقیعی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ناگۆڕێت، هیچ بەهانەیەکیش نادات بەدەست پارتە کوردییەکانەوە بۆ ئەوەی ڕیفۆرم‌و گۆڕان نەکەن.

# بەرپرسیارێتی بەرامبەر گۆڕان، یان بەرپرسیارێتی لە گۆڕاندا

هیمداد هیرانی

**گرفتی گەورەی بەردەم گۆڕانخوازان جگە لەو تەحەدی‌و دوژمنایەتییەی کە دەکرێت، تێنەگەیشتن لە پەیام‌و بەرنامەی گۆڕان‌و میکانیزمی نوێی کارکردن‌و خۆداشۆرین لە تەواوی ئەم کلتوورە سەقەتەی کە لە ڕابردوودا فێرکراوین، هەر بۆیە هەزمکردنی ئەم حاڵەتە کارێکی ئاسان نییەو بەرگەگرتنی ئەستەمە**

بەدرێژایی مێژووی جووڵانەوەی سیاسیی کوردستان، کە لە ناوەڕۆکدا جووڵانەوەیەکی ناسیۆنالیزمییە، نەیتوانیوە بەشێوەیەکی تەندروست‌و زانستیی خۆی نمایش بکات، چونکە لە بنەڕەتدا جووڵانەوەی ناسیۆنالیزمیی کاتیک دەتوانێت بەشێوەیەکی تەندروست خۆی نمایش بکات، کە لە ناوەڕۆکدا دیموکراسی بێت‌و هاوتەریب لەگەڵ خۆیدا داهێنانی کلتووریی بەرهەمبهێنێت‌و گەشەی پێبدات، لەم پێودانگەدا ئەم جووڵانەوەیە دەتوانێت نەتەوەیەکی تەندروست بەرهەمبهێنێت‌و پانتایی ئازادییەکان فەراهەم بکات‌و دواجار تەواوی دەرگاکان والابکات بۆ چەسپاندنی چەمکی بە هاوڵاتیبوون، ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە جووڵانەوەی ناسیونالیزمی کوردی بدەینەوە، دەبینین جووڵانەوەکەی لە چەند دروشمێکی بریقەداری نەتەوەیی‌و نیشتمانی بەولاوەو دوور لە بنەما دیموکراسییەکان شتێکی دیکە نمایش ناکات، لێرەدا تەواوی ئەم شێوازی جووڵانەوەیە ڕەنگدانەوەو کاریگەریی سلبیی خۆی دەبێت بەسەر تەواوی کایەکانی ژیانی ئەم نەتەوەیە، ئەمەش لە تەواوی تەشکیلاتی پارتە سیاسییەکان هەر لە شانەو مەفرەزەیەکی حیزبییەوە تا دەگاتە سکرتێرو سەرۆکەکەی ئەم ڕاستییەمان بۆ بەرجەستە دەبێت. لێرەدایە کە بۆمبی گەندەڵیی خۆی گرمۆڵە دەکات‌و ڕەگەکانی دەردەکات‌و درەختی گەندەڵیی بەرهەمدەهێنێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر نەتەوەیەک تەندروست سەرکردایەتی کرابێت، چۆن سەدان هەزار تاکی ئەم نەتەوەیە دژ بە جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتدا دەوەستنەوەو ئازاری هاونیشتمان‌و هاونەتەوییەکانی خۆیان دەدەن، یان سەرکردە سیاسییەکان بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەخەنە سەرووی بەرژەوەندیی نەتەوەو نیشتمان، ئەمانە هەمووی زادەی ئەم جووڵانەوە ناتەندروستەیە، کە لە بنەڕەتدا پێچەوانەی بنەما زانستییەکەیەتی، کە نموونەی ئەم سیستمە سیاسیی‌و ئیداریی‌و ناعەدالەتەی لە کوردستان بەرهەمهێناوە.

لەلایەکی دیکەوە، یەکێک لە ترسناکترین چەک کە بەرهەمی ئەم جووڵانەوەیەیە، ئەمڕۆ بۆ قورغکردنی دەسەڵات‌و هێشتنەوەی کلتوورە دواکەوتووەکەی بەکاردەهێنرێت چەکی (خەبات‌و قوربانیدانە). کە ڕاستیی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە ئەوانەی خەبات‌و ماندوبوونیان چەشتووەو جێگەی ڕێزن، هەموو ئەوانەش گیانی خۆیان بەخت کردووە نەک جێگەی شانازین، بەڵکو هەر بەرزو زیندوون لە ویژدانی هەریەکەمان، بەڵام لەبیرمان نەچێت ئەم خەبات‌و قوربانیدانە موڵکی تاکەکەس‌و تاکە لایەن نین، بەڵکو سەرمایەیەکی پڕ شکۆی نەتەوەو نیشتمانێکن، بەڵام بەداخەوە کاتێک ئەم سەرمایە بەنرخە دەکرێت بە چەکی قۆرغکردنی دەسەڵات‌و بوارنەدان بە تواناکانی دیکەی نەتەوەیی، ئالێرەدا ئەم سەرمایە بەنرخە دەکەوێتە ژێر کۆمەڵێک پرسیاری ترسناکەوە، بگرە پێش هەموو شتێک کەمکردنەوەی نرخی ئەم خەبات‌و قوربانیدانەیە، چونکە دەکرێتە چەکی کوشندە دژ بە گۆڕینی واقیعی سیاسیی‌و کومەڵایەتی‌و ئابووریی کلتووریی لە وڵاتدا.

نموونەی ئەمجۆرە جووڵانەوانە زۆرن لە ئاستی دونیادا، جگە لە کوردستانەکەی خۆمان، جەزائیر یەکێکە لە نموونەی شۆڕشگێڕیی‌و قوربانیدان، بەڵام دوای ملیۆنێک شەهیدو لوتکەی شۆڕشگێڕێتیی، کەچی ئێستا ماکینە شۆڕشگێڕییەکەی لەنێو کلتووری جەهالەتدا مەلەدانی دەکات. هەروەها کوبای سەردەمی شۆڕش‌و ڕزگاربوون‌و کوبای دکیتاتۆریی دواکەوتووی ئێستا، نموونەی زۆری دیکەی وەکو میسری جەمال عەبدولناسرو جووڵانەوەی فەتحی یاسر عەرەفات‌و...هتد، کە ئەمانە نموونەگەلێکی زیندوون‌و پێماندەڵێن گرنگی گەشەکردنی کلتوورو دیموکراسی بە مانای ئەرک‌و ماف‌و ئازادییەکان، چ ڕۆلێک دەبینن لە ڕێگرتن لەم مەینەت‌و ئازارانەی کە ئەم نموونانەی سەرەوەی پێدا تێپەڕدەبن.

لە تەجروبەکانی دونیادا وێنەی دیکەشمان بەرچاودەکەوێت، کە پێماندەڵێن کەسایەتییە کاریزماکانیش دەتوانن ببن بە فاکتەری کاریگەر بۆ ئاراستەکردنی جووڵانەوەو پارتە سیاسیی‌و کارە دەوڵەتییەکان‌و ببن بە فریادڕەس‌و بنیادنەری کلتوورێکی ئەوتۆ، کە تەواوی کۆمەڵگەو تاکەکان بە ئاراستەیەکی ڕۆشن بەرێت، کە خۆی لە بەرژەوەندیی گشتیدا دەبینێتەوە.

بۆ نموونە گاندی هیند، جۆرج واشنتۆنی ئەمریکاو نیلسون ماندێلای باشووری ئەفریقا، کە بوون بە دارێژەری کلتوورێک کە بوو بە بنچینەی بەیەکەوە ژیان‌و چەمکی هاوڵاتیبوون. ئەمجۆرە کەسایەتییە کاریزماییانە تەنانەت لە وڵاتانی پیشکەوتووشدا دەتوانن ئەم ڕۆڵە بگێڕن. بۆ نموونە ئۆلف پالمێی سەرۆک وەزیرانی سوید، توانیی وڵاتیکی بچووکی داخراوی نیو بەستەڵەی باکوور بگوازێتەوە بۆ نێو چەقی سیاسیی دونیا.

لە کوردستانی ئێمەشدا (٢٠٠٩/٧/٢٥) شتێکی گرنگمان پێدەڵێت، کە ئەویش ئەوەیە کە (گۆڕان) زەرورەتێکی حەیاتییەو دەبێت ڕووبدات‌و ڕای گشتیش پشتیوانی لێدەکات. سەرەتاو هەنگاوی یەکەمی دەرکەوتنی جووڵانەوەیەکی سیاسیی تەندروست‌و دەرکەوتنی سیمای کاریزمییەکی خاوەن بەرنامەو کلتوورێکی خاکییە، بۆیە گرنگە گۆڕانخوازان بەتایبەتی‌و تێکڕای نوێخوازان‌و ڕیفۆرمخوازەکان بڕیاربدەن کە بەشداری‌و پشتیوانی لەم پرۆسەیەدا بکەن، بەمشێوازەی خۆیان هەڵیدەبژێرن.

گرفتی گەورەی بەردەم گۆڕانخوازان جگە لەو تەحەدی‌و دوژمنایەتییەی کە دەکرێت، تێنەگەیشتن لە پەیام‌و بەرنامەی گۆڕان‌و میکانیزمی نوێی کارکردن‌و خۆداشۆرین لە تەواوی ئەم کلتوورە سەقەتەی کە لە ڕابردوودا فێرکراوین، هەر بۆیە هەزمکردنی ئەم حاڵەتە کارێکی ئاسان نییەو بەرگەگرتنی ئەستەمە، بەتایبەت لای ئەوانەی کە سەقامگیرنین لە ڕووی فیکرییەوە.

بۆیە بەرپرسیارێتی بەرامبەر گۆڕان، بەرپرسیارێتییە بەرامبەر:

– چۆنێتی گۆڕینی کلتووری حوکمڕانی لەم وڵاتەدا.

–چۆنێتی دەستبەرکردنی ژینگەی ئەرک‌و ماف‌و ئازادییە مرۆییەکان لە سیستمی سیاسیی وڵاتدا.

– چۆنێتی گێڕانەوەی (ئینتما)ی تاکەکان بۆ نەتەوەو نیشتمان‌و چەسپاندنی چەمکی هاوڵاتیبوون‌و هاونیشتمانیبوون لەم وڵاتەدا.

– چۆنێتی بەرگریکردن لە یەکڕیزیی‌و مافە نەتەوەییەکان‌و دۆزینەوەی تواناکان‌و وەگەڕخستنیان.

– چۆنێتی گەشەکردن لە بواری کۆمەڵایەتی، ئابووریی، ڕۆشنبیریی، .....هتد.

– چۆنێتی پەیڕەوکردنی سیاسەتی شەفاف‌و عادیلانە لە ئیدارەدانی وڵاتدا.

ئەمانەو چەندینی دیکە ئەوەمان بۆ ڕۆشندەکەنەوە کە گۆڕانخوازان بەرپرسیارن بەرامبەر بە کۆمەڵگەو نەوەی نوێ‌ۆ داهاتوویەکی گەش.

بۆیە دواجار دەبێت بڵێین کە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە گۆڕان، بەرپرسیارێتییە بەرامبەر بە بەرژەوەندیی گشتیی، نەک بەرژەوەندیی خودی (زاتی)و تاکەکەسی لە گۆڕاندا، ئەمەش هەنگاوی یەکەم‌و دەستپێکی کلتوورێکی نوێیە لە ژینگەی سیاسیی کوردستاندا.

# نەبوونی سەرکردە

دڵشاد حسێن

بەهۆی نەبوونی سەرکردەیەکی حەکیم‌و دڵسۆز، لەمێژووی دوورو درێژی ڕابردوودا، جگە لە نەهامەتیی‌و ماڵوێرانیی‌و بەکوشتدانی مرۆڤی کورد، سووتاندن‌و وێرانکردنی ژێرخان‌و سەرخانی ماڵی کورد، کەسایەتی تاکی کورد وایلێهات وردە وردە بگاتە ئاستێک نکۆڵی لە کوردبوونی خۆی بکات، خۆی وەک بوونەوەرێکی قێزەون، بێ ئینتمای نەتەوەو خاک‌و ناسنامە وێنابکات، بۆیە دەبینین لەبەر نەبوونی سەرکردەو ڕۆشنبیری سیاسیی نیشتمانپەروەر ویست‌و خواستەکان نەخرانە ناو چوارچێوەیەک پێ بەپێی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی هەنگاوی مێژوویی هەڵبنێت، بەڵکو لە دووەم دواکەوتووترین قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی ماوەتەوەو چەقیبەستووە، ئەویش عەقڵیەتی فیوداڵ‌و بۆرژوازیی ستەمکارە، کە هەمیشە لە ناوەوەی ئەم عەقڵیەتانە شۆڤێنی سیاسیی خۆی مت کردووە، لەبەر مۆراڵی خۆویستی دەسەڵات ئامادەبوونێکی چارەسەری تێدا بەدیناکرێت، بەهای عەقڵی فیوداڵ‌و بۆرژوازیی تاکڕەو ئەوەیە دەبێت دەسەڵاتی ئەوان لە سەرووی هەموو بۆچوون‌و ماناکان ڕەهابن، بتەوێت یان نەتەوێت، ڕازیی بیت یان ڕازی نەبیت، خاوەن داخوازیگەلێکن تەنیاو تەنیا فەرمانەکانیان لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە (جێبەجێ بکەو قسەمەکە) ئەگەرنا، (کوتەکی دیکتاتۆرئاسا دەزانێت قۆناغ لەکوێیە).

تائێستا مرۆڤی کورد لەژێر چەتری توندوتیژیی کۆیلەتی دەسەڵاتی داخراو ماوەتەوەو نەیتوانیوە بەرەو هزری سەربەخۆو گەشەی فیکری سیاسیی دونیای سەردەم بکرێتەوە، ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ ئەم عەقڵیەتە داخراوە بێئەوەی هیچ پێوەرێک بخوێنێتەوەو بە داتاکانی ئەمڕۆدا بچێتەوە، دیواری خانە سەرەکییەکانی دروستبوونی کۆمەڵگەی کراوە بە دوژمنی خۆی دەزانێت، دژایەتیکردنی بیروڕای جیاوازو ئازادنەکردنی ئابووریی تاک‌و گشتیی‌و گەندەڵیی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی‌و تەنانەت ڕۆشنبیریشی تا سەرئێسقان هێناوە، لە ئاکامی ئەو ترادسیۆنە، ئەوەی دەبینرێت ڕۆحی ناڕازیبوون‌و بێمتمانەو بێزاربوونی تاک لە بۆگەنبوونی گشت کایەکان گەیشتە ئاستی هێزو تواناپڕوکێن، لەجیاتی ئەوەی بۆ شتەکان ئاستی جوانی ببێتە پێناسە، جوانییەکانیش بگەیەننە لوتکە، دێن جیاوازییەکان بە جوانییەکاندا دەدەن، جیاوازیی لەنێوان پلەی سفرو هەزار، جیاوازیی لەنێوان پلەی خوارەوەی هەژاریی‌و دەوڵەمەندبوونی کتوپڕ، جیاوازیی لەنێوان عەقڵیەتی کراوەو عەقڵیەتی شۆڤێنی سیاسیی داخراو، تێکەڵییەکی ترسناک لە مێشکی خەڵک دروستبووە، بەدوای ونبوونی خۆیدا دەگەڕێت، هەرخۆی نادۆزێتەوە.

ئەوەی تا پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام، ڕەفیق حیزبییەکی ترسناک‌و دڵڕەق بوو، ئەمڕۆ بێشەرمانە دڵسۆزێکی ڕێکخستنی نهێنیی ناوشاری خراوەتە پاڵ، لە پاداشتی فرۆشتنی گەل‌و نیشتمانیش، بە پێلەقە دەرگای بەرپرسەکان دەکاتەوەو خاوەن پلەی باشترینە، ئەوەی پاک‌و پێشمەرگەی شاخیش بوو، ئێستا کەسێکی بێزارکەرو قێزەونە. هەتا هەموو ئەو جیاوازییانە بەپاکیی لە بێژینگ نەدرێت‌و عەقڵیەتی فیوداڵ‌و بۆرژوازیی ستەمکار لە هەگبەیەک کۆنەکرێتەوە، تووڕ فڕێنەدرێتە ناو زبڵخانەی مێژوو، سەرکردە ئەستەمە بوونی هەبێت.

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٣٦ – R٣
پرۆژە: کرینی (١٠) محویله بۆ کەلار
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٣ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٧ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٧ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١– پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢– ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣– هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤– بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥– پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦– ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧– وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨– ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩– بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠– بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٣٣ – R٥
پرۆژە: گەیاندنی کارەبا بۆ گوندی نورەالدین لە قەڵادزێ
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٣ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٣ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٣ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١– پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢– ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣– هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤– بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٧٥٠٠٠٠٠) حەوت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥– پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦– ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧– وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨– ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩– بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠– بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٣٥ – R٤
پرۆژە: پرۆژەی شوێنی حەوانەوە بۆ خانەقای (سیرێی بابە شێخ) لە شارباژێر.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٣ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٣ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٣ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١– پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢– ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣– هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤– بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٥٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥– پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦– ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧– وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨– ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩– بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠– بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٧٢٠ – R١
پرۆژە: دروستکردنی (دیواری ڕاگر+دیواری بلۆک) بۆ سیاجی قەبرستانی سەرەوە لە تاسلوجە.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٣ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٧ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٧ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١– پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢– ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣– هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤– بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥– پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦– ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧– وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨– ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩– بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠– بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

## هەلی کار:

سایتی سبەی (www.sbeiy.com) پێویستی بە هەواڵسازە بەم مەرجانە:
١–شارەزایی هەبێت لە یەکێک لە زمانەکانی عەرەبی، یان ئینگلیزی.
٢–شارەزایی تەواوی هەبێت لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتدا.
داواکارین هەر کەسێک ئەو مەرجانەی تێدایەو خواستی کارکردنی هەیە لە سایتەکەمان، با سی ڤی خۆی بنێرێت بۆ ئەم ئیمەیڵە: (info@sbeiy.com)، یان ڕاستەوخۆ سەردانی بارەگای سبەی بکات لە کۆمپانیای وشە – گردی زەرگەتە.
بۆ زانیاری زیاتر: ٠٧٥٠١٠٩٨٠٠٠

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٣٤ – R٥
پرۆژە: پرۆژەی چاککردن و دروستکردنی شۆستە لە هەناروک (قەڵادزێ)
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٣ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٣ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٣ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١– پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢–ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣–هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤– بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١١٠٠٠٠٠٠) یانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥– پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦– ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧– وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨– ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩–بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠– بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ – ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان ڕەشید – هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

# پاش (٢٢٠) ساڵ، مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە!

## (خوێندنەوەیەکی سەرەتایی بەراوردکارییانە لەنێوان شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩)و بزووتنەوەی گۆڕاندا)



سیروان عومەر

**دەستپێک:**

شۆڕشی فەرەنسی لە (١٤ی تەمموزی ١٧٨٩)دا لە (پاریس)ەوە دەست پێدەکات، بزووتنەوەی گۆڕان لە (٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩)دا لە سلێمانی)ەوە سەرکەوتن تۆمار دەکات.

وەک دەزانـــیــن لــە ســاڵــی (١٧٨٩)دا کۆمەڵگەی فەرەنسی لە دژی دەسەڵاتو بەهۆی بێدادییو نەبوونی خزمەتگوزارییو جیاوازی چینایەتی بەشێوەیەکی زۆر دیار و....هتد، بڕیاری خۆیان دەدەنو شۆڕش بەرپا دەکەن.

پاش تێپەڕبوونی (٢٢٠) ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەداو لەساڵی (٢٠٠٩)دا هــەمــان هۆکارگەل دەبــنــەهــۆی دروســتــبــوونو سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان لە کوردستاندا[1].

دەورانـی حکومڕانیی لویسی شازدەهەم، کە (١٥) ساڵی خایاند زوڵـمو زۆرو گەندەڵییەکی بێ ئەندازە وڵاتـی گیرۆدە کردبوو هــەر لــەوکــاتــەدا هــەوڵــەکـان بۆ نووسینەوەو چەسپاندنی دەستوور لە ئارادا بوو، لە کوردستانیشدا لە پاڵ زوڵمو زۆرو ستەمکاریی (١٨) ساڵی دوو زلحیزبەکەو بۆ بەردەوامیدانو درێژکردنەوەی ئەو بارودۆخە دەسەڵات دەستووری دارشتو بە تۆپزی لە پەرلەمانی پێشوودا پەسەندیان کردو دواتر لەناو ڕۆشنبیرانو هاوڵاتیاندا ناڕەزاییەکی گەورەی دروستکرد، چونکە دژ بە خواستەکانی خەڵکو دیموکراسییەت بوو.

لــەودەمـــەدا لــە فـەرەنــسـا بنەماڵەی لویسی شازدەهەمو دارو دەستەکەیو بنەماڵەی خانەدانو پیاوانی کەنیسە لە کـۆی (٢٥) ملیۆن دانیشتوانی وڵاتەکە (٤٠٠٠) چــوار هــەزار کـەس سەرجەمی داهاتی وڵاتیان دەبرد بۆ خۆیانو لە داهاتی فەرەنسا (٣٣) ملیۆن فرانکی ئەوکاتی فەرەنسا، کە بە عارەقی نێوچاوانی میللەت پەیدا دەکرا بۆ ماڵی پاشاو سەردارەکان خەرج دەکرا[2].

لــە کــوردســتــانــدا بـەپـێـی بـەدواداچـوونـێـکـی ڕۆژنـامـەی هاوڵاتی نزیکەی (١٠٠٠) کەس لە کۆی پتر لە (٤) ملیۆن کەس (٢٥٪)ی داهـاتـی ئـەم هەرێمە دەبەن، هەریەک لە پارتیو یەکێتی (٣٠تا٣٥) ملیۆن دۆلار لە بودجەی حکومەت دەبــەن، تێبینی بکەن ژمارەی ئەو بودجەیەی ئەوکاتی پاشاو سەردارەکانی فەرەنساو ئێستای حیزبەکانی خۆمان چەند لەیەکەوە نزیکن!! وە ژمــارەی ئەو کەسانەی کە ئەو بڕە پارەیە دەبەن بە ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوانی فەرەنساو کوردستان دیسان چەند نزیکن!! چوونیەکی ئەم ژمارانە ڕێکەوتە (صدفە)یە، بەڵام هەرچۆنێک بێت لە هەردوو بارەکەدا ئەم ژمارانە ستەمکاریی دەسەڵات بەدیار دەخەن.

لە کوردستاندا هەموو ئەوانەی لــە دوو زلحیزبەکەوە نزیکن زۆرترین ئیمتیاز دەیانگرێتەوە، ئەوە هەر لە ئەندامانی مەکتەب سیاسییو سەرکردایەتییەوە بیگرە تا دەگاتە بەرپرسو کارگێڕانی مەڵبەندو لقەکانو بەرپرسی کۆمیتەو ناوچە حیزبییەکان لەسەر بودجەی ئەم هەرێمە بـەردەوام نوێترین مۆدێلی ئۆتۆمبێلو باشترین زەویو خانوو....هتد زۆر بە ئاسانی وەردەگــرنو خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتو زۆرینەی ئەوانەی لە دەرەوەی حیزبن لە سەرەتاییترین مافی ژیان بێبەشنو ئەگەر بەشێکیان مووچەخۆریش بن ئەوا دەسەڵات بە مەکرەمەی خۆی دەزانێتو هەمیشە دەیداتەوە بە ڕوویانداو ویژدانیانی پێدەکرێت، ئەم حاڵەتە لە فەرەنسادا (٢٢٠) ساڵ پێش ئێستا بە فۆرمێکی دی هەبووە، کە هەموو ئەوانەی نزیکو داردەستی پاشاو خانەدانو پیاوانی ئایینی بـوون هەموو ئیمتیازێک دەیگرتنەوەو خەڵکانی دیکەیش دەبوایە خزمەتی ئەوان بکەن.

ئــەزمـــوونــی (١٨) ســاڵــی حکومڕانیی ئەم دوو حیزبە بەهۆی لاوازیـــی عەقڵیەتی سیاسییو نەبوونی زانستی ئیدارییو لەسەرو هەمووشییەوە نەبوونی ڕۆحیەتی لــێــبــووردەیـــی(Tolerance) وایـکـرد، کە چەندین دەرفەتی گەورەمان لە کیس بچێت، ئەوە سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتیو چەوساندنەوەیەی لە ڕابردوودا ڕوبــەڕوومــان بـووەتــەوە، وەک (فاروق ڕەفیق) دەڵێت: (کارەساتی وامان بەسەرهاتووە خەڵاتی مێژوو بووە بۆ ئێمە)، بەڵام عەقڵیەتی نا سیاسیی ئەم دوو حیزبە نەیتوانیوە ســوودی لێوەربگرێتو وەکو (ماندێلا یان ئەتاتورک) بیکەنە بناغەی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد.

لە ماوەی حکومڕانیی یەکێتیو پارتیداو بە دیاریکراوی لەدوای ڕاپەڕینەوە تا ساڵی (٢٠٠٣)و ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق مـێـژووی ئێمە لەسەر دەستی سیاسییەکانماندا دەچێتە خانەی تاریکترین ساڵەکانی ژیانمانەوەو لە دەورانـی شەڕی ناوخۆدا ئەم تاریکییە دوا پلەی خۆی دەبڕێتو دەبێتە ئەنگوستە چاو، ئیدی لێرەوە ڕۆشنبیرانو بیرمەندانی کورد بیرۆکەی ئاشتیو دواتر چاکسازیو ریفۆرمو گۆڕانکاریی دەخەنەڕوو و لەم ساڵانەی دواییدا ئەم بیرۆکەیە لەناو خەڵکیدا خۆی دەسەپێنێت، چونکە هەمووان بە ئاگان لەوەی کە سەرجەم بوارەکانی ژیان لەلایەن حیزبەوە شێوێنراوە بە تایبەت بواری پـەروەردەو کشتوکاڵ، کە پێموایە؛ یەکێک لە ڕێگە هەرە سەرەکییەکان بۆ چاکسازییو گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگای کوردیدا لە پاڵ گۆڕینی عەقڵیەتی ساسییدا گرنگیدانی تەواوە بەم دوو بوارەو ڕزگـارکـردنـیـانـە لــەژێـر چنگی حیزبدا.

> لە ماوەی حکومڕانیی یەکێتیو پارتیداو بە دیاریکراوی لەدوای ڕاپەڕینەوە تا ساڵی (٢٠٠٣)و ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق مێژووی ئێمە لەسەر دەستی سیاسییەکانماندا دەچێتە خانەی تاریکترین ساڵەکانی ژیانمانەوە

**کاریگەریی ڕۆشنبیران:**

وەک مێژوونووسان ئاماژەی بۆ دەکەن، یەکێک لە هۆیە هەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسی ڕۆشنبیرانو بـیـرمــەنـدانـی وەک: (ڕۆســۆو ڤۆڵتێرو مۆنتیسکۆو دیـدرۆو گـۆنـدۆرسـیـیــە)و ســەرجــەم بیرمەندانی ڕۆشنگەری بوون، کە توانیان لە ڕێی نووسینەکانیانەوە گەلی فەرەنسی هوشیار بکەنەوەو چیتر ملکەچی قسەو یاساکانی کەنیسەو پیاوانی ئایینی نەبن، ئــەوەتـا ناپلیۆن دەڵــێــت: (گــەر ڕۆسۆ نەبوایە شۆڕشی فەرەنسی ڕوووینەدەدا)[3] وە مێژوونووسان ئاماژە بــەوە دەدەن، کە کتێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) جان جاک ڕۆسۆ ببووە ئینجیلی شۆڕشو بەردەوام بەدەستی شۆڕشگێڕانو خەڵکەوە دەبینرا.

لــە کوردستانی خۆشماندا لــەدوای ڕاپەڕینەوەو بە تایبەت پاش دەرچوونی گۆڤاری ڕەهەند ڕۆشـنـبـیـرانـی کــورد بەجدیی کاریان لەسەر هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە کـردووەو زۆر بوێرانە بەرامبەر کەمو کوڕییەکانو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتو نادروستی حکومکردن لەلایەن سیاسییەکانی دوو حیزبەکەوە وەستانەوە، هەر لە دژایەتیکردنی شەڕی ناوخۆوە بیگرە بۆ ڕەخنەگرتن لە سەرجەم ئــەو کـایـانــەی دەســەڵاتــداران دوور لە هەموو یاساو ڕێساکان دەیانشێواند.

ڕۆشنبیرە جدییەکانی ئێمە بە ووردییو لە ڕێی وتارو کۆڕو نووسینەکانیانەوە کاریان لەسەر وشــیــارکــردنــەوەی ســەرجــەم تاکەکانی کۆمەڵگە دەکـردو لەو چوارچێوەیەشدا سیاسییەکانو دەسەڵاتداران گوێیان لێنەگرتن، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاریگەرییان لەناو هاوڵاتیاندا زیاتر دەبوو هەر لێرەوەیە، کە ناکرێت کاریگەرییان نادیدە بگرین، چونکە کارو چالاکیو نووسینەکانیان سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن، ڕۆڵـی ڕۆشنبیرانو بیرمەندانی وەک: (بەختیار عەلیو فـاروق ڕەفیقو مەریوان وریاو ئـاراس فەتاحو ڕێبین هــەردیو ٠٠٠هتد) ئێجگار دیارو بەرچاوە لە بەئاگا هێنانەوەو جورئەتدان بە تاکی کوردی لە بەرامبەر ناعەدالەتیو ستەمکارییەکانی دەسەڵاتدارانداو دەنـگ هەڵبڕین بۆ داواکـردنـی مـاف، لە پاڵ ئەمەشدا پێویستە ئاگامان لە دەورو کاریگەرییەکانی میدیای ئەهلی ئازاد بێت بەتایبەت (هاوڵاتیو لڤینو ئاوێنە) لەسەر هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیان، کە بێگومان ئەوانیش هۆکارێکی سـەرەکـی بـوون لە دەرخستنی بەشێکی زۆر لە ڕاستییەکانو دەرخستنی فێڵو گەندەڵییەکانی دەسەڵات.

لــێــرەدا بـۆ یـادهـێـنـانـەوەو دەرخستنی کاریگەریی ڕۆشنبیرانو بیرمەندانی کورد چەند نموونەیەکی کورت لە نووسینەکانیان دەخەینە پێش چاو:

لە نامیلکەی (نیگایەک لە ئێستا خەونێک بۆ سبەی) لە نووسینی (مــەریـوان وریـا، ئـاراس فەتاح، بەختیار عەلی، ڕێبین هەردی)، کە من ئەم نامیلکەیە وەک ئینجیلی گۆڕان ناودەبەم (ئەمە بۆچوونی تایبەتی خۆمە) هاتووە: (لە هەژدە ساڵی دوای ڕاپەڕیندا سیاسەتمەدارانی کورد دنیایەکیان دروستکردووە، کە کەس ناتوانێتو نایەوێت وەک نموونەی سیستمێکی سیاسییو ئیداریی قابیلی بەرگریلێکردن باسیبکات، کوردستان لە دیدی هــەمــوو ئــەوانــەدا کە بە وردی تەماشای دەکەن شوێنێکە سیستمە ئیدارییەکەی بەڕادەیەکی ترسناک گەندەڵە، تاریکاییەکی گــەورە لە دەوری پڕۆژە ئابووریو داهاتە مادییەکانی وڵاتەکە هەیە، سیستمە سیاسییەکەی لەوە نزیک دەبێتەوە ببێتە سیستمێکی ویراسی، هەموو ئەمانەش بەسەریەکەوە وایـان کردووە مەسەلەی کورد زۆربەی هەرە زۆری ئەو مانا ویژدانیو ئەخلاقیانە بدۆڕێنێت، کە خەباتی درێژخایەنی میللەتی ئێمە بۆ ئازادیی پێی بەخشیوە[4]).

بــەشــێــکــی بــەرچـــاو لە نووسەرانو بیرمەندانی ئێمە باس لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی حیزبە ستالینیو بەلشەفییەکانو ئەزموونی حیزبی بەعس دەکەن لەلایەن دوو زلحیزبە کوردییەکەوە، ئەوەتا (فــاروق ڕەفیق) پێیوایە؛ کە ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە ئەزموونی بەعسیان دووبـــارە کــردووەتـــەوەو لـــەم خـاڵانــەی خوارەوەدا بە وردی دەستنیشانی دەکات:

١- داگیرکردنو تێکەڵکردنی حکومەت(دەوڵەت)و کۆمەڵگەو حیزب.

٢- داگیرکردنی دامودەزگا مەدەنیو کلتورییەکانو کردنیان بــە دامــودەســتــگــای حیزبیو تیرۆرکردنی فەزای گشتیی.

٣- قبوڵنەکردنی ڕەخنەو تیرۆرکردنی دەنگی نـەیـارانو نەبوونی هەمەچەشنەیی حیزبی.

٤- نــەبــوونــی شەفافیەت لــە ســیــاســەتو لــە بــڕیــارە سیاسییەکاندا[5].

ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە، کە حیزب هەمیشە نوێنەرایەتی بەشدەکات، کاتێ مافی بەخۆیدا کە نوێنەرایەتی هەمووان دەکات، واتە دەستدرێژی دەکاتە سەر مافە سیاسییەکانی ئەوی دی. لێرەوە دەبینین بــەردەوام دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە بـەردەوام دەست درێژیان کردووەتە سەر سەرجەم مافەکانی ئەوانی دی، ڕێبین هەردی دەڵێت: (لەناو حیزبە کوردییەکانی خۆماندا یان لەگەڵیاندایت، یان دوژمنی وڵاتو کوردیت.

مافەکانی تۆ وەک هاوڵاتی بەندە بەڕادەی دوورو نزیکیت لە حیزبەوە[6]).

گۆڕانی دەســەڵات پێویستی بە گۆڕانی ڕیشەیی کۆمەڵگەو عەقڵیەتی تاکەکانی هەیە لەم بارەیەوە مەریوان وریا دەڵێت: (بێگومان هەرکەسێک کەمەکێک بە وردی لە هەلومەرجی ئەمڕۆکەی کوردستان ڕابمێنێت بە ئاسانی بەو ڕاستییە دەگات، کە دەسەڵاتەکان لە یەکدی جیا نەکراونەتەوەو هەرسێ شێوەکەی دەسەڵات لەژێر دەستی حیزبو سەرکردەکانی حیزبدان هەموومان دەزانین مەکتەبی سیاسیی حیزبەکان لە پەرلەمانی کــوردی گرنگترنو دەسەڵاتی بەرپرسە حیزبییەکان لە دەسەڵاتی دادوەران گەورەترەو دەسەڵاتی سەرکردە حیزبییەکان لە دەسەڵاتی هەردوو حکومەتەکە مــەزنــتــرە، ئــەمــانــەش عــێــم بۆ هەلومەرجێک دەکەن، کە پێویستی بە گۆڕانی خێراو گرنگو ڕیشەیی هەیە[7]).

**پاریس – سلێمانی:**

گەرچی بەهۆی نیشتەجێبوونی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی فەرەنسا لــە (ڤــێــرســای) ســەرەتــاکــانــی شۆڕش لەو شــارەوە دەرکەوتن، بەڵام شاری (پاریس) لە هەمان کاتداو دواتریش سەرجەم کارو بارەکانی شۆڕشی فەرەنسی لەو شارەوە بەردەوامییان وەرگرتو دواتر سەرجەم شارەکانی دیکەی فەرەنسای گرتەوە، گەر بە وردی ئـاوڕێـک لە مـێـژووی فەرەنسا بدەینەوە دەبینین (پاریس) هەمیشەو لە سەرجەم بوارەکانی کلتووریو سیاسییو کۆمەڵایەتیدا پێشەنگ بووەو لە مێژووی ڕۆشنبیریو فەلسەفی دونیادا پێگەیەکی دیاری هەیەو بەشێکی زۆر لەناوە دیارو نـاسـراوەکـانـی هـونـەرو فیکرو فەلسەفە لەم شارەدا لە دایکبوون، یاخود ژیاونو دەبینین بیرمەندانی ڕۆشنگەری زۆرینەیان خەڵکی ئـەم شــارەن، ئەمە جگە لــەوەی کە چەندین بیریارو فەیلەسوفی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە، وەک (جان جاک ڕۆسۆ، بێرتراند ڕاســڵ، جەیمس مـۆر، لۆرانس فریدمان و٠٠٠٠٠هتد)٠

لــە بــەرامــبــەردا هەمیشە (سلێمانی)ش شاری ڕۆشنبیریو کرانەوەو لەگەڵیشیدا هەڵمەتو قوربانیدان بــووە، لە سەرجەم شــۆڕشو گــۆڕانــە سیاسییو کلتووریو کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم شــارە پێشەنگ بــووە، وە لە بەرامبەر داگیرکەرانو دوژمنانی کورددا بـەردەوام کۆنترۆڵنەکراو بووە، ئەو وتەیەی سەرانی ڕژێمی بەعس، کە دەیـانـوت؛ سلێمانی (مدینة صعبة)یە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە، پێگەی ئەم شارە لە مێژووی کۆنو هاوچەرخی ئێمەدا هەمیشە پێگەیەکی دیارو پڕ جوڵەو ململانێ بووە.

وە لە بـواری ڕۆشنبیریشدا بەشێکی زۆری نووسەرە هەرە جدییو بە توانماکانی کورد خەڵکی ئەم شارەن وەک: (بەختیار عەلی، ڕێبین هەردی، هیوا قادر، ...هتد)

وەک لــە ســەرهــەڵــدانــی بزووتنەوەی گۆڕانیشدا بینیمان ئەم شارە وەک هەمیشە جێدەستی خــۆی دیــاریـکـردو سەرلەبەری بارودۆخو هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستانی گۆڕیو بۆ یەکەمجار لە مێژووی سیاسییو حکومڕانی کوردیدا بەهێزترین ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی دروستکرد.

**دوا وتە:**

لــە هــەڵــبــژاردنــی مانگی تەمموزی رابــردوودا بەهۆی زەبرو زەنگی دەسەڵاتەوە، نەک هیچ هۆیەکی دی هەردوو شاری (هەولێرو دهۆک) دەرفەتی ئەوەیان نەبوو وەک شـاری (سلێمانی) بەرامبەر دەسەڵات (نا) گەورەکە بڵێن، هەرچەند ژمارەیەکی کەم (نا)ی خۆیان وت، بەڵام ئەم ڕێژەیە بۆ خەڵکی ڕۆشنبیرو بەهەڵوێستی ئەم دوو شارە کەمبوو، دڵنیام لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقدا (دهۆکیو هەولێری)یەکان لــە خــەڵــکـی سلێمانی توندتر (نـــا) بــەڕووی دەســەڵاتــدارانــدا بــەرز دەکـــەنـــەوەو لێهاتوویو ڕۆشنبیرییو بەهەڵوێستی خۆیان وەک هەمیشە بەدیار دەخەن٠

لەم هەڵبژاردنەی کە دادێ لە پاڵ هەولێرو دهۆکدا هیوای گەورەمان بە خەڵکی بە ئاگای شاری کەرکوک هەیەو دڵنیاین، کە ئەم شارەش وەک (عەلی مەردان)ەکەیان مەردانەو ڕاستگۆیانە بە ئاوازی مۆسیقاکەی مــەردان گۆڕانێکی ڕیشەیی لە دەســەڵاتــدا دەکــەنو ئەزموونی (٦ساڵ) حکومڕانی ئەم دوو حیزبە ئــەوەی ڕوونــکــردووەتــەوە، کە پێویستمان بە گۆڕانی بنەڕەتی هەیە لە کەرکوکدا تا سەرجەم نەتەوەکانی ئەو شارە بە یەکسانیو لە سایەی سیاسەتێکی ژیرانەو دەسەڵاتێکی دادپەروەردا بە ئاسودەیی بژین.

ئەمە جگە لــەوەی سلێمانی پێشەنگی خۆی لە دەست نادات.

sirwanumer@yahoo.com

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

**١- شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩) ئامادەکردنو وەرگێڕانی هەورامان وریا قانع**

**٢- هـ .س . پ**

**٣- هـ .س . پ**

**- نیگایەک لە ئێستا خەونێک بۆ سبەی نووسینی (مەریوان وریا، ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی، ڕێبین هەردی)**

**٥- ماڵێکی لێکترازاو و ویژدانێکی بیمار نووسینی (فاروق ڕەفیق) چاپی دووەم ٢٠٠٣**

**٦- دژی بێدەنگی نووسینی (ڕێبین هەردی)**

**٧- شوناسو ئاڵۆزی نووسینی (مەریوان وریا)**

# ڕای گشتی

پاشکۆیەکی مانگانەیە پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED) لەگەڵ [illegible]دا بڵاودەکرێتەوە.

ساڵی دووەم ژمـــارە (١٠) سێشەممە ٢٠٠٩/١٢/١٥



**پـرۆژە یاســـای ڕێکـــــخراوە ناحکومـــــییەکان لە هەرێمی کوردستان**

ل٢و٣



**یاسای خۆپیشاندان لە ڕێ لێگرتنەوە بۆ ڕێکخستن**

...ل ٤

## لەبەر ڕۆشنایی پرۆژەبڕیارێکی پەرلەماندا:

# ئەنجومـــەنی پارێزگاکانی هـــەرێمی کوردســــتان لەســــەرەتای ساڵـــی ٢٠١٠وە شــــەرعیەتیان نامێنێت



کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

فۆتۆ: ڕۆژنامە

ئا: دانا جەمیل

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان تاکاتێکی نادیار دوادەخرێتو ئەگەری ئەوەش هەیە وەک هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی کوردستان پەراوێزبخرێتو جارێکی تر ئەنجام نەدرێتەوە، بەتایبەت دوای پەسەندکردنی یاسای ژمارە چواری ساڵی ٢٠٠٩ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەندکراوەو لەبڕگەی سێهەمی ماددەی ٣١دا هاتووە کە «لەبارێکدا کەنەتوانرا هەڵبژاردن بکرێت، ئەوا ئەنجومەنەکان لەبەڕێوەبردنی کاروبایان بەردەوام دەبن تاکو ئەنجومەنە نوێکان هەڵدەبژێردرێن».

**پاساوی دواخستنی هەڵبژاردن**

هەرچەندە دەبوایە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ ئەنجومەنەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراقدا ئەنجامبدرایە بەڵام بەبیانووی نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی هەرێم ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام نەدراو پەرلەمانی کوردستان ماوەی کاری ئەنجومەنەکانی هەرێمی درێژکردەوە بۆ کۆتایی ئەمساڵ (واتا دەبوایە لەم مانگەدا ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامبدرایە) بەڵام تائێستا هیچ ئامادەکارییەک بۆ ئەو هەڵبژاردنە نەکراوە.


لەم بارەیەوە کاوەی مامە عەبە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی سەبارەت بەئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم ئاماژەی بەوەدا کە « لە یاسای ٧١ی پۆل بریمەر (دەسەڵاتی حاکمی مەدەنی لەعێراق)دا هاتووە کەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت تایبەتمەندێتی بدات بەئەنجومەنی پارێزگاکانی خۆیان» ئەمە پاساوێکی داوەتە دەست دەسەڵاتی سیاسیی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا بۆئەوەی خەمساردبن بەرامبەر بەهەڵنەبژاردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وتی «بەبڕوای من بەشێکی ئەمە بڕوانەبوونە بەدیموکراسی، چونکە دەزانین لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەکرێتو ئەنجومەنەکان پردێکی پەیوەندی گرنگن لەنێوان حکومەتو هاوڵاتیاندا، بەڵام لەبەرئەوەی دەسەڵاتی کوردی بڕوای بەلامەرکەزیەت نییە بۆیە خەمساردن لەبەرامبەر دوبارە هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنەکان.

**هەڵبژاردن ئەنجامنادرێت**

لەساڵی ٢٠٠٠دا هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بۆ ماوەی ٢ ساڵ ئەنجامدرا، بەڵام ئێستا نزیکەی ١٠ ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر ئەو هەڵبژاردنەداو جارێکی تر ئەنجامنەدرایەوە، لەساڵی ٢٠٠٥یشدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەکۆی عێراقدا ئەنجامدرا، بەڵام لەناوەڕاستو باشوری عێراق لە ٢٠٠٩/١/٣١دا ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامدرایەوەو جارێکی تر شەرعییەتیان لەلایەن هاوڵاتیانەوە پێدرایەوە، لەمبارەیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بڕوای وایە کە ئەم هەڵبژاردنە نەکرێتەوەو وەک ئەنجومەنی شارەوانییەکانی لێبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا تارادەیەک گەشبینی خۆی پیشاندا کە ئەو بابەتە گرنگە لە پەرلەماندا بوروژێنرێتو وتی « ئومێدێک هەیە لەپەرلەمانی کوردستاندا جارێکی تر ئەوە بوروژێنرێتەوە، چونکە لەم خولەی ئێستای پەرلەماندا ئۆپۆزسیۆن هەیەو تارادەیەک پەرلەمانێکی ئەکتیڤەو دەتوانن یاسا بخەنەوە بەردەمیانو باسی ئەم هەڵبژاردنە بکرێتو کارییپێبکرێت».



پرۆژە بریاری درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەهەرێمی کوردستان- عیراق

بریاری ژمارە ( )ی ساڵی2009

[illegible]

بەڵام بە بیانووی نەبوونی یاسایەکی تایبەت لە هەرێمدا ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامنەدراو بەپێی پرۆژەبڕیارێکی پەرلەمان کارەکانی تا کۆتایی ئەمساڵ درێژکرایەوە بەڵام تائێستا هیچ ئامادەکارییەک بۆ ئەو هەڵبژاردنە نەکراوە.

**هەڵوێستی ئەنجومەنی پارێزگاکان**

بەپێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم کەسەرۆکی هەرێم واژۆی کردووە ئەنجومەنی پارێزگاکان تاهەڵبژاردنێکی دیکە لەکارەکانی خۆیان بەردەوام دەبن، لەبەرئەوە پێویست ناکات جارێکی دیکە پەرلەمانی کوردستان ماوەی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان درێژ بکاتەوە.

لەئێستادا ئەنجومەنەکان هەڵوێستێکی ڕوونیان نییەو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش ئاماژە بەوە دەکات کە «لەوانەیە هەڵوێستی ئەنجومەنەکان کۆمەڵێک هەڵوێستی جیاجیا بێتو هەڵوێستی شەخسی تێبکەوێت، هەڵوێستی حیزبی تێبکەوێت هەروەها هەڵوێستی ئەنجومەنی تێبکەوێت».

بەڵام کاوەی مامە عەبە هەڵنەبژاردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی بەمراندنی پرۆسەی دیموکراسیو گەشەنەسەندنی پرۆسەی خزمەتگوزاری وەسفکرد لەهەرێمداو وتی « بەراستی هەڵنەبژاردنەوەی ئەنجومەنەکان مراندنی پرۆسەی گەشەپێدانی خەڵکەو مراندنی دیموکراسییە، بڕوانەبوونە بەکاری پێکەوەییو بڕوانەبوونە بەو لایەنانەی کە ناتوانن لە حکومەتدا دەسەڵات بگرنە دەست بۆ نمونە ڕەنگە حزبی سیاسی هەبێت بە ١٠ ساڵی تر نەتوانن سەرۆک وەزیران بگرنە دەست بەڵام دەتوانێت لە ئەنجومەنێکدا سەرۆک یان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنێک بێت، من پێموایە ئەو لامەرکەزیەتەی کە دەمانەوێت دروستی بکەین دەسەڵاتی سیاسی ئەو لامەرکەزیەتەی ناوێت».





## بیرخستنەوەیەک بۆ پرۆژەبریاری درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم

ئارام جەمال*

دوای ئەوەی سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقیان لە٢٠٠٩/١/٣١دا نەکردو وادەی یاساییان تەواوبوو، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پرۆژەبڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی دەرکردو لەخاڵی یەکەمدا هاتووە کە « ئەنجومەنی ئێستای پارێزگاکانی هەرێم بەردەوام دەبن لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان تاکو هەڵبژاردنی داهاتوو بەمەرجێک پێش کۆتایی ئەم ساڵ ٢٠٠٩ بکرێ». بەڵام ئەوا لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٩ نزیکدەبینەوە کەچی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ڕێکخراو لەهەرێمی کوردستاندا هەر دیارنەبوو!

ئێستا تەمەنی ئەو پرۆژەبڕیارە تەنها ١٥ ڕۆژی ماوەو لەو میانەیەدا پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان چارەسەرێکی یاسایی بۆ چارەنووسی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانو هەڵبژاردنیان بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی پەرلەمان لەو بارەیەوە بڕیارێک بدات، ئەگەر نا ئەوا ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لە٢٠١٠/١/١وە شەرعیەتی یاساییو دەستوورییان نامێنێت.

چەند زانیارییەک لەوبارەیەوە:

- ڕۆژی ٦ی نیسانی ٢٠٠٤ پۆڵ بریمەری سەرۆکی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان فەرمانی ژمارە (٧١)ی تایبەت بەدەسەڵاتە حکومییە ناوخۆییەکانی دەرکردو بەپێی بڕگەی هەشتەمی ئەو فەرمانە یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ی پارێزگاکان هەڵپەسێردراو یاساکەی بریمەر جێگەی گرتەوە. هەر بەپێی ئەو یاسایە ڕۆژی ٣٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسەرتاسەری عێراقدا ئەنجامدراو هەرێمی کوردستانیش بۆ یەکەمجار ئەنجومەنی پارێزگاکانی لەهەر سێ پارێزگاکەیدا هەڵبژارد.

- ساڵی ٢٠٠٨ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەکی تایبەتی بەناوی «یاسای پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لەهەرێمدا» دەرکردو ئەنجومەنی سەرۆکایەتیش لەڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١٩ دا ئەو یاسایەی پەسەندکردو مادەی (٥٣)ی ئەو یاسایەش یاسای پارێزگاکانی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩و هەموارکردنەکانی هەڵوەشاندەوە.

- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ژمارە(٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی لەعێراقدا پەسەندکرد کەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی ١٤ پارێزگای عێراقی پێئەنجامدرا جگە لەپارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆکو کەرکوک. ئەم یاسایە کەتایبەتە بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان لەعێراقدا لە ٥١ مادده پێکهاتووەو لەئاستی عێراقدا بەپێشەنگی ئەو یاسایانە دادەنرێت کەچەند میکانیزمەو دەرگایەکی نوێی بەڕووی سیستەمو ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردندا کردۆتەوە.

- یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق لە(٢٠٠٩/٦/١)دا لەڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوەو کەوتۆتە واری جێبەجێکردنەوە.

- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق لە(٢٠٠٩/٧/١٣)دا لەڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوەو کەوتۆتە واری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئەی بۆ هەڵبژاردنی پێنەکراوە؟! چاوەڕێی چی دەکەین؟؟

ماوەتەوە بڵێین با هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەهەمان دەردو ڕێچکەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی ساڵی ٢٠٠٠ی هەرێمدا نەبرێتەوە، کەبۆماوەی ٨ ساڵە شەرعیەتی یاساییو دیموکراسی نەماوە بەبێ ئەوەی هەڵبوەشێنرێنەوەو هیچ بڕیارو یاسایەکیشیان لەبارەوە دەربچێت!

* بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

## هەلی کارکردن لەکۆمپانیای نالیا

کۆمپانیای نالیا پێویستی بە کارمەندێکە بۆ پۆستی بەڕێوەبەری کارگێری بەم مەرجانەی لای خوارەوە:

ـ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەبواری کارگێریدا هەبێت.

ـ خزمەتی لەپێنج ساڵ کەمتر نەبێت و پێشتر لەکۆمپانیا لەو بوارەی خۆیدا کاری کردبێت.

ـ لانی کەم جگە لەزمانی کوردی زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی بزانێت.

تێبینی: پۆستەکە بۆ هەردوو ڕەگەز جیاوازی نییە.

موچەکەی هەزار دۆلار دەبێت.

کۆمپانیای نالیا ـ سلێمانی ـ ناو گوندی ئەڵمانی

٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠ ـ ٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠

## ئاگاداریەک لەپرۆژەی گوندی ئەڵمانی دوو

پرۆژەی (گوندی ئەڵمانی دوو) پێویستی بە ژمارەیەک وەستایە بۆ دانانی خشتی دیوار و تەختەبەستی سەقف.

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بکەن بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠١٥٢٧٧٨٤).

ناونیشان:

سلێمانی ـ گەڕەکی تووی مەلیک ـ پشت گوندی ئەڵمانی یەک



پیرۆزە لە ئاسۆس هەردی..

ستافی ڕۆژنامە بەگەرمی پیرۆزبایی لە نووسەرو ڕۆژنامەنووس (ئاسۆس هەردی) دەکات بەبۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی نێودەوڵەتی (جوبران توینی) بۆ ڕۆژنامەگەری ئازاد.

هیواخوازین ڕۆژنامەگەری ئازاد هەر لە برەودابێت.







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

# ـــییەكان لەهـــــەرێمی كـــوردســـتاندا

مەدەنی پەرلەمان فۆرمە پێشكەشكراوەكان هەڵدەسەنگێنێتو فۆرمە شیاوەكان پێشكەش بەپەرلەمان دەكات.

٥. پەرلەمانی هەرێمی كوردستان بەدەنگدانی زۆرینەی سادە ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی كۆمسیاران دیاریدەكات كەژمارەیان (٩) كەسە.

٦. ماوەی ئەندامێتی (٤) ساڵ دەبێت.

٧. ئەنجومەنی كۆمسیاران لەیەكەم كۆبوونەوەی خۆیدا، سەرۆكو جێگری سەرۆك هەڵدەبژێرێت.

٨. سەرۆكی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی كۆمسیاران پلەی وەزیری هەیەو سەرجەم ئەندامانی تری ئەنجومەنی كۆمسیارانیش پلەی بەڕێوەبەری گشتییان دەبێت.

## بەشی چوارەم
## ڕێوشوێنەكانی تۆماركردنی ڕێكخراو

**ماددەی سێزدەهەم:**

یەكەم/ مەرجی تۆماركردنی ڕێكخراوی (ناوخۆیی، عێراقیو بیانی) پێشكەشكردنی داوانامەیەكە بۆ ئەنجومەنی كۆمسیاران لەلایەن ئەندامانی دامەزرێنەرەوە كەژمارەیان لەپێنج كەس كەمتر نەبێتو لەلایەن هەر پێنجیانەوە ئیمزا كرابێت،

هەروەها دەبێت لەگەڵ داوانامەكەدا پەیرەوی ناوخۆی ڕێكخراوەكە هاوپێچ كرابێت لەگەڵ ئەم زانیاریانەی خوارەوەشدا:

١- ناوی ڕێكخراوەكەو مەبەستو ئامانجەكانی.

٢- ناو، نازناو، ڕەگەزنامە، تەمەن، پیشە، شوێنی نیشتەجێبوون، پلەی خوێندنو لێهاتوویی زانستی ئەندامە دامەزرێنەرەكانی تێدابێت.

٣- پێكهاتەی ڕێكخراوو شێوازەكانی پێكهێنانی دەستەكانو پسپۆرییەكانی هەریەكێكیانو چۆنێتی كاركردنیانو دیاریكردنی مەرجەكانی ئەندامێتی تێدابێت.

دووەم/ پێویستە ئەندامانی دامەزرێنەری ڕێكخراوەكە ئەم مەرجانەیان تێدابێت:

١- خاوەن ئەهلیەی تەواو بن.

٢- خزمی پلە یەكو پلە دوویان تێدا نەبێت.

**ماددەی چواردەهەم:**

١- پێویستە ئەنجومەنی كۆمسیاران لەرۆژی بەدەستگەیشتنی داوانامەكەوە تا (٣٠) ڕۆژ وەڵامی داوانامەكە بداتەوە.

٢- كاتێك خوازیارانی تۆماركردن مەرجەكانی یاساییان بەپێی مادەی شەشەمو سیازدەهەمی ئەم یاسایە تێدا نەبوو، ئەوا ئەنجومەنی كۆمسیاران بۆی هەیە لەماوەی (١٥) ڕۆژدا، لەبەرواری بەدەستگەیشتنی داوانامەكەوە، بیگەڕێنێتەوە بۆ كۆمسیۆنی دامەزرێنەران بەمەبەستی تەواوكردنی كەموكورتییەكانی. بەڵام جارێكی دیكە ماوەی بڕیاردان لەو كاتەوە دەستپێدەكاتەوە كەداوانامەی نوێیان بەدەستدەگاتەوە.

٣- لەحاڵەتی وەڵامنەدانەوەی داوانامەكە، لەگەڵ بەسەرچوونی ئەو ماوەیەی لەبڕگەی(١)ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی بۆكراوە، ڕێكخراوەكە بەتۆماركراو دادەنرێتو دەبێت لەلایەن ئەنجومەنی كۆمسیارانەوە ڕوپەڕێك لەبەڵگەنامەی تۆماركردنی بداتێ.

٤- ئەگەر ئەنجومەنی كۆمسیاران داوانامەی دامەزراندنی ڕەتكردەوە، ئەندامانی دامەزرێنەر مافی ئەوەیان هەیە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لەبەرواری ئاگاداركردنەوەیان لەبڕیارەكە، لەبەردەم دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی كوردستان-عێراقدا تانە لەبڕیاری ڕەتكردنەوەكە بدەنو بڕیاری دادگاش یەكلاكەرەوەیە.

٥- دەبێت هۆكارەكانی ڕەتكردنەوەی داوانامەی دامەزراندنەكە لەلایەن ئەنجومەنی كۆمسیارانەوە دەستنیشانبكرێت.

٦- دوای دەربڕینی ڕەزامەندیی لەسەر داوانامەی تۆماركردن یان بەسەرچوونی ماوە یاساییەكە بەبێ وەڵامدانەوە، پێویستە ئەنجومەنی كۆمسیاران پەیرەوی ناوخۆی ڕێكخراوەكە لەگەڵ بەڵگەنامەی تۆماركردن لەڕۆژنامەیەكی فەرمیدا بڵاوبكاتەوە .

**ماددەی پازدەیەم :**

یەكەم/ پێویستە ڕێكخراو ئەو تۆمارانەی خوارەوەی هەبێتو لەلایەن فەرمانگەی دادنووسەوە هەژمارو پەسەند بكرێن:

١- تۆماری ئەندامان: ناوی ئەندامانی ڕێكخراو، ناونیشان، تەمەن، ڕەگەز، پیشە، لێهاتوویی زانستیو هونەریو مێژووی پەیوەندیكردنیان.

٢- تۆماری بڕیارەكان: كەبڕیارەكانی هەریەك لەدەستەی كارگێریی ڕێكخراوو دەستەی گشتیو ئەو كەسەی تێدابێت كەبەپێی پەیرەوی ناوخۆی ڕێكخراو نوێنەرایەتی دەكات، ئەمەش لەلایەن ئەندامانی دەستەی كارگێری ڕێكخراوەكەوە ئیمزا كرابێت.

٣- تۆماری ژمێریاریی: داهاتو خەرجییەكانی ڕێكخراوی تێدا تۆماردەكرێت.



٤- تۆماری بنەڕەتی: هەموو ئەو شتانەی ڕێكخراوەكە هەیەتی لەكەلوپەلو سامانی گوێزراوەو نەگوێزراوە تێیدا تۆماردەكرێت .

٥- تۆمارەكانی دیكە بەپێی پێداویستییەكانی كاری ڕێكخراوەكەو تایبەتمەندییەكانی.

دووەم/ لقەكانی ڕێكخراویش پابەندن بەجێبەجێكردنی حوكمەكانی بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیەوە.

## بەشی چوارەم
## دارایی ڕێكخراو

**ماددەی شازدەیەم :**

دارایی ڕێكخراو لەمانە پێكدێت :

١- ئەو هاوكاریانەی ئەندامانی ڕێكخراوەكە پێشكەشی دەكەن .

٢- یارمەتیو هاوكارییو دیارییو بەخشین لەلایەن كەسانی سەر بەكەرتی تایبەتو لایەنی دیكەی نیشتمانیو بیانی، كاتێك كەرتی تایبەت هاوكاری ڕێكخراو دەكات بەرێژەی ئەو پشتگیرییەی بۆ ڕێكخراوەكە لەباج دەبەخشرێت.

٣- هەر دەستكەوتێكی تر كەڕێكخراو لەئەنجامی چالاكییەكانیو وەبەرهێنانی سامانی خۆیەوە دەستیدەكەوێت.

٤- بەشی ڕێكخراو لە بڕە پارەی دیاریكراوی ساڵانەی بودجەی هەرێم كە بۆ پڕۆژەگەلی ڕێكخراوە ناحكومییەكان دابینكراوە، یان هەر یارمەتییەكی تری حكومی بۆ پڕۆژە مرۆییەكان.

**ماددەی هەڤدەهەم:**

١- ڕێكخراو خۆی دارایی خۆی بەڕێوەدەبات ئەویش لەڕێگەی بودجەیەكی ساڵانەوە كەبەپێی هەمان ئەو سیستمە ژمێریارییە ڕێكدەخرێتو جێبەجێدەكرێت كەفەرمانگە فەرمییەكانی هەرێم پشتی پێدەبەستن.

٢- حیساباتی ڕێكخراو لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستانی عیراقەوە وردبینی بۆ دەكرێت.

٣- داهاتو دەسكەوتو ماڵو موڵكی ڕێكخراو لەباجو ڕسوماتو گومرگ دەبەخشرێت.

## بەشی پێنجەم
## هەڵوەشاندنەوەی ڕێكخراو

**ماددەی هەژدەهەم :**

دەستەی دامەزرێنەرانی ڕێكخراو یان هاوشێوەكانی بەپێی پەیرەوی ناوخۆ مافی ئەوەی هەیە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆویستی ڕێكخراو بدات بەڵام بەڕەزامەندی سێ لەسەر چواری ئەندامەكانی.

**ماددەی نۆزدەیەم :**

دوابەدوای پاكتاوكردن، پاكتاوكاران بەپێی پەیرەوی ناوخۆ ماڵو موڵكی ڕێكخراو دەبەخشنەوە بەمەرجێك بەسەر خودی ئەندامەكانی خۆیداو لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا دابەش نەكرێت. ئەگەر بڕیاری لەوجۆرە لەپەیرەوی ناوخۆی ڕێكخراوەكەدا نەبوو یان هەبوو بەڵام نەتواندرا بەپێی ئەو بڕیارە دابەش بكرێت لەو كاتەدا ماڵو موڵكی ڕێكخراوەكە دەگوێزرێتەوە بۆ ڕێكخراوێكی تری هاوشێوەی خۆی كەئامانجەكانی نزیك بێت لەئامانجەكانی ڕێكخراوی هەڵوەشاوەوە یاخود دەگوازرێتەوە بۆ دامەزراوەیەكی خێرخوازی دیكە كەئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی ڕێكخراو خۆیان دیاریدەكەن.

**ماددەی بیست:**

١- دەستەی دامەزرێنەر مافی ئەوەی هەیە ئاگاداریی یان وریاكردنەوە لەبارەی سەرپێچییە یاساییەكانەوە ئاراستەی ڕێكخراو بكات.

٢- ڕێكخراو مافی ئەوەی هەیە، بۆ ماوەی (٣٠- سی) ڕۆژ لەبەرواری پێراگەیاندنیەوە، نارەزایی لەسەر بڕیاری دەستەی دامەزرێنەر لەبەردەم دادگای بەرایی تایبەتمەندا بەرزبكاتەوە.

## بەشی شەشەم
## حوكمە گشتییەكان

**ماددەی بیستو یەك:**

ڕێكخراو مافی ئەوەی نیە بەدوای سوودی مادیدا بگەڕێت تەنیا لەچوارچێوەی هێنانەدی ئامانجەكانیدا نەبێت .

**ماددەی بیستو دوو :**

١- هەموو ئەو بڕیارانەی لەلایەن ڕێكخراو یان تۆڕەوە دەردەچن جێگەی تانەلێدانە لەبەردەم دادگای كارگێریی لەماوەی (١٥- پانزە) ڕۆژ لەبەرواری دەرچونیەوە، لەسەر داوای هەركەسێك كە تێیدا بەرژەوەندیدار بێت. دادگا بڕیاری پوچەڵكردنەوەی بڕیارەكە دەدات ئەگەر پێچەوانەی حوكمەكانی یاسا یاخود پەیرەوی ناوخۆی ڕێكخراو بێت .

٢- بڕیاری پوچەڵكردنەوەكە كاریگەری نابێت لەسەر مافی ئەو كەسانەی لەدەرەوەی ڕێكخراودانو نیەتپاكن.

**ماددەی بیستو سێ:**

ڕێكخراوە دەستبەكاربووەكانی ناو هەرێم لەسەریانە لەماوەی (شەش) مانگی دامەزراندنی ئەنجومەنی كۆمسیارانەوە خۆیان لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا بگونجێنن.

**ماددەی بیستو چوار :**

ئەركی ئەنجومەنی كۆمسیارانە ڕێنمایی پێویست دەربكات لەپێناو ئاسان جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایەدا.

**ماددەی بیستو پێنج:**

هیچ دەقێكی پێچەوانە بەم یاسایە كاری پێناكرێت .

**ماددەی بیستو شەش:**

لایەنە پەیوەندیدارەكان جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایەیان لەئەستۆدایە .

**ماددەی بیستو حەوت:**

جێبەجێكردنی ئەم یاسایە لەبەرواری بڵاوكردنەوەیەتی لەرۆژنامەی فەرمیدا.

## هۆیەكانی دەركردنی ئەم یاسایە:

بەوپێیەی ڕێكخراوە ناحكومییەكانی هەرێمی كوردستان كاریگەری زۆریان لەسەر گەشەپێدانی كۆمەڵگەو ژیانی دیموكراسیو مەدەنی هەرێم هەیەو بەهۆی ئەو گەشەسەندنە بەرچاوەی ئێستا ئەم ڕێكخراوانە بەخۆیانەوە بینیوە لەپاڵ ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی لەزۆربەی جومگە هەستیارەكانی ژیانی كۆمەڵگەدا هەیانە، هەروەها بەمەبەستی ڕێكخستنی چوارچێوەی یاسایی ڕێكخراوەكانو كۆتاییهێنان بەقۆناغی دوو یاسایی (بڕیاری ژمارە ٢٩٧ی ساڵی ١٩٩٩و یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠١) بۆ ڕێكخراوەكان كەپێشتر بەهۆی دوو ئیدارەییەوە هاتوونەتە ئاراوەو ڕێكخراوەكانیان بەسەر دوو یاسای جیاوازدا دابەشكردووە، كەهیچكام لەو دوو یاسایە ناتوانێت وەڵامدەرەوە بێت بەئاستی پێشكەوتنو گەشەسەندنی ئێستای كۆمەڵگەی هەرێمی كوردستان. بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستەو هێنانەدی یاسایەكی هاوچەرخو مۆدێرن كە لەگەڵ كلتوری دیموكراسیو مەدەنیدا بگونجێت ئەم یاسایە دانرا.

**ئەو ڕێكخراوانەی ئەم پرۆژەیاسایەیان گەڵاڵەكردووە ئەمانەن:**

- پەیمانگەی كوردی بۆ هەڵبژاردن KIE
- سەنتەری پەرەپێدانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ DHRD
- سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان YADC
- ڕێكخراوی هاریكاریی یاسایی ژنان WOLA
- دەستپێشخەری كۆمەڵی مەدەنی CSI
- ڕێكخراوی وادی ئەڵمانی WADI
- پەیمانگای پەروەردەی كۆمەڵی مەدەنی EICS



# پــڕۆژە یاســـــای ڕێکـــــــخراوە ناحکومـ




**ئەم پرۆژەیاسایە لەکوێوە هاتووە؟**

**ئــەم پرۆژەیاسایە لەسالّی ٢٠٠٦ەوە بــەبــەردەوامــی لــەلایــەن ڕێــکــخــراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستانەوە کاری بۆ کراوە، هەر لە«تۆڕی ماف»ەوە کەهەشتا ڕێکخراوی ناحکومیّ بۆ مــاوەی هەشت مانگ لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم بەشدارییان لەگەلاّلەکردنیدا کــردو لەمانگی ئابی ٢٠٠٦دا پێشکەش بەسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرا، تــادگــاتــە کۆنفرانسی هەرێمایەتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لــە٢٠٠٧/٦/٧ لەهۆتێل خانزادی هەولێرو بەستنی کۆنفرانسی فێدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەلّگەی مەدەنی لە٢٠٠٩/٤/٢٨داو هەولّە جیددییەکانی ڕێکخراوی ICNLو هەندێک لەرێکخراوە ناحکومییەکانی پارێزگای هەولێر هەر هەموویان پاشخانی ئەم پرۆژەیاسایەن، بەلاّم سەرباری ئەمانەش ئەم پرۆژەیاسایە هەولّێکی زۆری تێدا دراوەو زادەی کۆڕو کۆبوونەوەیەکی زۆری حەوت ڕێکخراویّ ناحکومیو چەندین کەسایەتی ئەکادیمیو یاساییو ڕۆشنبیرە کەدواهەمین هەمووارکردنی لــەرۆژی ٢٠٠٩/١١/٥دا بووەو لەبەرواری ٢٠٠٩/١١/١٩دا پێشکەش بەپەرلەمانی هەرێمی کوردستان کرا.**

**ئــەم پرۆژەیاسایە بەپێی پێویست سوودی لەهەندێک برگەو مادەی بریاری ژمارە ٢٩٧و یاسای ژمارە ١٥ی سالّی ٢٠٠١ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە کەخزمەتی بەرەوتی بەرەوپێشچوونی ژیانی ڕێکخراوە ناحکومییەکانو قوولّکردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی کردبێت لەهەرێمی کوردستاندا.**

## بەشی یەکەم
## ناساندنو پێناسەکردنی زاراوەکان

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریانە:

١- هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق .

٢- ڕێکخراو : ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمدا کەدەکەونە بەر حوکمەکانی ئەم یاسایە.

٣- کۆمسیۆن : کۆمسیۆنی سەربەخۆی ڕێــکــخــراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان.

٤- ڕێــکــخــراوە ناحکومییەکان: دامەزراوەیەکی سەربەخۆی خۆبەخشکاری بێلایەنی قازانجنەویستەو کــار بۆ بەدەستهێنانی سـودی گشتی دەکـاتو لەکەسانی سروشتیو مەعنەوی پێکدێتو چالاکی مرۆییو مەدەنیانە ئەنجامدەدەن.

٥- ڕێــکــخــراوە ناوخۆییەکان: ئەو ڕێکخراوانەن بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە تۆمارکراون.

٦- ڕێــکــخــراوە عێراقییەکان: ئەو ڕێکخراوانەن بەپێی هەر یاسایەکی تری عێراقی تۆمارکراونو لەهەرێمی کوردستاندا کارو چالاکییەکانیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەنجامدەدەن.

٧- ڕێــکــخــراوە بیانییەکان: ئەو ڕێکخراوانەن بەپێی یاسای دەولّەتێکی تر تۆمارکراونو لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا کارو چالاکییەکانیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەنجامدەدەن.

٨- ڕێکخراوە نێودەولّەتییەکان: ئەو ڕێگخراوانەن بەپێی پەیماننامە یاخود ڕێکەوتننامەی نێودەولّەتی دامــەزراونو یاسای نێودەولّەتی دان بەکەسایەتی یاساییاندا دەنـێـتو لەسایەی یاسای نێودەولّەتیدا هەر ناوێکی هەبێت کارو چالاکییەکانی لەهەرێمی کوردستاندا بەبێ تۆمارکردن ئەنجامدەدات.

**ماددەی دووەم :**

ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی هەرێمو هەموو ڕێکخراوە عێراقیو بیانیو نێودەولّەتییەکان، کەچالاکییان لەهەرێمدایە، حوکمەکانی ئەم یاسایەیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت.

**ماددەی سێهەم :**

١- ڕێکخراو مافی ئەوەی هەیە لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا لقی هەبێت.

٢- دوو ڕێکخراو یان زیاتر پێکەوە دەتوانن تۆڕێک لەنێوان خۆیاندا دابمەزرێنن، هەروەها دەتوانن تۆر لەگەلّ ڕێکخراوی دیکەی عێراقیو بیانیشدا پێکبهێنن بەمەرجێک چالاکییەکانی ئەو تۆرانە لەناو هەرێمدا لەژێر سێبەری حوکمەکانی ئەم یاسایەدا بێت.

**ماددەی چوارەم :**

ڕێــکــخــراو کــەســایــەتــی مەعنەوی هەیە، مافی ئــەوەی هەیە هەموو کارو چالاکییەک ئەنجامبدات ئەگەر پێچەوانەی ئامانجەکانی خۆی نەبێت، هەروەها مافی مولّکدارێتیو هەبوونی سامانی گوێزراوەو نەگوێزراوەشی هەیە .

**ماددەی پێنجەم :**

کەسێک دەتوانێت لەبەردەم دادگـاو لایەنە فەرمیو نافەرمییەکاندا نوێنەرایەتی ڕێکخراو یان تۆر بکات کەپەیرەوی ناوخۆ ڕێگەی پێدابێت .

## بەشی دووەم
## ئامانج و مافەکان

**ماددەی شەشەم :**

مەرجە ئامانجەکانی ڕێکخراو ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرن :

١- نابێت لــەگــەلّ پرەنسیپەکانی دیموکراسیو بەلّگەنامەو ڕێکەوتننامە نێودەولّەتییەکانی مافی مرۆڤدا ناکۆک بێت .

٢- پێویستە دیارو ئاشکرا بێت .

**ماددەی حەوتەم :**

١- ڕێکخراو مافی چاودێریکردنی پەرلەمانو دەســەلاّتــی جێبەجێکردنو دادوەرییو دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتی هەیە.

٢- ڕێکخراو مافی بەدەستهێنانی زانیاریی هەیە.

٣- ڕێکخراو مافی کۆڕو کۆبوونەوەو خۆپیشاندانو مانگرتنو هەموو چالاکییەکی مەدەنی تری هەیە.

٤- ڕێکخراو مافی بلاّوکردنەوەی راپۆرتو زانیارییو چاپکردنی بلاّوکراوەی هەیە.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە دامودەزگاکانی حکومەت پابەند بن بەپێشکەشکردنی پشتیوانیو ئاسانکاریی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەو مافانەی لەماددە (٧) ی ئـەم یاسایەدا هــاتــوونو دەست لەکاروباری ڕێکخراوەکانیشەوە وەرنەدەن.

## بەشی سێیەم
## کۆمسیۆنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان

**ماددەی نۆیەم:**

١- بەپێی ئەم یاسایە کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ بەناوی (کۆمسیۆنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان) دادەمــەزرێــت. کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەییەو خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەویو سەربەخۆیەو لەژێر سەرپەرشتی پەرلەمانی کوردستاندا دەبـێـتو گرنگیو بایەخ بەڕێکخستنی هەموو ئەو کاروبارانە دەدات کەپەیوەندیان بەپرسی ڕێکخراوەکانەوە هەیە.

٢- ڕێژەیەک لەبودجەی سالاّنەی هەرێم بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانی کۆمسیۆنو پشتگیریکردنی پرۆژەگەلی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دیاریدەکرێت.

**ماددەی دەیەم:**

پەیکەری کۆمسیۆن

پەیکەری کۆمسیۆن لەم دەستانەی خوارەوە پێکهاتووە:

**١/ ئەنجومەنی کۆمسیاران:**

بـالاّتـریـن دەســەلاّتـی کۆمسیۆنەو ئەندامەکانی لەلایەن لیژنەی کۆمەلّی مەدەنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە بەپێی ئەو میکانیزمانە دیاریدەکرێن کە لەماددەی دوازدەهەمی ئەم یاسایەدا هاتووە. ئەم ئەنجومەنە لە نۆ کەس پێکهاتووەو هەریەک لەپارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆک سێ نوێنەریان لەم ئەنجومەنەدا هەیە.

**ئەرکو دەسەلاّتەکانی ئەنجومەن:**

**١. تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان.**

٢. ئامادەکردنی پـلان بۆ پەرلەمان بەمەبەستی دابینکردنی بـودجـە بۆ کـاروچـالاکـی مەدەنیانە کە لەرێگەی ڕێکخراوەکانەوە جێبەجێدەکرێن.

٣. پێدانی پالّپشتیو هاریکاریی ماددیی بـەو پـرۆژانـەی کە لـەلایـەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە پێشکەش دەکرێنو بڕیاردان لەبارەی ئەو پرۆژانەی (پرۆپۆزەلّ) کە گونجاوترن بۆ جێبەجێکردن بەزۆرینەی دەنگی ئەنجومەن دەبێت.

٤. پـلان بۆ دیاریکردنی ئـەو بەشو سێکتەرانەی ڕێکخراوەکان دادەرێژێت کەپرۆژەی تێدا پێشکەش دەکەن.

٥. سـەرۆکو جێگرەکەی بەزۆرینەی سادە هەلّدەبژێرێت.

٦. پێکهێنانی لـیـژنـەی تایبەت بەکۆمسیۆنەکەو دیاریکردنی کارمەندی پسپۆر بۆیان.

٧. کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کاری ڕێکخراوەیی لەهەرێمی کوردستاندا.

٨. لەگەلّ لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانو حکومەتدا کاردەکات لەپێناو نەهێشتنی بەربەست لـەبـەردەم کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا.

٩. گونجاندنو جێکردنەوەی کاروچالاکی ڕێکخراوەکان لەگەلّ ئەو پلانەگشتیانەی کــەوەزارەتو دامــەزراوەکــانــی هەرێم دەیدەنە کۆمسیۆن بەئامانجی پڕکردنەوەو دەولّەمەندکردنی کارەکانیان.

**٢/ سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران:**

ئەلف/ لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی کـۆمـسـیـارانـەوە بـەزۆریـنـەی سـادە هەلّدەبژێردرێتو ئەو جێگرەی کەدەبێت بەپێی ئـەو دەنگانە دیاریدەکرێت کە ڕێکەوراست لە سەرۆک کەمتری هێناوە.

ب/ لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران دەتوانرێت سەرۆک یان جێگرەکەی یان هەر ئەندامێکی تری ناو ئەنجومەنەکە لاببرێت.

ئــەرک و دەســەلاّتــەکــانــی سەرۆکی کۆمسیۆن:

١. نوێنەرایەتی کۆمسیۆن دەکـات لەبەردەم پەرلەمانو دامودەزگا حکومیو ناحکومیو رەسمییەکانو دادگادا.

٢. سەرپەشتی کۆبوونەوەکانی کۆمسیۆن دەکات.

٣. بەرپرسە لەئامادەکردنی پلانو بودجەی پێشکەشکراو بەپەرلەمان.

٤. لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا جێگرەکەی هەمان ئەو ئەرکو دەسەلاّتانەی سەرەوەی هەیە.

**٣/ بەشەکانی کۆمسیۆن:**

کۆمسیۆن لــەم بەشانەی خــوارەوە پێکدێتو لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە سەرپەرشتی دەکرێن:

- بەشی پرۆژەکان
- بەشی پەیوەندییەکان
- بەشی کارگێریی
- بەشی دارایی
- بەشی یاسایی
- بەشی راگەیاندن

**ماددەی یازدەهەم:**

مەرجەکانی ئەندامێتی لەئەنجومەنی کۆمسیاراندا:

١. نابێت تەمەنی لە (٣٠) سالّ کەمتربێت.

٢. ئـەزمـوونـی کـارکـردنـی لـەبـواری ڕێکخراوەییدا لە (٥) سالّ کەمتر نەبێت.

٣. لەو ماوەیەی کەئەندامە لەئەنجومەنی کۆمسیاراندا نابێت کار بۆ هیچ ڕێکخراوێکی مەدەنی بکات.

٤. خـاوەن کەسایەتییەکی باش بێتو پێشتر بەتاوانی گەورەکەتن یان کەتنێکی لەکەدار حوکم نەدرابێت.

**ماددەی دوازدەهەم:**

میکانیزمەی پێکهێنانی ئەنجومەنی کۆمسیاران:

١. پەرلەمان لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەلّی مەدەنی رادەسپێرێت بۆ وەر گرتنی فۆرمی ئەندامێتی لەو کەسانەی ئارەزووی ئەندامێتیان هەیە لەئەنجومەنی کۆمسیاراندا.

٢. وەرگرتنی داوای ئەندامێتی لەرێگەی راگەیاندنەکانەوەو بەبانگەشەی ئاشکرا رادەگەیەنرێت.

٣. هەرکەس ئارەزومەندبێتو مەرجەکانی تێدابێت، داوانامەی بەئەندامبوون پێشکەش بەلیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەلّی مەدەنی پەرلەمان دەکات.

٤. لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەلّی



# یاسای خۆپیشاندان
# لە ڕێ لێگرتنەوە بۆ ڕێکخستن

پارێزەر/ عەبدوڵا مەحمەد ئەمین

ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە وەکو دەزگایەکی یاسادانان کاری جدی بکات بۆ دانانی یاسایەکی تایبەت بەخۆپیشاندان و تەواوی هەڵوێستە مەدەنییەکان

ئەگەر قۆناغەکانی ژیانی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا بـەوردی لـەبـەرچـاو بگرین دەبینین، ئەزمونی دیموکراسی بەرەبەرە گەشەدەکات، رەگەزە پێکهێنەرەکانی دیموکراسی بـەشـێـوازی جـۆراوجـۆر بەیەکدەگەن: بوونی میدیایەکی سـەربـەخـۆ، بـوونـی هـێـزی ئۆپۆزسیۆن، بوونی رێکخراوی مەدەنی سەربەخۆ، دەربرینی نەخێر بـەرامـبـەر دەسـەڵات لەلایەن هاوڵاتیانەوە بەشێوەی جـۆراو جـۆر.. هـتـد ئەمانە دەرکـەوتـەی دیموکراسین، لەلایەکی دیکەوە ئێستا ئاستی هـۆشـیـاری خـەڵـکی گشتیو نوخبە لەبەرەوپێشچوندایە بۆیە بەتەرکیزتر دەروانە کارەکانی کابینەی تازەو ئازایانە بیرورای خـۆیـان لـەسـەر کـارەکـانـی حکومەت دەردەبـرن، هەروەها خەڵکو گروپە مەدەنییەکانو هێزە سیاسییە جیاوازەکان بۆ بەدەستهێنانی مافی گشتی یان مافی گروپێکی دیاریکراو ئامادەگی ئەوەیان هەیە شێوازی جۆراوجۆر بگرنەبەر بۆ دەربرینی نـارەزایـی بەرامبەر کارەکانی حکومەت یان بۆ دروستکردنی فشار بۆ سەر دەسەڵات بۆئەوەی خواستی هاوڵاتیان جێبەجێ بکرێت، بۆیە ئەگەر دەسەڵاتیش دیموکراسیخواز نەبێت بەڵام کۆمەڵگە دیموکراسیخواز بێت ئەوا بەرامبەر هەرکارێک یان بریارێکی خـراپ هەڵوێستی مەدەنیانەی خـۆی بەرامبەر بەدەسەڵات دەبێت ئەمەش یان بە خۆپشاندان یان بە مانگرتن یان، یان... هتد.

لـەژێـر رۆشـنـایـی ئـەم واقیعەو بۆ جێبەجێکردنی ئەو دروشمانەی کەدەسەڵات لەبارەی دیموکراسییەوە بانگەشەی بۆ دەکات پێویستە حکومەت وەک لایەنێکی بەهێز ئەرکی دابینکردنی ئەمنو ئاسایش لەئەستۆ بگرێتو رێگرنەبێت لەبەردەم ئەنجامدانی هەر کاروچالاکییەکی مەدەنیدا بـەڵام مەیدانیش چۆڵنەکاتو بڵێت دەبـێـت خۆپشاندەران خۆیان ئەمنیەتیش بپارێزن « ئەم گوزارشتە لەلایەن دەسەڵاتەوە وەکـو پـاسـاو بـۆ رێلێگرتن لەخۆپشاندان بەکاریدەهێنێت» چونکە پاراستنی ئەمنیەت نەک کـاری حکومەتە بەڵکو ئەرکی سەرەکی حکومەتە.

بۆیە پێویستە یاسایەک لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ رێکخستنی کاروباری خۆپیشاندانو هەموو هەڵوێستێکی مەدەنی دەربچێت، هـاوکـات لـەبـەرچـاوگـرتـنـی سەردەمی ئەمرۆ کەپاراستنی ئەمنو ئاسایش بۆتە بابەتێکی زۆر گرنگو هەستیار بەتایبەت کە ئەمرۆ بەسەردەمی تیرۆرو سـەردەمـی دەسـتـێـوەردانـی دەرەکی دەناسرێتەوە بەتایبەت کەوڵاتانی دراوسێی هەرێمی کـوردسـتـان بـەوە نـاسـراون کەدەستوەردەدەنە کاروباری هەرێمی کـوردسـتـانو هێزە ناوخۆییەکانی کوردستانیش زۆرجـار خۆپیشاندەران بەوە تۆمەتبار دەکـەن کەدەستیان لەپشتە ئەمەش دیسان رستەکانی فەرهەنگی دەسەڵاتی کوردین بۆ ناشیرینکردنی هەڵویستی خۆپیشاندەران.

بەشێوەیەکی گشتی بوونی نارەزاییو دەربرینی بەشێوەیەکی مەدەنی حاڵەتێکی تەندروستو دیـاردەیـەکـی سـروشـتـیـە، لەوڵاتانی دیموکراسیدا ئەم نەریتە گوزارشتی لێوەدەکرێت، ئەمە لەلایەک دەبێتە بەشێک لـەگـەشـەپـێـدانـی هـۆشـیـاری هاوڵاتیان بەرامبەر مافەکانیانو راهـاتـن لەسەر بەرگریکردن لەمافەکانیان بەشێوەیەکی مەدەنیو دور لەتوندوتیژیی، لـەلایـەکـی تـریـشـەوە دەبێتە ئاگادارکردنەوەیەک بۆ دەسەڵات کە پێداچونەوە بەکارەکانیدا بـکـاتو هـەوڵـەکـانـی چـرتـر بکاتەوە بۆ خزمەتی هاوڵاتیانو رۆیشتن بـەرێـگـای راسـتـدا، ئەمەش دەبێتەهۆی زیادبوونی متمانەو ئینتمای هاوڵاتیان بەوڵاتەکەیانو بەفیرۆنەچونی سامانی میللیو نابوت نەبوونی دەزگـای ئیداریيو دەسـەڵاتو دەسـەڵاتـداران لـەهـەرێـمـی کوردستاندا، بەڵام بەپێچەوانەوە نەبوونی نارەزایی یان دەرنەبرینی نـارەزایـیـەکـان بەرێگەیەکی مەدەنیانە چەند بەرەنجامێکی ناتەندروستی لێدەکەوێتەوەو دەربرینی نارەزایی بەرێگەی توندوتیژیو دروستبوونو گەشەکردنی گروپی تیرۆریستیو تێکدەر لەلایەکی دیکەشەوە دەسەڵات بەرەو دیکتاتۆرییەت دەبـاتو خەڵک رادێت لەسەر قبوڵکردنی دیکتاتۆرییەت کـەئـەمـەش پـێـچـەوانـەی پەیامی خەباتی رزگایخوازی گەلەکەمانە کەچەندین ساڵە خەباتی بۆ دەکـەیـنو ئەویش خۆی لەدیموکراسیو ئاشتیدا دەبینێتەوە کەواتە رێلێگرتنی هەڵوێستە مەدەنییەکان لەلایەن خەڵکەوە حاڵەتێکی ناتەندروستە.

**پێویستە حکومەت ئەرکی دابینکردنی ئاسایش لەئەستۆ بگرێتو رێگرنەبێت لەبەردەم ئەنجامدانی هیچ کاروچالاکییەکی مەدەنیدا**

لەئێستادا کەپەیمانگەی کـوردی بـۆ هـەڵـبـژاردن بەبەشداری چەند رێکخراوێکی سەربەخۆی ناحکومی لەسلێمانی پـرۆژەیـاسـای رێکخستنی خۆپیشاندانیان ئامادەکردووە کاردەکەن بۆ پەسەندکردنی ئەم پرۆژەیاسایە لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە، لەدیدی من ئـەم ئامادەسازییە دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێت:

یەکەم: خواستی رێکخراوە ناحکومییەکان بۆ رێکخستنی یـاسـای خـۆپـشـانـدانو هـەر هەڵوێستێکی مەدەنی بۆئەوەیە ئەمجۆرە هەڵوێستانە بەرەنجامی نێگەتیڤیان بۆسەر بواری ئەمنی نەبێت بەڵکو ئاراستەی جوڵاندنی جەماوەر لەچوارچێوەی ئامانجە مەدەنیەکاندا بمێنێتەوە.

دووەم: هـاوکـاریـیو دڵسۆزیی رێکخراوە ناحکومییە سەربەخۆکان بۆ دەسەڵاتی یاسادانان «پەرلەمان» بەئامانجی ئەوەی بیروڕای ئەم رێکخراوانە لەنێو کـاری واقیعیدا وەک بەشێکی گرنگ لەرێکخەرانی ئەم هەڵوێستانە لەشێوەی پەیامێک بگاتە دەسـەڵاتـی یاسادانانو لەکاروباری یاساداناندا سودی لێببینن.

بـۆیـە ئـەرکـی پەرلەمانی کوردستانە وەکو دەزگایەکی یـاسـادانـان کـاری جدی بکات بۆ دانـانـی یاسایەکی تایبەت بـەخـۆپـیـشـانـدانو تـەواوی هەڵوێستە مەدەنییەکان، بۆئەوەی ئەم یاسایە هاندەرێک بێت بۆ فێربوونو گەشەکردنی رەفتاری مەدەنیانەی هاوڵاتیانو گروپە جیاوازەکان لەکاتی نارەزایەتیدا هەروەها بۆ بەئاگاهێنانەوەی حکومەت بەرامبەر بەکارەکانی، لەکاتی دەرچونی ئەم یاسایە پێویستە بـەیـاسـا رێـگـری لـەخـۆپـشـانـدان نـەگـیـرێـت بەڵکو یاسایەکی کـراوە بێتو هاوڵاتیانو گروپە مەدەنییەکان بەئاسانی بتوانن نـارەزایـی دەربڕن بەبێئەوەی هیچ کەسێک بەگێرەشێوێن دابنرێتو بگیرێت، تەنها لەکاتی بـوونـی حاڵەتێکی لادەرانـەدا نەبێت، کە ئەمـەش دەبێت بەپێی یاسا مامەڵە تەنها لەگەڵ خودی کەسـی لادەردا بکرێت نەک هەموو حاڵەتی نارەزایەتییەکە بخرێتە بـازنـەیـەکـەوەو کۆی خۆپیشاندەران تۆمەتباربکرێن.



# فەرهەنگۆک

ئا: سەرکەوت حەمە حسێن

# خوڵو وادەی هەڵبژاردنەکان

(١٠)

لەکاتێکدا کە هەڵبژاردن پرۆسەیەکی سیاسیی دیموکراسیانەیەو لەسەر بنەمای یەکسانیو دابینکردنی فـرسـەتـی وەکـیـەک بـۆ سـەرجـەم بـەشـداربـووانـی پیادەدەکرێت، چ بەشداری کارەکتەرە سیاسییەکان لەپارتو لایـەنو کەسایەتییەکانو پاڵێوراوانیان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکانو چ هاوڵاتیانو دەنگدەرانو دامەزراوەکاني سەرپەرشتياريکردنی هەڵبژاردن. هاوکات پرۆسەی هەڵبژاردن وەک هەر چالاکیو پرۆسەیەکی مرۆیی دیکە چاوەرێ دەکرێت لەوادەیەکی دیاریکراودا روبداتو دووبارەببێتەوە.

لەکۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا، پابەندبوون بەبنەما دیموکراسییەکان لەیەکسانیو فرسەتی وەکیەکو دیاریکراویی کاتو وادەکانی هەڵبژاردن بۆتە یەکێک لەسیما دیارەکانی ژیانی سیاسی.

خولی هەڵبژاردن:

بریتییە لەماوەی کارکردنی هەر دەستەو دامەزراوەیەکی هەڵبژێردراو بەشێوەیەکی شەرعیەتپێدراو، یاخود ماوەی نێوان دوو پرۆسەی هەڵبژاردنی لەدوایەک بۆ هەر دەستەو دامەزراوەیەکی دیاریکراو.

بەوپێیەش کە یەکێک لە پێناسەکانی هەڵبژاردن، بریتیە لە دیاریکردنو رێپێدانی ژمارەیەک کەسی نوێنەر لەچوارچێوەی چەند دامەزراوەیەکی دەستوریو سیاسی دیاریکراو بۆ بەرێوەبردنی وڵاتو فەرمانرەواییکردنی دەوڵەت لەماوەیەکی دیاریکراودا، کەبەپێی دەستورو یاسا دیاریکراوەو شەرعیەتو رێپێدانی کارکردنیان تەنها بۆ ئەو ماوەیەیە کەبەخولی کارکردن دادەنرێت. پێویستیشە لەو ماوە دیاریکراوەدا کاری کەسە نوێنەرو دەزگاو دامـەزراوە هەڵبژێرداوەکە کۆتایی پێبهێنرێتو کار بۆ هەڵبژاردنی کەسانی نوێنەرو دەزگاو دامەزراوەی نوێ بکرێت لەخولێکی نوێی هەڵبژاردندا.

هۆکارەکانی دیاریکردنی ماوەی خولەکانی هەڵبژاردن:

بەپێی پێویستی وڵاتو بەرێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت، لەدەستورو یاسای وڵاتەکەدا دەزگاو دامەزراوەی گونجاو پێکدەهێنرێتو ماوەی کارکردنیان دیاریدەکرێت، کەمو زۆری مـاوەی کارکردنەکەشیان بەپێی گرنگی دەزگاو دامەزراوەکەو ئەو ئەرکانەی پێیدەسپێردرێت دیاریدەکرێت کەئەم ماوەی کارکردنەشیان لە ساڵێک تا پێنج یاخود شەش ساڵ دەبێت، هەروەک دەشێت ماوەی کارکردنی دەزگاو دامەزراوەیەکی دیاریکراو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بگۆردرێت، یاخود ماوەی کارکردنی ئەو دەزگاو دامەزراوەیە هەر لەو وڵاتەدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە بگۆردرێتو ئەم ماوەی کارکردنەیان کەم یاخود زیادبکات.

پێویستی دیاریکردنی وادەی چالاکیو هەنگاوەکانی هەڵبژاردن:

لەبەرئەوەی وادەی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن دیاریکراوەو دەبێت هاوڵاتیان لە کاتێکی دیاریکراودا روبکەنە سندوقەکانی دەنگدانو دەنگی خۆیان بدەن. لەبەرئەوە پێویستە هەنگاوەکانی هەڵبژاردن بەمیکانیزمێکی رێکخراوو لەوادەی دیاریکراودا ئەنجامبدرێن تابتوانرێت سندوقەکانی هەڵبژاردن لەرۆژی دیاریکراودا پێشوازی لەدەنگدەران بکەن.

هەروەها دیاریکردنی وادەو کاتی هەنگاوو پرۆسەکانی هەڵبژاردن، تارادەیەکی باش هاوکاریدەکات لەدابینکردنی یەکسانیو فرسەتی یەکسان بۆ بەشداربووانی هەڵبژاردن، چ یاریزانە سیاسییەکانو پاڵێوراوانو هاوڵاتیانی دەنگدەر، لەوانە هەنگاوو پرۆسەکانی (تۆمارکردنی پاڵێوراوان، پروپاگەندەی هەڵبژاردن، وادەی دەنـگـدان)، چونکە هەریەک لەم هەنگاوو پرۆسانەی هەڵبژاردن، هێزو توانای مرۆییو دارایی پارتو لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن کاریان تێدەکەنو لەگەڵ دیارینەکردنی وادەو ماوەکانیان یاخود درێـژەی زیاد لەپێویستی ماوەی هەریەک لەم هەنگاوانە بەقازانجو سـوودی هەندێک پـارتو لایەن دەشکێتەوەو بەزیانی پارتو لایەنی دیکە کۆتاییدێت، بۆیە دیاریکردنی ماوەی ئەو هەنگاوانە گرنگە بۆ راگرتنی هاوسەنگیەک بۆ بەکارهێنانی توانای پارتو لایەنەکان لەکاتی هەڵبژاردنەکانو دروستکردنی کاریگەری لەسەر دەنگدەرانو بەدەستهێنانی دەنگەکانیانو بردنەوەی هەڵبژاردنەکانو دەستکەوتەکانی.

* ئەندامی دەستەی بەرێوەبردنی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن